YADNAMA
یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٥٠ی تەموز ٢٠٢٣ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.50.July2023

# موچە و تاران و بەغداد

**یادنامە**

ئەوەی لەسەر شاشەکان دەیبینین و ئەوەشی وەک ژمێریاری دەیبینین و ئەوشی وەک هەواڵی گیرفان دەیبستین هیچ نیە جگە لە مکیاجێک زیاتر ، ئەوەی ئەم ڕوداوانە دروست دەکات نە نەبونی پارەی کاشە و نە نەوت و نە سۆمۆ و کۆمۆیە و نە بانکی ناوەندیە و نە بغدادە و نە مالیکی و نە سۆدانی و نە دوو زۆنیش ، ئێمە هەمومان دەزانین حکومەتی هەرێم بەچکەیەکی ناشەرعی پارتی و یەکێتییە واتا حیزب زۆر زۆر گەورەترە لە حکومەت ، ئەوان حکومەت دروست دەکەن لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی بۆ بەڕێوەبردنێکی ڕۆژانەی موچە وخزمەتگوزارییەکانی هەردوو زۆنەکە ، واتا حیزب حکومەت پارەدار دەکات نەک حکومەت بە پێێ یاسای ئەحزاب پارە بدات بە حیزبەکان بە پێی قورسایی کورسی پەرلەمان ، ئەوی دەگوزەرێ لەسەر موچە و هەتا بە نرخی دۆلاریشەوە هیچ پەیوەندی بە بەرزبونەوەی نەوت و لێچونی بازرِی دروا و داهاتی ناوخۆوە نیە ، بەڵکو ئێراق ئێستە بە پلەی یەکەم لە ژێر هەژمونی ئێرانیدایە و ئێران بۆ ئەوەی هێزەکان لەو بازنەیە دەرنەچن بۆی داناون کەیسەکان وەک کارت بەکار دەهێنێت بۆ ڕامکردنی هێزە عێراقییەکان لە سەدرەوە تا بەرزانی ئەم گەمەیان لەگەڵ دەکات ، ئیتر بۆ ئێران گرنگ نیە گیرفانی هاوڵاتی چۆنە ، ئەو موچەیە کە بریار وا بێت بە پێێ ڕێککەوتنی شاندی هەرێم و بەغداد بنێردرێت و نەهات پەیوەندی بە دەستەڵاتی ئێرانەوە هەیە بڕیارەکە لە تارانە و بە نوکی قەڵەمەکەی شەمخانی و قائانییەوەیە ، تا ئەوان بڕیار نەدەن نایە ، ئەزمونی پێشتر هەبوە کە هیچ باسی میزانەی گشتیش نەبوە وەک سولفە پارەکە هاتوە ، بانێکە و دوو هەوا ئەی بۆ ئێستە وەک سولفە نایێرن ، چونکە موچە نە بەدەست ئەم حیزب و حکمەتەی خۆمانە و نە بەدەست ئەوانەی بەغداد بەڵکو لە تارانە و لای شەمخانیە .




پەیماننامەی لۆزان دوای سەد ساڵ نەیتوانی شوناس و ناسنامەی کود بسڕێتەوە ، بە پێچەوانەوە کورد ئەگەر چی دەوڵەتی نیە بەڵام کورد لە کۆنگرەی لۆزانی ئەم ساڵ ٢٠٢٣ سەلماندنی بێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئارامی نابینێت.

**یادنامە**




سوید وەک دۆست، سوید وەک دوژمن ... ل٢
کوردو ڕووداوەکانی ڕوسیا ... ل٣
ئایا کورد قۆناغی میرنشینی تێنەپەڕاندوە ... ل٤
بێستوون فەتاح ...ل٦
حاجی قادری کۆیی ... ل٩
دوا قۆناغی متمانە بە حیزب ... ل١٠
ڕۆژنامەی کوردستان ... ل١١
بۆقە خنجیلە ... ل١٤
گرنگییەکانی خوێندنەوە بۆ منداڵان ... ل١٦
سلێمان شاکر .... ل٢٠
بە بۆنەی سەد ساڵەی پەیمانی لۆزانەوە ... ل٢٢
شەریف پاشای خەندان ... ل٢٥
کورد لە لۆزان سڕایەوە ... ل٢٨
لۆزانی ٢٠٢٣ ... ل٢٩

# سوید وەک دۆست، سوید وەک دوژمن!

## شوان حەمە

تورکەکان زۆر جار وتویانە "لۆبی کوردی لە سوید بەهێزە"

نزیکەی بیستو پێنج ساڵە کورد لەسوید، لەهەموو خولەکانی پەرلەماندا، لەنێوان چوار تا حەوت ئەندامی پەرلەمانی بەرەگەز کوردی هەبووە، لەم خولەی ئێستاشدا پێنج پەرلەمانتاری بەرەگەز کورد هەن.

هەموو ئەو کوردانەی بونەتە ئەندامپەرلەمان، لەلایەن حیزبە سویدییەکانەوە کاندید کراون، بە واتایەکیتر، پەرلەمانتارە کوردەکان، لەبازنەی بڕیاردانی حیزبە سویدییەکانەوە نزیکن و دەتوانن کاریگەری لەسەر هەندێک بڕیار و پێداچوونەوە دابنێن. ڕەنگە یەکێک لە دیارترین پەرلەمانتار، خاتو ئامینە کاکە باوە بێت، کە لە خولی پێشوی پەرلەمانی سویددا، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێرا، تا ئەو ئاستەی تورکیا ناوی خاتو ئامینەی خستوەتە ناو ئەو لیستەی، داوای ڕادەستکردنیان دەکات.

لە ناو کورددا زۆرجار ئەم دێرە دەوترێتەوە "سوید دۆستی کوردە"! ئایا بە ڕاست سوید دۆستی کوردە؟

ساڵی 2012 پەرلەمانی سوید تاوانەکانی ئەنفالی بە جینۆساید ناساند، بەڵام ئەم ناساندنە هەنگاوی تری بە دواوە نەهات، بۆ نمونە کارکردن بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەی تاوانەکان و دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بە ئەنفال و تاد.

سوید تاکە وڵات نییە دانی بە جینۆسایدی کورداندا نابێت، بەڵکو زۆربەی لەپەرلەمانەکانی وڵاتانی سکەندناڤی و ئەوروپی، تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفالیان وەک کۆمەڵکوژی ناساندوە. دوای ڕووداوەکانی داعش و دەرکەوتنی شەرڤانانی ڕۆژئاوای کوردستان و هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا، سویدییەکان بڕیاریان دا، چیتر چەک بە تورکیا نەفرۆشن. بەڵام لە چەند مانگی ڕابردوودا، سوید نەک ئامادەی دەستپێکردنەوەی هەناردەی چەک بۆ تورکیا بوو، بەڵکو بە ئامانجی لێدان لە کورد، لەسەر داوای تورکیا، یاسای تایبەت بە تیرۆری هەموار کردەوە، هەمانکات هەموو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان پچڕی.

دەمەوێت بڵێم، ئەوە سوید نییە دۆستایەتی کوردی کردووە، بەڵکو ئەوە کوردانی سویدن، بەشداری چالاکانە و تێکەڵبونیان لەگەڵ کۆمەڵگای سویدی هەیە. لەگەڵ ئەم ڕاستییەشدا، سویدییەکان بە فشاری تورکیا، شەقێکیان لە ڕۆڵ و بەشداری دیموکراسییانە و کاریگەری ڕەوەندی کوردی لە سوید دا و کەم و زۆر حسابیان بۆ کورد نەکرد.

ساڵی 1986 ستیگ ئینگستروم، لەیەکێک لەشەقامەکانی ستۆکهۆڵم، سەرۆکوەزیرانی پێشوتری سوید، ئۆلۆف پالمێی تیرۆرکرد. سویدییەکان تیرۆرکردنی سەرۆکوەزیرانەکەی خۆیان هێندە خراپ بەکار هێنا، لەگەمەیەکی هەواڵگری نێودەوڵەتیدا، تۆمەتی تیرۆرکردنی پالمێیان خستە پاڵ کورد. ڕاستە ئەو کات پەکەکە هەندێک ڕەفتاری سەرەڕۆیانە لەناوخۆی سویددا هەبوو، بەڵام هەموان دەیانزانی کە تیرۆری پالمێ پەیوەندی بەکوردەوە نییە.

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سێ دەیە بەسەر تیرۆرکردنی پالمێ، دەزگا ئەمنییەکانی سوید، بە فەرمی ئاشکرایان کرد، کە بکوژی پالمێ ستیگ ئینگسترۆمە، کە ساڵی 2000 کۆچی دوایی کردووە.

ساڵی 2002 کچە کوردی باکووری، فادیمە شاهیندال لە شاری ئۆپسالا لە سوید، لەلایەن باوکیەوە کوژرا.

بەڵێ کوشتنی فادیمە تاوان و شەرمێکی گەورەیە، ئاماژەی دەمارگیری و خێزانەکەی بوو، بەڵام ئەوەی بەسەر هەمواندا تێپەری و کەس هەستی پێنەکرد، ناوهێنان و ئاشکراکردنی شوناسی ئیتنیکی خێزانی فادیمە بوو، کە لە میدیاکانی جیهاندا بە تایتلی "لە سوید باوکێکی کورد کچەکەی خۆی دەکوژێت" بڵاو بووەوە!

تائێستا لەسوید، ساڵانە پازدە تا بیست کچ و ژن دەکوژرێت. قوربانیەکان عەرەب و تورک و ئەفریقی و سویدیشیان تێدایە، بەڵام پۆلیس و میدیای سویدی، هەرگیز شوناسی ئیتنیکی قوربانییەکان ئاشکرا ناکەن، بۆ نمونە دەڵێن قوربانییەکە خەڵکی تورکیایە، یان خەڵکی سوریایە، بەڵام هەرگیز ناڵێن قوربانییەکە تورکە یان عەرەبە! بەڵام لە حاڵی فادیمەدا، کوردبونی قوربانییەکە کرا بە بەشێک لە تایتلی تاوانەکە!

وەک ڕازێکی کوردانە، بە پێویستی دەزانم لەم نوسینەدا ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگ و مێژوویی داهێنەری گەورەی سویدی ئالفرێد نۆبێل بکەم، کە دوای مەرگی خۆی چەندین خەڵاتی بۆ بوارە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤایەتی و ئاشتی جیهانیی تەرخان کرد، بەڵام گەلۆ، لە داهێنانەکەی ئالفرید نۆبلیشدا، بەشی کورد، تەقاندنەوەی ماڵ و گوندی کوردان بوو، بەو دینامیتەی ئالفرێد نۆبڵی سویدی دایهێنا.

ئەم وتارە دەربڕی بۆچونی نووسەر خۆیەتی


**لە شارپرێس وەرگیراوە**



# گڵۆپی کەفیی

## شیعری .... سەردارقادر

ئەها گڵۆپی کەفیی
لەگەڵ با کەوتە سەما
کلو کلو وەک بەفر
وادەبارێ بەسەرما
پێی دەڵێم خێرا مەڕۆ
دەی وەرە بۆناودەستم
وەك خاڵخاڵۆكەی هاوڕێم
خۆشی بدە بە هەستم
هەمووجار دوای دەكەوم
تاون دەبێ لەبەرچاو
واپۆلێکی تردەرکەوت
دەبریسکێتەوە وەك ئاو
وەکو گوڵە ئەستێرە
دەدرەوشێتەوە بێدەنگ
بەجارێ داگیرساوە
وەك پرشنگی ڕەنگاوڕەنگ
تێرنابم لەدیمەنی
کاتێ دێتە بەرهەتاو
تۆتەماشاکە هاوڕێ
ڕوناکی دەدا بەچاو!
8/7/2023
سلێمانی



# کوردو ڕووداوەکانی ڕوسیا

د. کامەران مەنتك

2023\6\24

ئەو یاخیبوونە سەربازییە، یاخود ئەو هەوڵە ڕزگاریخوازییەی، یاخود هەر ناوێکی تری لێبنرێت، یەکێکە لەو شتە چاوەڕوان کراوانەی لە ڕوسیادا ڕوودەدات، ئەگەر ئەو هەوڵە سەرکەوتن بەدەست بێنێت، یاخود بەلایەنی کەم درێژە بکێشێت، کۆی هاوسەنگی هێزی جیهانی دەگۆڕێت ودۆخەکە بەشێوەیەك لەشێوەکان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغێکی نزیك لەوقۆناغەی دوای بەکۆتاهاتنی شەری سارد هاتە ئارا، واتە ئەو هاوسەنگییەی، کە ڕووسەکان لە ساڵی 2000 ەوە هەوڵی بۆ دەدەن بۆ تێکشکاندنی سیستەمی تاکجەمسەری وفۆرمۆلەکردنی سیستەمێکی جیهانی نوێ، کە پێگەیەکی گەورەتر لەسەر شانۆی جیهانی بەوان ببەخشێت، هەرەس دێنێت و تاکجەمسەری ئەمریکا پشوویەکی وەبەردێتەوە وتا ڕادەیەکی زۆر نوێ دەبێتەوە.

ئەو گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکیە گەورەترین گۆڕانکاری جیۆپۆلەتیکی ئەرێنییە، کە لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ئێراق، بە پلەی یەکەم لەبەرژەوەندی کورددا بێت و ڕێگە لەوە دەگرێت، کوردستان جارێکی تر ببێتەوە ناوچەیەکی تامپۆنی وبخنکێنرێتەوە، وەك ئەوەی بینیمان!.

چەند ساڵێك بەرلە ئێستا جیۆپۆلێکستی ڕوسی، ئەلیکاندەر دوگین، پێشبینی کۆمەڵێك سیناریۆی کرد بۆ لێدان لە هەوڵەکانی ڕوسیا بۆ سەرکەوتنی پرۆژەی ئۆراسیا، یەکێك لەو سیناریۆیانە هەوڵی تیرۆرکردنی پوتینی سەرۆکی ڕوسیایە، ئێستا یەکێك لە ئاراستەکانی ڕووداوەکان خەریکە بەو ئاقارەدا دەشکێتەوە، بەتایبەتیش ئەگەر هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوە سەربازیانە، خۆپیشاندان ئەو وڵاتە بگرێتەوە، لەبەرئەوەی نابێت ئەوە لە یاد بکەین، کە بەشێکی زۆری گەلی ڕوسیا لە شەڕی ئۆکرانیا نارازییەو لەژێر کاریگەری شەرە ڕۆشنبیرییەکان و سۆفت پاوەری ئەمریکادایە، بۆیە یەکێك لەئەگەرە بەهێزەکان ئەوەیە، کە لە ئایندەیەکی نزیکدا بە پاڵپشتی ڕۆژئاوا، خۆپیشاندا دەست لە ناوەخۆی ئەو وڵاتەدا دەستپێبکات، ئەو کاتە دۆخەکە لەسەر ئاستی جیهانیدا زۆر ترسناکتر دەبێت.

بەتایبەتیش ئەگەر ئەوەمان زانی، خەریکە ئۆکرانیا، ئەو دۆخە دەقۆزێتەوە وهەوڵدەدات ئەو ناوچانە بگەڕێنێتەوە، کە ڕوسیا داگیری کردوون، ئەم هەوڵە لەڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە مەترسییەکی گەورەی هەیەو جارێکی تر دەروازەی ئەوروپا بەڕووی ڕوسیا دادەخات وتا ڕادەیەکی زۆر تواناکانی لە قاڵب دەداتەوەو ڕێگەی بوون بە ئیمپراتۆریایەکی ئۆراسی لێدەگرێت؟

ئەو ڕووداوە نوێیانەی ڕوسیا، بە تایبەتی ئەگەر هات ودرێژە بکێشێت، مەترسییەکی ئێجگار گەورەی لەسەر سیاسەتی جیهانی دەبێت و دژەبەرەکانی ئەمریکا هەروا دەستەوەستان دانانیشن وپەرچەکرداریان دەبێت، لەبەرئەوەی ئەو گۆڕانکارییانە گۆڕانکاری جیهانین و بەگوێرەی ئەوان دەرهاویشتەی نەرێنی لیدەکەوێتەوە، بۆ نمونە ئەوەی بەر لەهەموو لایەك هاتە دەنگ وپاڵپشتی خۆی بۆ پوتین ڕاگەیاند، ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیایە، لەبەرئەوەی ئەوان لەو گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییە تێدەگەن ودەزانن ئەو دۆخە نوێیەی لەبەرژەوەندی کوردە بەشێوەیەکی گشتی، بێگومان چین وئەو وڵاتانەی تریش، کە بەرژەوەندییەکانیان لە میحوەری ڕوسی دەخولێتەوە، هەروابێدەنگ نابن، لەبەرئەوەی ئەو ژانەی ورچی ڕوسی لەئێستادا گرتوویەتی، چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت، شتی گەورەو مەترسیداری لێببێتە بەرهەم. کە بۆ کورد دەرەفتێکی تری نوێ دینێتە پێش وکورد دەبێت بەباشی لەو دەرفەتە تێبگات بیقۆزێتەوە.



# پرسیاری مناڵەکانتان بەهەند وەر بگرن

ئاســۆ ئیبراهیم
مامۆستا و هونەرمەند

جیهانی مندالٚ ، ئەو جیهانە فراوانەیە کە بەردەوام بە دوای وەڵامی شتە نهێنییەکاندا دەگەڕێت و بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی وەڵامی ڕاست و دروستدا دەگەڕێن تاکو تینوویەتی حەزی پێزانینی بشکێنن

مندالٚ بە سروشتی خۆی بەردەوام حەزی لە پرسیار کردنە و پرسیار بە دوای پرسیاردا دەهێنن و ئاراستەی کەسانی دەوروبەرییان دەکەن

جا منداڵەکانمان زۆر جار پرسیار گەلێک دەوروژێنن کە لە ئاست تەمەن و ژیری خۆیان گەورەترن و خولیای ئەو گەیشتنە بە وەڵامێکی دروست

بەڵام مەخابن زۆر جار دایکان و باوکان و گەورەکانی ئێمە هەر زوو بێزاری خۆیان لەپرسیار کردنی منداڵەکانیان دەردەبڕن تا دەگەنە ئاستی هەڵچوون و پیا هەڵشاخان و شکاندنی کەسایەتییان بێئاگا لەوەی کە خۆشیان سەردەمانێک مندالٚ بوون بە پرسیار گەلێکدا گوزەرییان کردووە

زانایان دەلێن هەر منداڵێک پرسیاری زۆر هەبوو داهاتوویەکی ڕۆشنی تێدا دەبینرێتەوە

بۆیە با هەر کات منداڵەکانمان پرسیارییان کرد زۆر بەجوانی و بەهێمنی وەڵامێکی ڕاست و دروستیان بدەینەوە گەرچی پرسیارەکانیان چەند بارەش بوون

وەڵام نەدانەوە و تورە بوون و بێزاری دەربڕین لە پرسیاری ئەوان ، کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر دەروون و کەسایەتیان

ئنجا بۆ ئەوەی نەوەیەکی جوان و باوەڕ بەخۆبوو و لێوان لێو لە زانیاری بەرهەم بهێنین

با پرسیاری مناڵەکانمان بە هەند وەربگرین هەروەها وەڵامێکی بێ پێچ و پەنا و ڕاستگۆیانەیان بدەینەوە.



# ئایا کورد قۆناغی میرنشینی تێنەپەڕاندوە!

## کەمال رەئوف

لە مێژوودا گەلێك هەلومەرجی گونجاو بۆ کورد هاتۆتە پێشەوە و بواری ئەوەی رەخساندوە کە بوونی نەتەوەیی خۆی لەناو نەتەوەکانی تری ناوچەکەو لەسەر ئاستی جیهانیش بسەپێنێت، بەڵام بەهۆی لاوازی گوتاری نەتەوەیی و نیشتمانی و پەرتەوازەیی و رازی بوون بە ژیانی میرنشینی، نەتوانراوە وەك پێویست سود لەو هەلومەجانە ببینرێت، بۆیە سەرەنجام بەدرێژای زیاتر لە 500 ساڵ کورد لەسەر خاکی خۆی وەك نەتەوەیەکی بندەستی بەکارهاتوو ماوەتەوە.

کاتێك سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانییەکان لە 4/25/ 1512 دەسەڵاتی گرتە دەست، پێویستی بە کورد بوو بۆ بەشدارپێکردن لەشەری سەفەوییەکان، دوای پێدانی بەڵین دواتر سەرجەم میرنشینەکانی کورد کەوتنە تەڵەی مەلا ئیدریسی بەدلیسی و رێککەوتنێکیان وەك میرنشینانی کورد لەگەڵ سوڵتان سەلیم مۆرکرد، ئەوەی جێگای تێڕامانە رێککەوتنی میرنشینەکان لەگەڵ سوڵتان سەلیم بۆ پرسی کورد وەك نەتەوە نەبوە، بەڵکو بۆ فەراهەمهێنان و درێژکردنەوەی دەسەڵاتی خودی میرنشینەکان بووە و ئامادەنەبوون وەك نوێنەری کورد خاوەنداریێتی لە پرسی نەتەوەو نیشتمانی کوردستان بکەن، هەربۆیە ئەو چەند خاڵەی لەنێوانیاندا رێککەوتنی لەسەر دەکەن، "هەرچەندە دواتریش جێبەجێنەکراون" زیاتر پێداگری بوە لەسەر بەردەوامی حوکمرانی پەرشوبڵاوی فەرمانرەوایەتی میرنشینەکان و رازیکردنی سوڵتان بەوەی دەسەڵاتی میرنشینیان لەباوکەوە بگوێزرێتەوە بۆ کورەکانیان، لەبەرامبەر ئەوەشدا بەڵێنیانداوە باج و خەراج بدەنە سوڵتان و بەشداری هەموو ئەو جەنگانە بکەن کە رووبەرووی عوسمانیەکان دەبێتەوە.

لەدوای چەندین گێمی شەری نێوان عوسمانیەکان و سەفەوییەکان، بەتایبەتی دوای جەنگی چاڵدێران لە سەدەی پازدەی زایینییدا 1514/8/23 بەشی زۆرینەی خاکی کوردستان دەکەونە ژێر هەژموونی دەسەڵاتی عوسمانییەکان، جەنگێکی خوێناوی؛ کورد تەنها سوتەمەنی و زەرەرمەندی یەکەمی جەنگەکەبوو، چونکە جگە لەوەی شەرەکە لەسەر خاکەکەی بوو لەهەردوو بەرەی شەریشدا کورد لەریزی پێشەوە بوون، دواتریش هەرکاتێك ئاگری شەری نێوانیان رووی لەخامۆشی دەکرد و رێککەوتن دەهاتە ئاراوە، عوسمانیەکان بەپێچەوانەی رێککەوتنەکانەوە دەکەونە گیانی کوردەکان و سەرکوتیان دەکردن، سەفەویەکانیش لەتۆڵەی ئەوەی کورد پێشرەوی شەری عوسمانیەکانیان کردوە، دەستی تۆڵەیان لەسەر کورد نەدەپاراست.

### رێککەوتنی سیڤەر و لۆزان

پاش رووخاندنی عوسمانییەکان بەشێك لەسنورەکان وەك خۆی دەمێنێتەوە، دەوڵەتە براوەکانی شەڕ سەرەتا بیر لەوە دەکەنەوە دەوڵەتێك بۆ کورد دروست بکەن، بەڵام بەهۆی گوشارەکانی عوسمانیەکان، و نا ئامادەیی کورد خۆیەوەو هێڵی خیانەتەوە لەم تێروانیەنەیان پاشگەزدەبنەوە، و رێککەوتننامەی سیڤەر وەلا دەنێن و رێککەوتنی لۆزان دەهێننە پیشەوە.

رێککەوتننامەی سیڤەر لە ناوەراستی 1920 مۆرکرا، کورد بەهۆی ئەوەی گوتاری یەکگرتوی نەتەوەیی نەبوو نەیتوانی بەباشی خاوەنداریێتی لەرێککەوتنەکە بکات. بەپێچەوانەوە عوسمانیەکان بەهەموو توانایانەوە لەسەر ئاستی سوڵتان و دەسەڵاتدارەکانی کەوتنە دژایەتی کردنی.

لەئەنجامدا هەرچەندە پێشتر باس لەراپرسی و دیارییکردنی چارەنووسی کوردەکان لەمادەکانی 62 و 64 کرابوو، کەچی دواتر لەهەموو ئەوانە پاشگەزدەبنەوە بۆ ئەوەش پەیماننامەی لۆزان ئیمزادەکرێت.

خاڵی سەرکەوتنی تورکەکان لەم گۆرانکاریانەدا لاوازی و یەکنەگرتوویی گوتاری کورد بووە، بەپێچەوانەوە بەشێك لەسەرۆك هۆزەکان وەك نوێنەری کورد پاڵدەدەنە پاڵ تورکیاو بۆ دەستکەوتی بچووك دەبنە شایەتحاڵ و سەردانی فەرەنسا دەکەن تا بڵێن کە ئەوان سەربەخۆییان ناوێت و بەئەسڵ تورکن و دەیانەوە لەناو سنوری تورکیا بمێننەوە.

پەیماننامەی لۆزان کە لە 7/24/ 1923 ئیمزا کرا؛ کرایە جێگرەوەی پەیماننامەی سیڤەر، بەمەش خاکی کوردستان بەگوێرەی بەرژەوەندی هاوپەیمانان لەرێگەی ئەو رێککەوتنی لۆزانەوە دابەشکرا.

### دەرس و پەندەکانی رابردوو

ئەم گێرانەوە مێژووییە دەتوانێت هاوکاریمان بکات بۆ سەلماندنی راستییەکی تاڵ راستیەك؛ کە پێمان دەڵێت کورد بەردەوام لەدەوامەی پەرتەوازەیی قوتاری نەبووە، هەر بۆیە سەرباری ئەو هەموو هەوڵ وتێکۆشانانەی لەچەندین پرۆژەی سیاسی جیاوازدا هەیبووە و کەسانی هۆشیارو خاوەن هەڵویست ئامادەی قوربانیدان بوون لەپێناویدا، بەڵام لەلایەکی ترەوە بەردەوام پرسی کورد لەرێگەی میرو سەرۆك هۆزەکانیانەوە بۆ بەرژەوەندی و باڵادەستی نەتەوەکانی تر بەکارهێنراون، کورد بەردەوام لەدۆخی جەنگدا بووە بەڵام جەنگێك کە جەنگی خۆیان نەبووە، بەردەوام بەهۆی دابەشبونیانەوە،



لەناکۆکیدا ژیاون و سەفەوی و عوسمانیەکانیش جگە لەوەی بەکاریان هێناون توانیویشیانە ناکۆکی لەنێوان میرنشین و هۆزەکاندا دروست بکەن و ئاگری شەری نێوانیان خۆش بکەن، هەربۆیە دوای جەنگی جیهانیی یەکەمیش، جووڵانەوەی کورد هەر بە دابەشکراوی و پەرت بوون ماوەتەوە لە نێوان بەرەی سەر بە عوسمانی و بەرەی نەتەوەیی جوداخوازدا، بۆنمونە ١٩٠٨، بابان زادە ئیسماعیل حەققی، کە ئەندام پەرلەمانێکی عوسمانی و کەسایەتیەکی دیاری کورد بووە، دەڵیت: ناسنامەی کورد پێش هەموو شتێک ئیسلامییە و دوای ئەوە عوسمانییە و دواتر کوردییە، هەر لەبەر ئەو هۆکارانەیە کە بەشێك لە لێکۆڵەران و چاودێران لایان وایە دابەشبوونی ناوخۆیی و بزووتنەوەکانی هۆکاری سەرەکی بوون لە شکستەکان و رێگری سەرەکی بوون تا کورد بەمەرام و ئامانجەکانی نەگات.

کورد مێژوویەکی دورو درێژی خۆێناوی هەیە، بەڵام بەراورد بەو مێژووە رەنگە کەمترین سودی لەدەرس و پەندەکانی وەرگرتبێت، بەراوردکردنی رابردوو بەئێستامان، ئەو راستیەمان بۆ دەخاتە روو، کە ئاخۆ لەئێستا چی گۆردراوە، هێزە نوێیەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم کە بەسەردەمی باڵاکردنی ناسیوێنالیزمی کوردی دەناسرێت تاچەندە سودیان لە ئەزموونەکانی رابردوو بینیوە!.

رەنگە زیادە رۆیی نەبێت گەر بوترێت لەفۆرمێکی تردا خواستی میرنشینی و دابەشکاری و نەبوونی گوتاری هاوبەشی نیشتمانسازی، هەمان سیناریۆی رابردووی، هەمان ئەقڵیتی میرنشینی و دابەشکاری لە بەرگ و فۆرمێکی تردا بونێکی بەهێزی هەیە لەئێستاشماندا، بەرەی ئێران و تورکیا باقییە، حزب لەبری میرنشین، ناکۆکی، دەستێوەردان، شەری خۆبەخۆو خیانەت و تەخوین، ملکەچی و گوێرایەڵی، بەبنەماڵەکردن، بەشیکی زاڵن لەشانۆی سیاسەتی ئەمرۆمان.

کورد بەتایبەت لەباشور، توانیویەتی جلوبەرگ و شێوازی ژیانی بگۆرێت، بەڵام نەیتوانیوە شێوازی بیرکردنەوەی بگۆرێت، چەقبەستنی دیدی قۆناغی میرنشینی و تارادەیك فیوداڵیستی تا ئەمرۆ درێژەی هەیە و مەودایی دنیابینینی لە ناوچەو شار تێپەرناکەن، ئەوکاتە میرنشینەکانی کورد دابەش بوون بەسەر میرنشینی هەولێر، شارەزوور، ئامەد، کەرکووك و بادینان و چەند شوێنێکی تر، گەر بەوردی لەو دابەشکارییە بروانیت ئاسەواری ئەو دابەشکارییە بەزەقی دەبینرێت، هەربۆیە لەرابردوودا میرنشینەکان هەندێکیان هێزی گەورەی شەرکەریان هەبووە جەنگاوەری ئازاو بەشی شەری خۆپارێزیش چەك و هاوکاریان هەبووە، بۆ نمونە مەلا ئیدریسی بەدلیسی بەتەنیا پتر لە 25 هەزار چەکداری رێکخراوی هەبووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی دیدی خێلەکی و هۆزگەرایی و ئاینی بەسەریاندا زاڵ بووە ودابەش بوون، نەیانویستوە کەهێزەکانیان پێکەوە لەسوپایەکی یەکگرتودا کۆبکەنەوە، یان لەبەر ئەوەی خەمی ئەوان خەمی دەسەڵاتی خود و خێزانیان بووە، پرسە نیشتمانی نەتەوەییەکانیان فەرامۆش کردوەو هەریەکە بۆخۆی ویستویەتی لەسێبەری سوڵتانێکدا بچووکی خۆی بنوێنیت تا گەورەیی باڵادەستی بەسەر خەڵکەکەی خۆیدا دەستبکەوێت

ئەم وتارە دەربڕی بۆچونی نووسەر خۆیەتی

شارپرێس

# پەروەردە، پرۆسەی بێبەشکردنی بەشێک لەمامۆستایان

## ڕەووف محەمەد ئالانی

لەناوپرۆسەی پەروەردەوبەشەکانیدا، چەند ساڵێکە هەست بە ستەملێکردن دەکرێت لە بەشێکی گرنگی توێژی مامۆستایان، هەرپرسێک وشێوازێک بێتە ئاراوە بەمەبەستی گۆڕانکاری ودیاریکردنی ئاست وپلەوپۆستە پەروەردەییەکان، ئەم جیاکاری وبێبەشکردنەهەستی پێدەکرێت وگەیشتۆتە کۆنگرەوبڕیارە پەروەردەییەکانیش.

هەندێکجار بڕیار دەرکردن وڕاسپاردە ئاراستەکردن، ئەگەربەووردی وخەمخۆری وبەدواداچوون وشەنوکەوکردن نەبێت، پێچەوانە دەبێتەوەوزیانی زۆرتردەبێت لە سوود.

ماوەی چەند ساڵێکە پرۆسەی پەروەردە بەگشتی خەریکی بێبەشکردن وپەراوێزخستنی بەشێکی زۆری مامۆستایانی خۆیەتی، لەم ماوەیەدا چەند مامۆستایەک پەیوەندیان پێوەکردوم وسکاڵای خۆیان لەلا باسکردم، منیش بەڵێنم پێدان کە ئەم گرفتە لەوتارێکدا بخەمەڕوو، تا وەزارەتی پەروەردە وئەنجومەنی وەزارەت چاوێک بەم زوڵمەدا بخشێننەوەوچارەسەری بکەن، چونکە بەچارەسەرنەکردنی گرفتەکە گەورەدەبێت ودەبێتە لایەنی شکست ودواکەوتن وڕۆچوون بەناوغەدرێکی پەروەردەیی کە کاردانەوەی دەروونی وکۆمەڵایەتی وزانستی لێدەکەوێتەوە.

هەرکاتێک نادادی خۆی بخزێنێتە ناوهەرکاروپڕۆژەیەکەوە، وەک کرم چۆن لە درەختێک دەدات وکرمۆڵی دەکات ودرەختەکەش تەمەنی کورت دەبێت، کاتێ بەوماوە کورتە وێرانەیەک دروست دەکات، بەڵام بەپێچەوانەوە، دادپەروەری وڕاستی تەمەنی پرۆسەکە درێژ دەکەن، بۆئەم مەبستە خەلیفەی موسوڵمامان (عەلی کوڕی ئەبی تالیب) وتویەتی:( دۆخی نادادپەروەری ساتێکە، بەڵام دۆخی حەقیقەت وڕاستی تا ڕۆژی دواییە).

دێمە سەروتنی ڕاستی ئەوبێبەشکردنەی بەرامبەرمامۆستایان دەکرێت و کراوە، لەبڕیاروڕاسپاردەپەروەردەییەکاندا، ئاماژە بەمەرجەکانی وەرگرتن وبەشداریکردن لەوبەشوپۆست وپلانەدا دەکرێت، زۆربەیان ئاماژەبەبوونی بڕوانامەدەدرێت کە پێویستە بەکالوریوس بێت، بەبروای من غەدرەکە لێرەوە دەست پێدەکات،چونکە ئەومامۆستایانەی هەڵگری بڕوانامەی (بەکالوریوس)ن زۆرکەمترن لەئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی (دبلۆم)ن، بەپێی یاساودیسپلینی پەروەردەیی وبەشەکان لەباخچەی ساوایان تاقۆناغی پێش زانکۆبۆهەربەشێکیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، دەکرێ کەسێک بڕوانامەی باڵاشی هەبێت لە هەربەشێکیان پیشەی مامۆستایی بکات، لەم چەندساڵەی ڕابردوودا ویستویانە لەپەروەردەکاندا چەندکورسیەک بۆسەرپەرشتیاران دابنێن، هەرچەندە بۆکاری سەرپەرشتیکردنی قۆناغی بنەڕەتیش بووە، هەرداوای بڕوانامەی بەکالوریۆس کراوە، یان لە بڕیارەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی چەند خاڵ ومەرج دانراون تەنانەت بەڕێوەبەری قوتابخانەوخوێندنگە مەرجە هەڵگری بڕوانامەی بەکالوریوس بێت، من لێرەوە ئەوهەڵەیە بۆ ئەوکەسانە ڕاست دەکەمەوە، کەناکرێت ونابێت بەهیچ جۆرێ لە ناوپرۆسەی پەروەردەدا بۆ پلەوپۆستێک یبڕوانامە بکرێتە مەرج چونکە ئەگەروەزارەتی پەروەردە دان نانێت بە بڕوانامەی دبلۆم چۆن وبەچ یاسایەک ئەوکەسانەی دامەزراندوە بە پیشەی مامۆستایی؟

لەلایەکی ترەوە دەرچووی ئەو پەیمانگەیانەی بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە باشتروچاکتروگونجاوترن بۆ مامەڵەی کاری پەروەردەیی چونکە ئەوانە چەندساڵێک دەروونزانی گشتی ودەروونزانی منداڵ وهەمووشێوازەکانی وانەوتنەوەیان خوێندوەوڕاهێنراوون، ناکرێ وناشێ ئەوانەی ڕۆڵی گەورەیان هەبووەوهەیە لەناوکایەوپرۆسەی پەروەردەدا پەراوێزبخرێن.

بەپێی توێژینەوە زانستیەکان وکەسە پسپۆڕوشارەزاوتایبەتمەندەکانی بواری گەندەڵی، بەتەنها بەهەدەردانی سامان وپێگە گەندەڵی نین، بەڵکونادادپەروەری وستەمیش هەردەچنەخانەی گەندەڵیەوە، لەم بارەوە نوسەری ناودار(نەجیب مەحفوز)بەباشی جۆرەکانی گەندەڵی دەستنیشان کردووەو بەم جۆرە دەڵێت:( گەندەڵی زانایان لە بێباکییەوەیە، گەندەڵی دەسەڵاتداران لە نادادپەروەرییەوەیە، گەندەڵی هەژاران لە دووڕوویییەوەیە).

ئەو بەشانەی کە بڕوانامەی دبلۆمیان لێوەرگیراوە، ئەم شوێنانەن(پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان(تێکەڵ)، پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی کوڕان، پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی کچان) ئەم شوێنانە بەباشی کاری خۆیان کردومامۆستایانیان بەجوانترین شێوە پێگەیاند، جگە لەبەشە پیشەییەکان (ئامادەییەکانی کشتوکاڵ وبازرگانی وپیشەسازی) کەبەپێی هەلومەرج وپێویستی بەپیشەی مامۆستا دامەزراون، دیارە ئەمانیش هەر بێبەش دەکرێن لەو پلەوپۆستەپەروەردەییانەی لەم کاتانەدا دادەنرێن.



لای زۆربەی پەروەردەکاران وشارەزایانی فەلسەفەی پەروەردە، ئەو پێوەرەی ئێستای وەزارەتی پەروەردە، جێی نابێتەوە لەناو کایە دروستەکەوپلانە زانستیەکاندا، چونکە ئەو مامۆستایەی زیاد لەدە ساڵ خزمەتی پەروەردەی کردبێت، هێندەی دووجار بەرتەقای بڕوانامە ئەزموون وشارەزایی پەیداکردوە، جگە لە خواست وحەزوویست کە ڕۆڵی گەورە دەگێڕن بۆ بەرزکردنەوەی تواناولێهاتوویی کەسەکە، مامۆستای سەرکەوتووڕۆڵی گەورە دەگێڕێت لەکایەی پرۆسەکەدا، لەم ڕووەوە، نوسەروکەسایەتیەکی وەک (عەبدوڵڵا عەبدولکەریم السعدون)دەڵێت: (مامۆستایەکی سەرکەوتوو گرنگترین پایەی بنیاتنانی پەروەردەیەکی سەرکەوتووە).

دەکرێت وەزارەتی پەروەردە چەند پێوەرێک دیاری بکات بۆ دانان یان وەرگرتن لەوپۆست وپلە پەروەردەییانەدا مەرج نیە بڕوانامە بێت، دەکرێ گرنگی زیاتر بە(ئاستی خزمەت و شایستەی زانستی وهەڵسەنگاندنەکان وسزاوسەرپێچییەکان وڕێزوسوپاس)بدریت، من ئەمانەم وەک ئەنکێت و شێوازی داخوازیەکە پۆلێن نەکردوە، تەنها ئاماژەن بۆ گرنگیدان بەمانە کارەکە باشتروسەرکەوتووتر دەکات.

هەموو ئەوخاڵانە دەکرێت نمرەی لەسەر دابنرێت، نموونە مامۆستایەک سزاونەهاتووی هەیە خاڵی لێدەشکێت، یان ڕێزوسوپاسی هەیە خاڵی بۆ زیاد دەکرێت، لەسەر ئەم پێوەرانە دەتوانرێت باشترین مامۆستای خاوەن ئەزموون لەو شوێنانە دابنرێن.

ناکرێ وەزارەتێک بەشێکی گرنگ وگەورەی خۆی بخاتە پەراوێزەوە، تەنها لەبەرچەند هۆکارێکی لاوەکی و دوور لەبنەمازانستییەکان، ناکرێ ئەوانەی لەڕۆژە سەخت و گرانەکاندا لەگەڵ نیشتمان وگەلەکەیان بوون ئێستا بخرێنە لاوە.

ئەوەندەی من بەچاوی زانستی و پەروەردەی هاوچەرخ سەیری پرۆسەی پەروەردە دەکەم، کاری خراپەکاران ، هاوشێوەی ستەمکار بەسەر دنیای پڕ خەون وئاواتەکانی ئەم نەتەوەیەوەیە، بەداخەوە نادادی دەبەخشرێتەوە، کە بۆ دڵسۆزان بۆتە مۆتەکەیەکی گەورە،(ئەفلاتونی فەیلەسوف) وتویێتی:( گەورەترین خراپە جگە لە ناعەدالەتی ئەوەیە کە ستەمکار باجی نادادپەروەرییەکەی نادات).

بەپێی ئەزموون و کارمان لەناو دنیای جوان وپاک وبێگەردی پەروەردە، هەچی ببینین وبەباشی بزانین، دەست خۆشی دەکەین وئەوانەشی جێی سەرنج ورەخنەن، بێگومان دەبێ هەڵوێستەیان لەسەربکەین بەمەبەستی خستنەسەر ڕێگە ڕاست ودروستەکە، چاوەڕوانی هیمەتی دڵسۆزانین تا ئاوڕ لەم نادادیە بدەنەوەونەیهێڵن.

# بێستوون فەتاح

بنەماڵەی ئەحمەدی حاجی کاکی مێژوویەکی پڕاو پڕلە جوامێری و قوربانی دان له ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢-٧-١٩٨٠ شارێک ماتەمی گێڕا بۆ پۆلێک تێکۆشەروو شۆرەسواری ڕێگەی خەبات و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان یادێک لە داستانێکی خوێناویی و قارەمانێتی پۆلێک تێکۆشەر بەخوێنی خۆیان مێژوویەکیان نوسیەوە داستانێکیان تۆمار کرد ئەمڕۆ دوای ٤٢ ساڵ خەلکی شاری سلێمانی و کوردستان یادی دەکەنەوە دەمەوێت لیرەوە سەری ڕێزو وەفاداری نەوی دەکەم لەئاستی گیان بازی شەهیدان و کەم ئەندامانی سە نگەر و شەهیدە زیندووە کان

ئەوەی من دەمەوێت باسی کەم بۆ زیاتر ئاشنابوون بە بنەماڵەی حاجی ئەحمەدی کاکی باوکی شەهید ( هیوا سوور ) و خیزانە قارەمانەکەیان

من نامەوێت لەسەر ڕوداوە کە قسەبکەم و پێم شەرمە هەتاکو شایەت حاڵەکان لەژیاندابن وەک

ڕێزان خان ناسراو ( پەیمان ) و ( نەرمین خان ) و منداڵەکانی خاڵە ئەحمەدی کاکی لەژیاندابن

ڕوداوەکە لەماڵی حاجی ئەحمەدی حاجی کاکی ڕوویدا بۆچی ؟

بەدرێژایی مێژووی ماڵی خاڵە کاکی هەمیشە لەبەرەی گەل بوون بۆیە دووکوڕی بەدەستی ساواکی ئیران شەهید دەکرێت و لەسەردەمی شای ئیران و بەردەوام لەملمڵانێ و دژایەتی دەسەڵات دابوون ،خۆیان بەئەسڵ لە گوندەکانی دەورو بەری شاری ( بۆکان ) ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵەکانی ١٩٢٠ ی سەدەی ڕابردوو هاتوون بەدیووی کوردستانی عیراق دا و سەرەتا لەشارباژێڕ و دواتر لە ( گوندی وولبوبە ) ئەوکات گوندێکی قەراخ شار بوو وەک قڕگە و کەڵەکن و زەرگەتەو دیارە چەند جێگەیەکی تریان کردووە دواجار لە ( گوندی وولوبە ) گیرساونەتەوە بەردەوام بوون لە ژیان حاجی کاکی ژیانیان لەسەر جوتیاری کشتوکاڵ و ئاژەڵ داری بووە حاجی کاکی خاوەنی پێگەو جێگەیی کۆمەڵایەتی یەکی بەهێزێ هەبووە و. یەکێک لە بووە لە خۆشەویستەکانی شێخ مەحمودی نەمروو مەلیکی کوردستان

هەربۆیە بەردەوام دۆستایەتیان هەبووە بەئیستاشەوە نەوەکانیان دۆستایەکی بەهیزیان هەیە لەگەڵ بنەماڵەی شیخان

تۆڵە سەندنەوە

خاڵە ئەحمەد بەردەوام شتی زۆر بۆدەگیرامەوە کەسەردانم دەکرد منی زۆر خۆش دەویست نەهێنی زۆری لابوو بەرەحەمەت بێت ئاوا بۆمنی گیراوەتەوە کاتێک خاڵە ( ئەحمەد ) و ( فەتاح ) کە باوکی منە ( حاجی سدیق ) هەرسێ کیان کۆچی دوایی یان کردووە

کە هەموویان خاڵۆزا و پورزا بوون لە ساڵی ١٩٦٠ بەدواوە سێ بەسێ دەچن بۆ ئیران و تۆڵەی ئەودوو شەهیدە دەکەنەوە

کابرای جاسوس وساواکی ئیران بەسزای خۆی دەگەیەنن و دەگەڕێنەوە سلێمانی لەساڵی ١٩٧٤ کاتیک ڕێکەوتنی شۆڕشی کورد و بەعس تێک چوو دووکوڕی تری حاجی کاکی لە نزیک پینجوێن ئەڵغام پیاندا تەقیەوە و شەهید عوسمان شەهید بوو مەحمود بەقورسی بریندار بوو ئیستاش لەژیاندا یە

خیزانی حاجی ئەحمەد

یەکێکن لە و خیزانانەی زۆر ترین قوربانیان داوە حاجی ئەحمەد لەگەڵ حاجی ئامین ڕوحیان شاد بێت خاوەنی

٦ کوڕوو چوار کچ بوون

ئیستا ٢ کوڕ و چوار کچیان لەژیاندا ماون


شەهید حەمە غەریب ناسراو ( هیوا ) شەهید ساڵح شەهید مستەفا ناسراو ( سیروان )شەهید تەها و کاکە کەریم و کاک ڕەوف

ژیانێکی پڕلەقوربانی دان بێ دابڕان شەهید حەمە غەریب ناسراو بە ( هیوا سور ) یەکێک لە تێکۆشەرە دڵسۆز و زۆر ئازاو جەربەزەکانی شاری سلیمانی هاوڕێ کانی شاهیدی ئەوەی بۆدەدەن ئەوسەردەمە کۆمەڵێک لاوی خوێن گەرم هەرگیز سڵیان لە مردن نەدەکردووە ئەوانەی لەوسەردەمە جێگەی دەستیان دیاربوو شەهید ( هیوا ) یەکێک لە پێشمەرگە زۆر زۆر ئازاکانی مەفرەزەی ئیختیالات ناوشاری سلیمانی کۆمەڵە ی ڕەنجدەران کوردستان بوو شاهیدی بۆ جوامیری و ئازایەتی ڕزگار بوونی بوو لە شەری مان و نەمانی هاوڕێ شەهیدەکانی کردیان لەناوشاری سلیمانی ئەگەر بمانەوێت باس لەئازایەتی شەهید هیوا بکەین بەنوسینێک و دوان و دەیان کۆتایی نایەت











ماڵی ئیمەو بۆ شەهید هیوا دوانەیەکی بێ دابران بەردەوام سەردانی دەکردین بەحوکمی ئەوەی زۆر زۆر هاوڕێ وەستا کەریم برام بوو هاوتەمەن بوون. خاڵۆزا و پورزا بووین لە باوکەوە

لەم ساڵانەی دوایی دایکم بۆ ی باس دەکردین دەیووت بەردەوام دەمانچەو بەیاناتی دەهینا بۆماڵی ئیمە ئەوکات ماڵی ئیمە لەگەرەکی مەجید بەگ لەقەراخ شار بووین

بیرمە جارێک پیش ئەوڕوداوە لەگەڵ کاک ( سالار عەبدوڵا ) شوکر لەژیاندا ماوە بەئیختیفا هاتنە ناوشار و چەندین شەوو مانەوە کەڕۆیشتن دایکم ماچی کردوو پێی ووت توخوا بەسە حەمە غەریب گیان مەیەرە ناوشار ئیتر ڕۆیشتن ئەوە دوادیداربوو بەداخەوە

کارەساتە یەک لەدوای یەکەکان

ئەوەبوو لەساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ هاوڕێ یەکیتری هەڵەنەبم ( کاک ئاسۆ عەلی )لەژیاندا ماوە لەلای ئۆرزدیباک گیران بە دەمانچەو قومبەلەوە زۆر مانەوە لەژیر ئەشکەنجەدا هیچیان نەدرکان لەسەر هاوڕێ کانیان و زۆر مەردانەخۆیان ڕاگرت حوکمی سزای سێدارە دران ئەوان بەر لیبوردنی گشتی کەوتن بەبۆنەی هاتنەسەر حوکمی سەدام حسین ئازاد بوون

هەرلەوکاتەدا شەهید مستەفای برای ناسرابوو ( بەسیروان ) لەشەری ناوخۆ لە یاخسەمەر لە نیوان حسک و یەکێتی شەهید بوو

شەهید سیروان پێشمەرگەی هەرێمی چوار لای شەهید جەمالی عەلی باپیر شەهید دەبێت

ئەوڕۆژەی ئەوشەهید بوو خاڵە ئەحمەد لەسلیمانی حەیوانی کردبوو بەخیر بۆ شەهید هیوا لە سجن ئازاد بووە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهید سیروان خاڵە ئەحمەد چوو بەدوای دا تاسۆراغێکی بکات کاتێک دەچێت بۆ گوندی یاخسەمەر سەیردەکات لەلایەن شەهید جەمالی عەلی باپیر و هاوڕێ کانی سەرەخۆشی لێدەکەن و گۆڕەکەی پیشان دەدەن ئەویش تەنها ئەوەندەی ووتبو من کورم بوو بەپێشمەرگە دژی داگیرکەر شەهید بێت بەداخەوە کورد و پیشمەرگە شەهیدیان کرد

ئای لەوڕۆژە زۆر بەداخەوە کەناخۆش بوو ئێوارەبوو دایکم و منداڵەکان بەدیار سفرەوە دانیشتبوون کاتی نان خواردن کاتێکمان زانی کاکە ڕیبواری خاڵەتۆفیق هات ووتی ئەوە جەنازەکەی مستەفای خاڵە ئەحمەدە کاتێک چوین لەگەرەکی مەجید بەگ بەتەواوی لەجێگەی زیلە سوتاوەکان پیکابێک وەستابوو زۆریان گەڵای دار دابوو بەسەریدا ئای لەوئازایەتی یەی خاڵە ئەحمەد و خزمان هەرئەوشەوە بردیانە ووڵبە لەمزگەوتەکە دایان ناوو بەیانی زوو لەگردی سەیوان بەخاکیان سپارد دوای ئەوڕوداوەی حاجیاوا ئەوپۆلە قارەمانە شەهید دەبن وەک ڕێزان خان زۆر بەوردی باسی شەڕی دەستەویەخەیی ئەوپۆلە هەڵۆیە دەکات شاهیدی بۆ ئازایەتی شەهید ( هیوا سور ) دەدات چۆن نارجۆک کان هەڵدەگرێت یەکەم نارنجۆک هەڵدەدات و دەرباز دەبێت لەوشوەرەدا ١٤ قوات خاسە کوژران و ملازم موحسین بەسەختی بریندار بوو دوای چەند شەوێک لە وڕوداوە شەهید ( هیوا سوور ) بۆتۆڵەی شەهیدەکان دێتەوە سلیمانی و یەکێک لە جاسوسەکان دەتۆپێنێ و لەگەرانەوە دەکەونە کەمینەوە و شەریکی دەستەویەخە و شەهید دەبێت تەرمەکەی دەکەوێتە دەست بەعس دوای چەند ڕۆژێک لەرێگەی بەلەدێ وە بێ ناونیشان بەخاکی دەسپێرن یەکێک لەوکەسانەی بەشداری ناشتنەکەی بوو زانیبووی شەهید هیوا یە خاڵە ئەحمەد ئاگار دەکات و جێگەی تەرمەکەیان پێ دەڵێت هەرئەوشەوە خزم و کەس حوکار چوون دەریان هێنایەوو لە گردی شەهیدان لای شەهید سیروان بەخاکیان سپارد

دوای شەهید بوونی شەهید ساڵح بە برینداری و لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید دەبێت تەرمەکەی وەرگیرایەوە و لەووڵوبە خاڵە ئەحمەد بەدەستی خۆی ئەڵقەی دەستگیرانی یەکەی داکەندوو شتیان و ئەویش لە گردی سەیوان لای دووبراکەتری بەخاک یان سپارد خاڵۆژن ئامین و ڕەووف و بەیان لەسجن بوون لەگەڵ پەیمان خان و نەرمین خان

پاش ساڵێک مانەوە لەسجنی ئەمن دواتر ئازاد بوون لەسجن خاڵە ئەحمد دەربەدروو سەرلێشیواو ڕوی کردە شاخ و سێ کوری شەهید و ماڵ و منداڵ لەسجن دواتر بەروداوێک تەها شەهید بوو کارەسات لیرەدایە ئەمە سەرگوزەشتەی و قارەمانێتی یەکێک لەوخیزانە دڵسۆز و بەش مەینەتەکانی کوردستان ئاخر کارەساتە تەنها دوو بنەماڵەی خاوەنی شەش شەهیدی سەنگەر وئازایەتی بن درود بۆڕوحی پاکی شەهیدان

ئەگەر یەکێتی نیشتیمانی و تۆزێک ئاوڕیان لەخۆیان و مێژووی خۆیان بدایاتەوە

دەبوو ئەوخانووە یان بکردایەتە مۆزەخانەیەک بۆمیژوو کە یەکێتی بەوجۆرە کەوتۆتە سەرپێی خۆیی قوربانی دان و ڕوبارێک خوێنی داوە بۆ ئەم ڕۆژە

درود بۆگیانی بەرزەفرێ تێکۆشەرانی نیشتیمان .

ووێنەی یەکەم

شەهید هیوا سور / حاجی ئامین دایکی شەهیدەکان

شەهید مستەفا ناسراو بەسیروان شەهید ساڵح

جوانەمەرگ تەها

ووێنەی دووهەم

شەهیدان

شەهید بەختیار شەهید ووشیار شەهید فەرهاد شەهید ساڵح

شەهید ڕەوفی دانساز

ووێنەی سێ هەم

خاتوو ڕێزان عومەر شێخ مستەفا

یەکێک لە بەشداربووی ئەوداستانە بۆ مێژوو لە دیمانەیەکدا بە دووبەش باسی ئەوڕوداوە دەکات بەهیوای تەندروستی باش بۆ خوشکی گەورەم

درود بۆگیانی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کوردستان

**بیستوون فەتاح**

**هۆڵندا**

٢٠٢٣-٧-٢

# با هەنگاوەکانمان خێراتر بێت!


## عەلی حەمەڕەشید

مرۆڤ کاتێك سەرنج لە دەوروبەرەکەی دەدات و پێشکەوتن و داهێنانەکانی ئەو سەردەمە دەبینێت، پێویستە هەوڵی خۆی زیاتر بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی شان بەشانیان ئەوانی تر بڕوات، چونکە ئەگەر مرۆڤ وا نەکات ئەوە بە ماوەیەکی کەم بێ ئەوەی هەستی پێ بکات دابڕانێك دروست دەبێت و ئەمەش کاتێکی زۆر و زیاتری دەوێت تا دەگاتەوە بەو کاروانە. بۆیە وا پێویست دەکات هەمووان بە وریاییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتن و داهێنان و گۆڕانکارییانەدا بکەین و شارەزاییمان دەربارەیان هەبێت و ئاشنایان بین. وەك وتم ئەمە بۆ هەموو تاکێك لە کۆمەڵگەدا پێویستە، بەڵام بۆ ئێمەی مامۆستایان زیاتر پێویستە، گرنگە بە باشی لەگەڵ ئەوەی ئاشنایان بووین لێیشیان تێبگەین، چونکە مامۆستا مرۆڤێکی هەمیشە ماندووە، هەڵسوکەوت و بەرکەوتنی لەگەڵ منداڵاندایە، ئەوانیش زوو ئەو شتانە سەرنجیان رادەکێشێت، حەز و خولیای فێربوون و زانین لە مێشکیاندا چەکەرە دەکات. هەر بۆ نمونە زۆر جار ئێمەی گەورە بۆ فێربوونی کۆمپیوتەر یان ئەو مۆبایلە نوێیانەی تازە دەکەونە بازارەوە، سەرەڕای ئەوەش حەز دەکەین فێریان ببین و بزانین بەکاریان بهێنین، بەڵام دوای ئەوەی چەند جارێك بۆمان باس دەکەن ئەوسا شتێکیان لێ دەزانین و دەتوانین بەکاریان بهێنین، کەچی ئەوان زووتر فێردەبن. هەندێکجار ئەگەر پێشیان نەوترێت هەر هەوڵدەدەن و زووتر فێر دەبن. جا مامۆستا لەگەڵ منداڵدا هەڵسوکەوت دەکات و رۆژانە کۆمەڵێك منداڵ هەر لە تەمەنی شەش ساڵییەوە دەبینێ و وانەیان پێدەڵێت، دەبێت ئەویش شارەزا و ئاشنا بێت بە هەموو ئەو شتە تازانەی کە بەرهەمی زانست و زانیارین، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لە خوێندنەوە دانەبڕێت، چونکە وەك ئاشکرایە خوێندنەوە خۆراکی مێشکە و وەکو هەموو خۆراکێکیتر پێویستە. هەر دەربارەی خوێندنەوە بەهۆی خوێندنەوەوە ئەم زانیارییەم دەربارەی خوێندنەوە دەستکەوت (خوێندنەوە گرنگترین هۆکارە بۆ پێشکەوتنی مرۆڤ، بەهۆی ئەوەی کاری سەرەکی خوێندنەوە ئەوەیە وا لە مرۆڤ دەکات بیر بکاتەوە واتا بە ئاسانی بڕیار نەدا، وەك ئەوەی ئەو کەسەی دەخوێنێتەوە دەبێ پێش بڕیاردان ئەوەندە بیر بکاتەوە ئەگەر بێت و شکستی هێنا لەو بڕیاردانە ئەوە بتوانێ هەستێتەوە، لە راستیدا خوێندنەوە بناغەی ژیانێکی پڕ حەکیمانەیە، چونکە یەکێك لە پێوەرەکانی جیاکردنەوەی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو خوێندنەوەیە.) هەر بۆیە کەسێکی وەك (باکۆن) دەڵێت: (کتێبخانە باشترین نەخۆشخانەیە بۆ عەقڵ) .دەبێت ئەوەش بزانین کتێب مامۆستایەکی بێدەنگە و کتێبیش نەبوایە لە دووریانی نەزانیندا ون دەبووین. هەروەها کتێبەکان قسە ناکەن، بەڵام مرۆڤەکان فێری قسەکردن دەکەن. هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن دەبێت هەنگاوەکانمان لە ژیاندا گورجتر و خێراتر بن، تا بە دانەبڕاوی گشت داهێنان و پێشکەوتنەکانی سەردەم لە رێگەی خوێندنەوەوە و رێگەکانی ترەوە ئاشنا بین و بێ ترس و دوودڵی ڕووبەڕووی ببینەوە.




دەنگی
تۆ
چنار عەلی
ئای !!!
کەتینووی دەنگتم
وا هەست دەکەم شار
هەمووی لاڵە
دەگەڕێم بەدوای
هەناسەت
تا تینوویێتیم بشکێ ،
ئای !!!
دەزانیت کە گوێم لێت
دەبێ پەپوولەکان بەسەر
گوڵەکاندا دەفڕن ؟
هەوریش دایدەبارێنێ
تا من بەئەوینتەوە بەژێر
باراندا ڕێبکەم
ئای!!!
وشەکانم هەمووی تێکەڵ
کرد
هێندە بیرت دەکەم ،
هەروەک ئەوەی
دەنگت تەنها بۆ من
خوڵقێندرابێت
بریا لەدوای دەنگت هیچ
دەنگێکم نەبیستبا


قوبادی جەلیزادە
نایەم
بۆ
ژوورەکەت
نایەم بۆ ژورەکەت
لەگەڵتا نایەم بۆ ئاسمان .
تۆ ،
لەسەر کۆشی مانگ دادەنیشی .
قژی ئەستێرەکان پرچ دەکەی .
بە پارچەیەک تریفەوە ، دەچیتە لای
خەیاتەکان و
من لە بیر دەکەی .
لەگەڵتا نایەم بۆ دەریا ...
تۆ ، بەسواری سوورە ماسییەک ،
بەدوای رەوەزە مەرجانا ، وێڵ دەبیت .
ماڵت دەبەیتە گەڕەکی شەپۆلەکان و
من لە بیر دەکەی .
لەگەڵتا نایەم بۆ ناو باغ ...
تۆ ،
وەک ژنێکی سوحاقی ،
دەست لەمەمکی گوڵەکان دەدەی .
لەگەڵ پەپوولەیەکی تیاترۆدا ،
دەڕەقسێی .
لەسەر رانی دلۆپێک شەونم دەخەویت و
من لە بیر دەکەی .
لەگەڵتا نایەم بۆ بەهەشت ...
تۆ ،
بەروبارەکانی شەراب و بە میوە
غەریبەکانەوە گیر دەخۆی .
مەست دەبیت، لەگەڵ فریشتەکانا.
لەتەک غیلمانە مێبازەکاندا ، جووت دەبیت
و
من لەبیر دەکەی .
لەگەڵتا نایەم بۆ ژوورەکەت ...
تۆ ،
لەبەر ئاوێنەدا ،
سەرسامی
مەمکە خڕەکانی خۆت دەبیت .
سەد جار
لیباس و ئاوەڵکراس و ستیانەکانت ،
تاقی دەکەیتەوە .
سەد جار قژت دەبەستیت و پەرێشانی
دەکەی
بن باڵت


بۆ قەڵادزێ
(قەڵادزێیەک) پڕ لە عیشق و..
سۆزی خۆشەویستی و ئەوین
لێرەوە ، شۆڕش ومیللەت
گەیشتە ، لوتکەی ڕاپەڕین
***
شارێک، لە سروشت و جوانی
نوقمی زام و شەڵاڵی خوێن
شارێک، دوور لە ئاوەدانی و..
کوشتەی سەدان وادەو بەڵێن!
***
حەمە ئەحمەد جاف


ژوانی بەفر
لەباوەشی
چاوەڕوانی و
فرمێسکی
بێ تۆیی دا
هاژە
بەرزنجی
چەند تەنیام لەم
ژوورە بێ تۆیەدا
ڕۆحێکی وشک،
سیمایەکی زەرد
زەرد
خەمی بێ
ویژدان و
سەرەڕۆ ئابلوقەی
داوم ئیستایەنجە
رەکەشم
پشووە بای
هەناسەتم
بۆناهێنێ
لەبێ تۆییدا ...
خەم ئەمخنکێنێ
دەوەرە چیتر ...
پارچە پارچەم
مەکە لەم
هێلانە ئەفرەتیە
دەربازمکە ئەما
شای ئاوێنەکەی
بەرامبەرتکە خۆمن
هەمیشە لێت
ئەڕوانم
بەگەرووی
ئوساویشمەوە
ئادواین
هەناسەم هەربۆت
ئەدوێم و
لێت ئەڕوانم و
چاوەڕێتم
دڵنیابە ئازیزم
لە چاوەڕوانی
دیداری تۆ
تێر نابم
چەند لەیەک ئەچین
کزەکزی ساردی بەفری
ئەمڕۆو...دڵە تەنیاو
بێکەسەکەی من !
چەند لەیەک ئەچین کپ
وبێدەنگی بەفر هەر لەکپی
ئاخە بێتۆیەکەی
من ئەچێ سروشت بەو
هەموو هێوریەوە لەم
بارینە بێزارە با بەفری پڕ
لەخۆزگەم
سپی ئاوریشم بێ با
جوانی ئەم بەفرە ئەڵماس
و زیوین بێ
بەمن چی....
دڵ وجەستەم
تەنیا تەنیا بێ
لەم ژوانەدا
دەستی تۆم

# حاجی قادری کۆیی

حاجی قادر کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا ساڵحی کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورەیە. ناوی دایکی فاتێ (فاتیمە) بووە. لە نێوەندی وێژە و ڕۆشنبیری کوردیدا ئەوە باوە وشەی حاجی پێشناوی چوونە حەجی نییە، چونکە حەجی نەکردووە، ناوی قادر یا عەبدولقادر بووە و لە مانگی حاجییان لە دایکبووە لەبەر ئەوە لە منداڵییەوە بە حاجی قادر ناوبانگی دەرکردووە.

حاجی لە ساڵی 1816 لە گوندی گۆڕقەرەج لە دایکبووە، ئەم ئاوایییە کەوتۆتە خوارووی ڕۆژاوای شاری کۆیە نزیک شوێنەواری گۆمەلاڵەی دۆڵی مۆردان.

حاجی زۆر منداڵ بووە کە باوکی مردووە. لە تەمەنی حەوت ساڵیدا فاتێی دایکی ناویەتی بەرخوێندن. لە نەریتی ناو کوردەواری ئەوە باو بووە کوڕی تاقانە بە منداڵی باوکی کۆچی دوایی کردبێ دایکی دەیخستە بەرخوێندن. خوێندنی بەرایی حاجی لای مەلا ئەحمەدی ئۆمەر گومبەتی بووە. ئەمە خاڵۆزاری حاجی بوو. لە دوای دوو ساڵ فاتێی دایکیشی کۆچی دوایی دەکا. بەم جۆرە بێ کەس دەمێنێتەوە و مەلا ئەحمەد بەخێوی دەکا.

لە خوێندنی حوجرە تا گەیشتۆتە قۆناغی فەقێیەتی لە کۆیە بووە.

لە هاوینی ساڵی 1853 لەگەڵ مەلا عەبدوڵلای جەلی زادە وەک فەقێیێک بۆ خوێندن ڕوو لە گوندی شێخ وەتمان لە ناوچە باڵەکایەتی دەکا. هەردووکیان دەبن بەفەقێی مەلا محەممەدی کاک عەبدوڵلا. لە دوای ماوەیێک حاجی لە مەلا عەبدوڵلای جەلی زادە جیا دەبێتەوە و بەتەنیا بەرەو شارەکانی سەردەشت و سابڵاغ (مەهاباد) و شنۆ دەکەوێتە ڕێ، بۆ ماوەی شەش حەو ساڵ لەم شارانەدا دەمێنێتەوە تا پرۆگرامەکانی خوێندنی حوجرە تەواو دەکا لە زانستەکانی ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبی.

لە ساڵی 1862 مۆڵەتی دوازدە زانستی وەرگرتووە و بەڕێگای دەشتی لاجان و باڵەکایەتی گەڕاوەتەوە کۆیە.

ژیانی حاجی لە کۆیە ئاسان نەبووە، لەبەر ئەوە بەهیچ جۆرێ بۆی نەکراوە مەلایەتی بکا، یا خۆی نەیویستووە خەریکی پیشەی مەلایەتی بێ، هەروەها بێ ئۆقرەیی کاری لە ژیانی تایبەتی خۆی کردووە و بووە بەهۆی ئەوەی ژن نەهێنێ و خۆی نەخاتە ناو داوی خێزانی و تووشی بەخێوکردنی ماڵ و منداڵ نەبێ.

پێوەندی حاجی بە ئاغا و کاربەدەستانی سەرەوەی کۆمەڵی کۆیە بنەماڵەکانی حەوێزی (بەتایبەتی ئەختەر - ئەمین ئاغای شاعیر) هەروەها غەفووری و مەلاکان باش بوو، بەڵام ئەمە نەیتوانیوە لە تانە و توانجی سیستێمی دەرەبەگی و بزووتنەوەی دەروێشیزم کە هەمیشە لە خزمەتی دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی بوون ڕزگاری ببێ. لێرەدا شێخ نەبی ماویلی ڕۆڵی گرنگی بووە لە بەربەرەکانی کردنی حاجی و تەنگەتاوکردنی تا پلەیێک وڵات بەجێ بێڵێ و ئاوارەی وڵاتان بێ. ئەم شێخ نەبی ماویلییە مەلایێکی باش بووە، لە ڕواندز خوێندوویەتی و لەوێ ژیاوە. شێخی تەریقەتی نەقشبەندی بووە، ماڵی لە کۆیە بووە، ئامادە بووە هەرچی خراپە هەیە بیکا بۆ بەرژەوەندی خۆی و دابینکردنی وڵات. بێگومان هەڵوێستی کەسێکی وا بەرانبەر بەبلیمەت و ڕاستگۆ و زیرەک و نیشتمانپەروەر لەخۆبردوویەکی وەکوو حاجی لە کاری خراپە بەولاوە بەرانبەری هیچی دیکە نابێ.

حاجی سەری خۆی هەڵدەگرێ و ڕوو دەکاتە وڵاتی ئاوارەیی، لە ئەنجامدا لە ئەستەمووڵ دەنیشێتەوە. وەکوو نالی لەو شارە گەورەیەدا گوم نابێ. لە کوردی دڵسۆزی هاوڕەگەزی خۆی دەگەڕێ، هەندێکیان دەدۆزێتەوە، دیارترینی ئەو کوردانە چەندانێک لە ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخان پاشا دەبن.

حاجی لە ئەستەمبۆڵ وەکوو جووتیارێکی دواکەوتووی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمی کوردستان ناکەوێتە ڕوو، هەروەها وەکوو کۆلکە مەلایەکی مردووشۆر نابینرێ، بەڵکوو وەک ڕۆشنبیرێکی شارەزا و هۆشیار و دڵ و دەروون پڕ لە هێزی پێشکەوتن و شۆڕشی خۆی دەنواند. لەبەر ئەوە کۆمەڵی تازەپێشکەوتوو لە چاو کۆمەڵە دواکەوتووەکەی خۆی زیاتر ڕێی بۆ خۆش دەکرد شتی نوێ فێر ببێ. نزیکی ئەستەمووڵ لە ئەوروپا ڕێگەی بۆ حاجی خۆش کرد بینینی بەرانبەر بە ئەوروپا فراوانتر بێ. ئۆتۆمۆبیل و شەمەندەفەری لەو وڵاتەدا چاو پێ کەوت. لە نزیکەوە ڕۆژنامە و کۆوارەکانی وڵاتی عوسمانی دەخوێندەوە.

بناغەی بوونی حاجی بەڕۆشنبیر و زانای هاوچەرخ و ڕامیاری و ستراتیجی و دانا لە کۆیە دەستی پێ کرد، لە کوردستانەوە ئەم بیروڕا نوێیانە لە لا درووست بووبوون بەڵام لە وڵاتی عوسمانی لەم لایەنەوە گەلێ شتی نوێ فێر بوو. حاجی کە پشتی لە وڵاتی خۆی کرد تەنیا شاعیر نەبوو، هەڵگری بیروباوەڕی نوێی دەرەوەی دوازدە زانستەکەی ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبی بوو، کۆمەڵێ نوێ یاریدەی دا ئاسۆی بیروڕای مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی زیاتر فراوان ببێ ڕۆژگارانی ماوەی ژیانی حاجی لە وڵاتی عوسمانی زۆر ئاشکرا نییە، ڕاستە ئێمە دەزانین پێوەندی بە بەدرخانییەکانەوە هەبوو، بەڵام لەو سەردەمەدا ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخانییان، خۆیان دەستبەسەر بوون چاوای خەفیە و سیخوڕی وڵات بەدوایانەوە بوون، لە هەموو هەرێمەکانی کوردستانی گەورە بڵاو بووبوونەوە هەروەها لە ئەستەمووڵ و شارەکانی سووریا و قاهیرەی میسر و جێگەی دیکە دەبینران، زیاد لەسەر ئەمە لە مەڵبەندی خۆشیان جزیری بۆتان دەژیان، جا ئێمە ئەوە دەزانین زۆربەی ژیانی ئەو وڵاتەی حاجی لەگەڵ ئەواندا لە ئەستەمووڵ بوو، بەڵام ڕەنگە لە جێگەی دیکەش لەگەڵیاندا ژیا بێ، جێی وەکوو جزیری بۆتان.





سەرچاوەی هەرە گرنگ بۆ ڕوونکردنەوەی ژیانی حاجی هۆنراوەکانی خۆیەتی، چونکە تەنیا هۆنراوەی دڵداری نەوتووە بەڵکوو چووەتە ناو ناخی ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەکەیەوە، بێگومان ئەم جۆرە هۆنراوانە زانیاری زۆر بەدەستەوە دەدەن، لەبەر ئەوە پێویستە بایەخ بەم جۆرە بەرهەمەی شاعیر بدرێ.

هەرچۆنی بێ لە دوای تەمەنێکی درێژ زۆربەی بۆ خۆی ناڵەباری بوو، بۆ نەتەوەی بەختیار بوو لە ئەستەمووڵ لە ساڵی 1897 کۆچی دواییکرد. وا باوە لە ئەستەمووڵ نێژراوە، بەڵام گۆڕی پیرۆزی دیار نییە.

ڕۆژنامەی کوردستانی قاهیرە لە ژمارە سییەمی 20ی مایسی 1898 بەهۆی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر کۆچی دوایی حاجی هەواڵی مردنی بڵاوکردبووەوە.

**کوردپیدیا**

# دوا قۆناغی متمانە بە حیزب

## بەختیار نامیق و سەرکەوتی جیهاز

حیزب وەک زانستی سیاسی بریتیە لە کۆبونەوەی گروپێک بۆ ئامانجێکی دیاریکراو کە بەرنامەیەکی گشتگیری هەیە ، لە گشتدا خاوەنی هەیکەلی ڕێکخستن و ئامانجە گشتییەکانە و وەک چالاکیەکی سیاسی کاری لەسەر دەکات و فراوانکردن و ئاڕاستەکردنی توانا مرۆییەکانە بۆ ئەوەی بتوانێ بە بەرنامەیەکی ناسراوەوە بگاتە دەستەڵات و سیاسەتی هەم حیزبی هەم حکومڕانی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا و پەیوەندی هاوڵاتی بە دامەزراوە حکومییەکانەوە جێبەجێ بکات.

واتا بێ بونی حیزب کۆمەڵگا و گروپەکانیش ناتوانن بگەنە ئامانجێکی دیاری کراو ، ئەگەر چی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر ئاستی پیشەکان زۆر کات لە کۆمەڵگا تەندروستەکاندا ڕۆڵی گەورە دەبینن بەڵام حیزب دیسانەوە وەک ڕێکخستن و پێشڕەوی کۆمەڵ ڕۆڵی سەرەکی هەیە ، لێرەوە حیزب کە هەمو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و حکومداری دەگرێتەوە دەبێتە ناوەندی کۆبونەوە و بڕیاردان ، هەمو حیزبێک خاوەنی هەیکەلی ڕێکخستن و کۆمەڵێک ئامانجی گشتی دیاری کراوە لەڕێگەی کادرەکانیەوە و ڕێگەی حکومڕانی ئەم بەرنامانە دەخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە ، بۆ ئەوەی حیزبێک بچێتە دەستەڵات یان بەشێکی دەستەڵاتەوە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە خۆی نمایش دەکات ، ئەو هاوکێشەیەی پەیوەندی نێوان هاوڵاتی و حیزب ڕادەگرێ و پێشی دەخات و گەورەی دەکات متمانەیە ، وە متمانە بەرزبونەوە و دابەزینی ئاستی حیزب دیاری دەکات.

لێرەوە ئەگەر باشوری کوردستان لە خێراترین پێناسەدا لە ئێستادا بخەینە ژێر ئەم پیودانگانەی حیزبەوە ، ئەوا ئەوە ڕونە کە حیزب بە مانا گشتیەکەی جێی قبوڵی خەڵک نیە و هەڵبژاردن ئەو وێنەیەی داینێ کە ٧٤% هاوڵاتی متمانەی بەهیچ حیزبێکی کوردی نەماوە ،ئەوەشی دەنگی داوە ٣٦% نە لەبەر بەرنامە بوە نە لەبەر فکر و چالاکی سیاسی بوە ، بەڵکو بەرژەوەندی کەسی و کۆمەڵایەتی بوە ، چونکە ئەوەی ناودەبرێت بە هەڵبژاردن و دەستاودەست کردنی دەستەڵات و قبوڵ کردنی جیاوازی و فرەدەنگی و فرەڕەنگی متمانەی نەماوە ، ئەمەش لە ئەنجامی هەڵگرتنی دنیایەک دروشم و بەڵێن و جێبەجێنەکردنیان بوە ، تا ئەو ئاستەی ئێستا لە باشوری کوردستان هیچ متمانەیەک بە حیزبی کوردی نەماوە و مانا هەقیقەکەی حیزب غائیبە و حیزب بوەتە درۆیەکی گەورە ، لە پەنای میکیاجی دروشمەکاندا حیزبی کوردی وێنەیەکی تری بەرهەمهێناوە ، وێنەی حیزبی سەپێنراوی ئێرانی و تورکی ، حیزبی بنەماڵەکان و کودەتای باڵادەستی حیزب و بەرهەمهێنانی دنیایەک جیاوازی چینایەتی لە نێوان ژیانی هاوڵاتی و خانەوادەی بەرپرسانی حیزبی و دنیایەک ناشیرینی تریان بەرهەم هێناوە ، ئیتر ئەوەی پێی دەوترێت حیزب دەبێت ڕەنگدانەوەی بەرنامەکانی بێت و کاتێک چوە دەستەڵات دەبێ حکومداری و دەستەڵاتەکان نیشتمانی بێت تەواو غایبە و حکومێکی ناوچەیی و خێڵەکی هەیە و تەمسیلی حیزبی مۆدێرن دەکات بە شکڵێکی کارتۆنی ، ئەم مۆدێلە گەیشتوەتە ئاستێک حیزبی ئۆپۆزسیۆن کە بنەمای چاودێری و حکومدارییەکی تەندروستە نەماوە و جیاوازی نێوانیان کۆتایی هاتوە ، لێرەوە مادام حیزب بە گشتی یەکسانە بە لەدەستدانی متمانەی جەماوەر ئیتر هەر جۆرە مۆدێلێک بێت ئەگەر ژیانی هاوڵاتیش لەچاو پێشینەی خۆیدا باش بێت مادام متمانە نیەو میللەت نابێتە هێزی بەرگری و مانەوەی ئەم حیزبانە ئەوا لە ئاسانترین ڕوداوا ئەو دەستەڵاتە دەڕوخێ و بە وێنەی دەستەڵاتی ئەفغانستانی لێدێ و ئەگاتە ئاستی پیرۆزکردنی نۆکەرایەتی بێگانە ، نەبونی متمانە بۆ ئەم حیزبانە تەنها کاریگەری بۆ نوخبەی سەرەوەی حیزبەکان نیە ، بگرە لە گەورەتردا کاریگەری لەسەر متمانە بە خاک و نیشتمان و پیرۆزییەکانیش دەبێ ، کاریگەری لەسەر داهاتوی دوری نەتەوایەتی دەبێ ، تاکی کوردی وا لێکردوە کە ببێتە داردەستی بێگانە و بەها نیشتمانییەکان خاڵی ببنەوە لە پیرۆزی خۆیان.


ئەم درۆی حیزبییەی کوردی گەشتوەتە ئاستێک حیزبە کوردییەکان لە نێوان کادر و سەرکردایەتی و بەرنامەکانیاندا دنیایەک جیاوازی هەیە ،لەبەرامبەریشدا حیزبە کارتۆنیە ئۆپۆزسیۆنەکانیش متمانەیان نەماوە ، خەڵک لەوە گەشتوە کە هەڵبژاردن بەهۆی ساختەکاریەوە درۆیەکی باوەڕ پێنەکراوە و حیزبەکانی تریش وەک تەواوکاری و کارتی وڵاتانی زلهێزی ناوچەیین و مانەوەیان بەندە بەبەرژەوەندی ئەوانەوە ، لێرەوە سپەیسێک و جیاوازیەک و بێ متمانەییەکی گەورە لە نێوان خەڵک و حیزب و هەر پێنج دەستەڵاتەکەدا دروست بوە ، بۆیە ئەم بۆشاییە گشتگیریە پێویستی بە لیدەرێک و حیزبێکی ڕاستەقینە هەیە تا مێژوو دوبارە نەبێتەوە و نەبینەوە بە ژێر هەرەسێکی تری گەورەوە.




## ئەمین محەمەد

جەژنی دارستان
هەمو وەرن،دەی با بڕۆین
بۆ ناو دارستان
بۆ بینینی ئاوی کانی و
چۆڕاوگەی باران
گۆرانی دەڵێن بۆقەکان
کاتی ئێواران
گوێم لە جریوەی باڵندەیە
دەفڕن لە ئاسمان
سمۆرەکان دێن و دەچن
لەسەر لقی دار
چەند جوانن ڕیزیان بەستووە
ورد ورد دێنە خوار
ئای لەو فیل و زەڕافەیە
چۆن بون بە هاوڕێ
تەماشای ئەو بێچوە ئاسکە
بۆ لای ئەوان دێ
بە قونە قون کەوتوتە ڕێ
کەروێشکە خرپن
ئەمڕۆ جەژنی دارستانە
ئاهەنگ دەگێڕن.





# ڕۆژنامەی کوردستان

ئامادەکردن
ڕەفیق ساڵح
سدیق ساڵح
بەشی شەشەم و کۆتای

(١٦٢) زاراوە بە پێنج ئەڵقە بۆ هەر شتێکی پەیوەندیی بە کاروباری عەسکەریو جوگرافیای عەسکەرییەوە هەبآ، بڵاو کراونەتەوە؛ لەوانە، هەرە دیارترینو گونجاوترینیان "پێشمەرگە"یە، کە وەک زاراوە بۆ "سەرباز" بەکارهێنراو دواتر جآی خۆی کردەوە، لەوکاتەوە بوو بە زاراوەیەکی باوی ناو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستان بۆ چەکبەدەستانی شۆڕشی کورد.

١. ٢. ٣. ٣.وەرگێڕان:

وەرگێڕدراوی بابەتی سیاسیو ئەدەبیو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریی گشتی، لە فارسیو عەرەبیو تورکی(ئازەری)و فەڕەنسییەوە، سەرچاوەیەکی تری زانیاریی بۆ "کوردستان" دابین کردووە. ئەو (٥٤) وەرگێڕدراوە، ٣٢یان لە فارسی، ١١یان عەرەبی، ٤یان فەڕەنسیو ٦یان لە تورکییەوەن؛ ٤٢یان لە ١ ژمارەدا، ٢یان لە ٢ ژمارەدا، ١یان لە ٣و ١یان لە ٤ ژمارەدا بڵاو بووەتەوە.

سەرباری ئەوە، سەرجەمی هەواڵەکانی دەرەوەی قەڵەمڕەوی حکوومەتی میللی کوردستان کە لە ڕادیۆو ڕۆژنامەوانی بێگانەوە وەرگیراون، بآگومان لە زمانانی تری وەک فارسیو عەرەبیو فەڕەنسییەوە کراونەتە کوردی.

١. ٢. ٣. ٤. خۆشبینی لە شوورەویو مەنشووری ئەتڵانتیک:

جووڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کورد لە درێژایی مێژووی نوێدا دۆستو پشتیوانێکی نێودەوڵەتی یا هەر لایەنێکی دەرکیی نەبوە؛ خۆیشی لەبەر نائامادەیی تەواوی کۆمەڵگەی کوردیو سەرکردایەتیەکەی، وەکوو پێویست لەباریدا نەبوە خۆبەخۆ مەسەلەی کورد بەرەو سەرکەوتن بەرآ. لەبەر ئەوە لە هەر گۆڕانکارییەکی جیهانیو ناوچەییدا جۆرێک لە چاوەڕوانیو خۆشبینیی لەلا پەیدا بووە. بڕانەوەی دووەم جەنگی گەورەو سەرکەوتنی هاوپەیمانانو ڕاگەیاندنی مەنشووری ئەتڵانتیک، بەتایبەتیش لەئارادابوونی سۆڤێت وەک هێزێکی کاراو بڕیاردەر، هیواداریان کردووە کە ئەمجارە هیچ نەبآ لانی کەمی مافەکانی بۆ دەستەبەر بکەن. ئەم خۆشبینییە، لە کۆمەڵێک وتاری "کوردستان"دا ڕەنگی داوەتەوە:

-(ئەوە عەدالەت بوو: ژ٤، ل٤):

((ئیتیحادی جەماهیری شوورەوی بۆ بەڵاگێڕی نەتەوەی کرێکارو هەژار، بۆ بەرهەڵستیی‌ڤوڵمو ئیستیبداد، داوێنی هیممەتی هەڵبڕی، هەڵمەتێکی زۆر باشی قانوونیی بۆ ئەو دیکتاتۆرە ڤاڵمانە هێنا؛ میلیۆن میلیۆن لاوو گەنجی بۆ پاراستنی حقووقی بەشەری بە کوشت داو هەستی ڤاڵمی کۆتا کردو بە دونیاشی حاڵی کرد: حەقی ژیانی لە گێتیدا هەیە. ئێمە نەتەوەی کوردیش بە پشتیوانیی خوداو پێشەوای بەرزی ئۆردووی سوورو بەپآی ئەو مەنشوورو قانوونە باشەو بەپآی قانوونی ئەساسیی پاشی قەوماو بڕێکی زۆر خودموختاریی خۆمان وەگیرخست... .))

-(کورد ئازادیی دەوآ: ژ٧، ل١)

((ئەو هەموو شەڕو کوشتارەی کە دەوڵەتەکانی دێموکراسی کردیان ماوەی حەوت ساڵان *ئەو * هەموو چهرەرو زیانەو مالڕوێرانو کوڕکوژراوو باب کوژراو بووە. لەو مابەینەدا لەلایەکەوە خوێنی خۆیان دەڕشتو لەلایەکەوە (مەنشووری ئاتڵانتیک)و (یاڵتا)یان دادەنا، بە میللەتی چووکیان ڕادەگەیاند ئەو خوێنەی کە ئێمە دەیرێژین، تۆوی ئازادیو ڕزگاریی ئێوەیەو ئێوە لەدواییدا لەو نیعمەتەی ئیستیفادە دەکەن. لەبەر ئەوە تەواوی میللەتی چووک کە لەژێر چەکمەی ئیستیعماردا دەیانناڵاند، ئومێدەوارو دڵخۆش *لە * چاوەنواڕی لەبەین چوونی دیکتاتۆریو نزیکبوونەوەی ڕۆژی ڕزگاریدا بوون... .))

-(مۆلۆتۆف، برنس، بۆین: ژ١١، ل٢)

((ئەی باغەوانی باغی ئازادیخواهی، ئەی وەرزێرانی ڕووسو ئامریکاو ئینگلیس، ئەی ئەو کەسانەی دەتانەوآ پایەی دونیای ئایندە لەسەر عەدالەتو ئازادیو بەرابەری دانێن، تا فکری دونیاگیری نەکەوێتەوە سەری کەسو هەموو میللەت لە حقووقی خۆیان بەرخوردار بن، ... تەواوی ئەفرادی دونیا بە دڵێکی پەرێشانو چاوی پڕ لە گریان... هیوادارن مەنشووری ئاتڵانتیکو سانفرانسیسکۆ بێننە حەیزی ئیجراو بەشەر بە حەقی جانفیدائیو زەحەماتی حەوت ساڵەی خۆی بگا... وێستاش ئەگەر بێتو کۆمەڵە چووکەکان کە گیانی پاکی خۆیان بۆ نەجاتی نەوعی ئینسان لە پەنجەی دیکتاتۆری وەقف کردووە، لە میوەی تەڕو تازەی یۆڵحو حقووقی موسەللەم بآبەش بنو دیسان بکەونەوە ژێر مەنگەنەی ئیرتیجاعو دیکتاتۆرانی ورگ زلی خوێنمژ، ڕووحی ئەو جەوانمەردانە لێو نابوورآو بە تەحقیق شەڕی سێیەم هەڵدەئایسێتەوە... ئەمما خۆ بە ئیقراری خۆیانو لەڕووی ئەو پەیمانانەی کە لەژێر بەحری لە پەنای ژێردەریائیی دوژمن، لە وشکانی لە تیرڕەسی فاشیست بەستوویانە مەنڤووری هەرە عومدەیان ئیستیخلاێی کۆمەڵی چکۆلە لە یۆغی بەندەنگیو بەردەگی، ڕووناککردنی دونیای تاریک بە نووری عەدلو ئینێافو تەئمینی سەعادەتو ڕەفاهییەتی بەشەر بووە.))



-(یەکەتی ئێمەی بە ئارەزوو گەیاند: ژ١١، ل٢،٤)

((کورد کە بە دونیای نیشان دا دەتوانآ بۆ خۆی خۆی ئیدارە کا، بەرانبەری مەنشووری ئاتڵانتیک کە هەر میللەتێک بتوانآ خۆی ئیدارە کا حەقی ئازادیی هەیەو بێگانە نابآ حوکمیان بەسەردا بکا، لێرە بەولاوە هەمیشە بە ئازادی دەژی.))

-(نوگقی یای وەیلەمەی یەدیادیان: ژ١٣، ل١)

((بە فەرمانی یەکە پیاوی مەیدانی عەدالەتو بەشەردۆستی ژەنرالیسمۆس ستالین ئێمەش لە زیندانی دیلی هاتینە دەرآو ڕێگامان بۆ کراوە.))

-(شووڕەویو ئێران: ژ١٣، ل٣،٤)

((ئێمە بەناوی مەدەنییەت دەڵێینو دەنووسین، سآ دەوڵەتی ڕووسو ئینگلیسو ئامریکا کە بەیەکەوە مەنشووری ئاتڵانتیکیان بەست، بۆیە بوو کە ئاڵمانی فاشستو دارودەستەکانی مەحوو و نابووت کەنو نەتەوەکانی کە هەتا ئەورۆ لەژێر چنگۆڕکی ئیستیبدادو ئیستیعماردا دیلو یەخسیرو ناڵاندوویانە ڕزگاریان بێتو سەربەست بژین: ئەگەر بێتو خودای نەکردە وەفا بە عەهدی خۆیان نەکەن، بە زوویەکی زوو ئاوری چارەڕەشی نەتەوە چووکەکان هەڵی دایسێننو قسەی تیا نییە داوێنگیری وانیش دەبێت....))

-(سوپای سوور: ژ١٨، ل٤،١)

((سوپای سوورو میللەتی جەماهیری شوورەوی خواربارو هەموو جۆرە پێویستی ژیان بە میللەتی لێقەوماو و وەپاشکەوتوو و برسی کە دەستی تەڕەحوم بۆ وان درێژ دەکەنو دەیانەوآ لە سێبەری واندا ببووژێنەوە، دەگەیەنآ. باوەڕی سوپای سوور لەسەر ئەوەیە کە دەبآ هەموو نەتەوەیەک لە ئازادی بەشی ببآو لە دیلی ڕزگار بێت، وە نایەوآ هیچ میللەتێک بە هەژاریو سەرکزی بژی. ئێمە کە کوردینو تینووی ئاوی ژیانی سەربەخۆیینو دەمانەوآ لە دیلی ڕزگار بینو نابآ لەمە پتر بە فێلڕو تەڵەکە خوێنمان بمژنو بەناحەق بیرێژن، لە خودای بەرز دەپاڕێینەوە کە ئەم جێژنە *٢٣ی فیوریە ٢٨هەمین ساڵی دامەزراندنی سوپای سوور * مەزنە کە مایەی شانازیو سەربڵندیو ئیفتیخاری بەشەرییەتە لە پێشەوای هەڵکەوتوو و لەکار دەرهاتووی سوپای سوورو تەواوی ئەفرادی یەکەتیی جەماهیری شوورەوی پیرۆزو دەلاڵێینەوە کە بە یێجگاری موەفەق بێتو ئاڵای سوور لە ئاخر نوقگهی شیمالو جنووبو ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات بە شانازی بلارێتەوەو تەواوی نەتەوەی لێقەوماوی عالەم لە شەفەقەتو نەوعپەروەریی سوپای سوورو ڕاهنومایی وی وەکوو هەموو نەتەوەکانی یەکەتیی جەماهیری شوورەوی بەشدار بن.))

-(لە کوێی ببەستمەوە: ژ٢٣، ل١)

((ڕۆژآ کە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان پەیمانی ئاتلانتیکیان دەنووسی، هێندێک لە دەوڵەتە ئیستعماریەکان پێیان وابوو ئەوەش وەک درۆی هەزار ساڵە بۆیان بوز دەخوا، هەر بە سەری زمان فەرموویێک دەکەنو پێکی ناهێننو هەر بە ئافەرینێک ملی گەلە بچکۆلەکانی دونیا دەشکێنن. ئیدی نەیاندەزانی ئەورۆ درۆ لە برەو کەوتووە، کەس بە فێلرو تەڵەکە هەڵناخەڵەتآ، نەیاندەزانی کە لە دونیای ئەورۆدا دێموکراسی‌ی بەڕاستی‌و ئازادی‌ی بآپێچوپەنا وەک بە گوێیانی هەڵکێشی یەک ڕۆژەی دوو ڕۆژەیە، نەیاندەزانی کە دەوڵەتێکی وەک شوورەوی هەیە کە درۆ دە ئامانجی ویدا نییەو هەموو کەس ناچار دەکا هەر بەڵێنییەکی داوە دەبآ پێکی بهێنآ... .))

-(کوردو پەیمانی ئاتلانتیک: ژ٢٨، ل١)

((بەڵێ هەموو میللەتو دەوڵەتێک چاوەڕوانی ئەوەیە پەیمانی ئەتلانتیک بێتە جآ، چونکە بە تایبەتی میللەتانی بچووکی ئەم دوای شەڕە وەک شەڕی پێشوو تەماشا ناکەن. میللەتی کوردیش کە یەکێکە لەو میللەتانە کە ئاوارەی دەستی ئیستیعمار بووە، بە هەموو هێزێکەوە تآدەکۆشآ بۆ هێنانەجآی پەیمانی ئەتلانتیک کە ڕێگای بۆ هەموو میللەتێک کردۆتەوە، چە گەورە چە بچووک، بەرەو ڕێگای ئازادی بڕوات...

کورد ئەمینە لەوەی کە پەیمانی ئەتلانتیک تەنها نووسین نییە لەسەر کاغەز، بەڵکوو پەیمانێکە کە بەرامبەر هەموو میللەتێک دێتە کارەوەو ئەم هاتنە کارەش دەگاتە میللەتی کوردی خاوەنی مێژوو و ئەرچو زبانو ئەدەبیاتو عەنعەنانی میللی.))

-(کوردو کۆنگرەی یۆڵح: ژ٤٢، ل١)

((جەنگی دووەم بە داخڵبوونی دەوڵەتی شوورەوی -قیبلەگاهی هیوای هەموو میللەتان- بە جەنگێکی ئازادیخواهی گۆڕدرا... کۆنگرەی یۆڵحی ئەمجارە لە ڕەگەزی کۆنەپەرستی‌و ئیستیعمار دوور دەبێت وە دەنگی ئازادیخواهی لەم کۆنگرەیەدا زۆر بەنرخ دەبێتو هەموو میللەتێک نمایندەی خۆی بۆ ئەم ئامانجە بە تەئییدکراوی‌و موەفەقی بۆ دەگێڕێتەوە. لەکاتێکدا کە لەسەر مێزی یۆڵح باسی میللەتی کورد دێتە پێشەوە، نمایندەی میللەتی کورد، ئەڵبەتە بە سەربەرزییەکەوە لە جێگای تایبەتی خۆی لەناو نمایندەکانی تەواوی میللەتانی دونیادا ڕادەوەستێت وە میللەتە نەجیبەکەی خۆی بە هەموویان دەناسێنآ.))

-(کوردستان قسان دەکا: ژ٤٣، ل٢)

((دانیشتوانی نیشتمانی شوورەوی... هەموو چتو گشت هێزێکیان بۆ بەرزکردنەوەو نەجاتدانی نەتەوەکانی لێقەوماو و ئاشناکردنی ئەوان بە شارستانیەتو سەرخستنی پایەی ژیانی میللەتە هەژارەکان بەخت کردووەو ئێستاش هەر بەختی دەکەن...

ئێمە میللەتی کورد کە یەکآ لە نەتەوەکانی تاریخی‌و نەمرو نەبەزی ڕووی هەردین، بێجگە لەوەی دەگەلڕ هەموو نەتەوەکانی ڕووی هەردی لە هەستی بەشەردۆستی‌ی ئیتیحادی جەماهیری شوورەوی بآبەش نەبووینو بەهرەمان بردووە، لەو میللەتانەی کە بە شایەدی تاریخ دوازدە چەرخیش دەبآ دەگەلڕ میلەلێ کە ئەورۆ لە نیشتمانی شوورەویدا دادەنیشن، هاوسآو ڕابیگهی تیجارەتی‌و ئیقتیێادیمان بووەو لە زانستو هونەریان پیتمان وەرگرتووە.

قارەمانانی شوورەوی لەکاتێکدا کە ئێمە ژیللەتو هەژاریمان بە نوخگهی ئاخر گەیشتبوو، بە فریامان هاتنو لەژێر تیغی جەللادی چوحاکیان دەرێناینو لە حەوت خوانی ئەفراسیابیان نەجات داین... بە کورتی ئێمە بەهۆی ئازادییەک کە دەوڵەتی سۆفیات لە دونیادا بڵاوی کردۆتەوە، دەستو پێمان کراوە، توانیمان لە هەموو مەرحەلەیێکی ئیقتیێادی، لەشساغی، فەرهەنگ پێشڕەفتێکی سەرلێسوڕماو و قابیلی تەقدیر بکەین... دەوڵەتی بەرزی شوورەوی بۆ ئیتمامی حوجەتی دۆستی‌ی خۆی لەسەر ئێمە، یەک دەستگای ئیستاسیۆنی ڕادیۆ دەگەلڕ بڵیندگۆو یەک دەستگای سینەمای سەییاری بە کوردستانی ئازاد بەخشش فەرموو.

نەتەوەی کورد مردبوو لە سایەی شوورەوی زیندو بووەوە. میللەتی کورد لە ئازادی‌و حقووقی بەشەرییەت بآبەش بوو، لە سایەی شوورەویدا لە ئازادی بەشی برد... بژی‌و هەر سەربەرز بآ ژەنرالیسمۆس ستالینی کەبیر، هەر بەرزو ڕاوەستاو بآ ئاڵای سوور، هەر نێوبەدەرەوەو پێشکەوتوو بآ هۆردووی سوور- بژی‌و هەر دەسڕۆییو بن تەواوی میلەلی شوورەوی.))

ئەو خۆش بینییە بە ڕادەیەک گەیشتووە کە لە یەکێتی‌ی سۆڤیەت چاوەڕوان کراوە حکوومەتی ئێران بڕووخێنآو ڕزگاری بداتە کورد:

-(جەژنی مەهی کارگەران: ژ٤٦، ل٤)

((ئەی کارگەرانی وڵاتی شوورەوی... ئەمن بە نمایندەیی‌ی جەوانانو کارگەرانی وڵاتی کوردەواری سەلامتان بۆ دەنێرم، هەروەکوو کاخی ڤوڵمو زۆری سەلـَگهنەتی تزاریتان ڕووخاند، هەروەهاو بە ئومێدی خودای کاخی ڤوڵمو زۆری دەوڵەتەکانی ئێرانو عێراقو تورکیە دەڕووخێننو هەر ڕۆژەی بەردێکی لە کەلاوەی ڕماوی چارەڕەشییان دەڕووخێننە سەر ئاغەڵی تاریکی بەدبەختییان.))

شاعیرانی وەک هێمنو هەژار شیعری "لەشکری سوور"و "جووتێری بەمشوور"یان بۆ سوپای سوور وتووە (ژ٢، ل٤). تەنانەت لە مردنی "کالینین"ی ڕێبەرێکی یەکێتی‌ی سۆڤێتدا، لە مەهاباد دوو ڕۆژ پرسە گیراوەو ئاڵای کوردستان تا نیوەی هێنراوەتە خوارآ (ژ٥٦، ل١، ٢).

١. ٢. ٣. ٥. ڕوانین لە ئەزموونەکە:

حکوومەتی میللی‌ی کوردستان، دوای (حکوومەتی کوردستان)ـەکەی شێخ مەحموودی حەفید لە سلێمانی، دووەم ئەزموونی حوکمداری‌ی خۆماڵی بوو لە مێژووی نوآی کورددا. لەبەر ئەوە، وەک کوردی پارچەکانی تری کوردستان بە ئومێدەوە تێیان ڕوانیوە، لە ناوەوەیش خەم بۆ سەقامگیرکردنی پایەکانی ئەو حوکمە خوراوە.

سەیید محەممەدی حەمیدی لە (بسماللە الرحمن الرحیم: ژ٢، ل٤؛ ژ٣، ل٢)دا نووسیویە:

((ئەم هەژارانە کە ساڵەهایە غەمو تەم دایگرتوونو هەر چاوەنۆڕی‌ی نەیرەتی خوایان کێشاوە، ئێستا گشت چاویان لەدەس ئەولیای ئومووری کوردستانە. لەوکاتەدا کە خودا ئاواتی بەجآهێناوینو نەیرەتی داوینو ڕشتەی کارەکان بەدەس خۆمانە، دەبآ هەرچی زووتر بناغەیەکی وا دابنێین کە هیچ هێزێک نەتوانآ بیڕووخێنآ، پیاوی خۆش سابیقەو فەعال کارەکان هەڵسووڕێننو هەموو کارآ لە مەجرای خۆی هەڵسووڕآ؛ هەر کەس نەڤهرییاتی تایبەتی بێنێتە پێش، وای لە دەمی دەن ددانی پێوە بشکآ. هەر ئەندازە کۆششت بکەین، دەبآ بە کەمی بزانینو هەولڕ بدەین ڕۆژ بەڕۆژ میزانی فەعالییەتیان باڵا بچآ.))

ئەحمەد عیلمی، لە (ڤوڵمو ئیستعمار نەتیجەی بەکوآ دەگا ؟: ژ٥٤، ل٢)دا، ڕێخستنەوەی باری ناوخۆو داناى ئیدارەیەکی کاراو لێوەشاوەو مسۆگەرکردنی لانی زۆری دادی کۆمەڵایەتیی کردووە بە پێوەری سەرکەوتنی ئی‌زموونەکە، وا کە دەسەڵاتی کوردی لە میللەت دانەبڕآو هەقو دادپەروەری‌و یەکسانی بەرامبەر بە یاسا بەرقەرار بکات:

((بۆ پێشڕەفتو سەعادەتی جامیعە دوو شت لازمە؛ هەووەڵیان ئەوەیە کار بە کاردارو پیاوی عاقلڕ بسپێردرآ، بەو مەنڤوورە هەر کەس لیاقەتو ئیستیعدادی هەر کارێکی هەبآ ئەو کارەی بدەنآ... نوکتەی دووەم ئەوەیە: ڕێگەی هاسان بۆ ئەوەی کە هەموو کەس بتوانآ دەردی دڵی خۆی بە پێشەوای خۆی بگەیێنآ، چییە ؟ ئەولیای ئومووری دەوڵەتە ! مەعلوومە مەملەکەتێک تەنیا بە نەفەرێک ئیدارە ناکرآ، بەڵکوو بۆ ڕێکوپێککردنی کاری مەملەکەتو کردنەوەی موشکیلاتی حەیاتی لازمە کە تەواوی ئەفرادی میللەت لە حقووقی ئازادی بەهرەمەند بآو لە ئاوی عەدالەت بخواتەوە. جا لەبەر ئەوە ئەخلاقی ئەولیای دەوڵەت دە ڕووحی ئەفرادی میللەتدا تەئپیری زۆرە؛ ئەوانیش دوو وەڤیفهیان هەیە: وەڤیفهی ئەووەل ئەوەیە ئەوانەی کە ڕتقو فتقی ئومووری مەملەکەتیان بەدەستە، دەبآ دایما ئاگایان لە حاڵی میللەت بآو هەمیشە موتەوەجیە بن کە کاری زۆر جوزئیش بە چاوێکی پڕ لە ئەهەمییەت تآبفکرن، تاکوو لە ئەپهری بآموبالاتی‌ڕا ڤوڵم ڕیشە دانەکوتآو حەقی خەڵکی چایع نەبآ، چونکوو مەوچووعی ڤوڵم وەکوو هیچ شتێک نییە، ئەگەر زوو پێشی نەگیرآ، خودا نەکا ئاهی کەسێک لە دەرگای خودا قەبوولڕ بکرآ، جا وای بەودەمە ! وەڤیفهی دووەم ئەوەیە کە میللەتی خۆیان دە نەڤهری پێشەوای خۆیاندا بە جوانی جیلوە بدەنو خودا نەخواستە یەکێک کارێکی لێ واقیع بوو کە موخالیفی مەیلی ئەولیای دەوڵەت نەبوو، یا تەقاچایەکی خیلافی قانوونی یەکێک جێبەجآ نەکرا، ئەوان یەرفەنەڤهر لە وەڤیفهی ویجدانی‌ی خۆیان نەکەنو گهرەفداری حەق بنو هیچ وەختێک ڕاچی نەبن کە ئەغراچی شەخێی داخل بە ڕشتەی حەیاتی ئەفرادی میللەت بآو زبانیان نیسبەت بە خەڵق لە مەقامی ڕەسمیدا بە چاکی بگەڕآ.))

یای حەلەبی سمایل فەرەجی، وەک ئافرەتێکی چالاکو بەئاگا، پاراستنی ئەو ئازادییەی بە ئەرکی هەموان، بە ژنو پیاوەوە، داناوە؛ لە (ڕاگرتنی ئازادی لە گیانو ماڵ بوردنی دەوآ: ژ٢٨، ل١)دا بە ڕاشکاویو ژیرانە نووسیویە: ((ڕاگرتنی ئازادی لە وەدەستهێنانی زەحمەتترە، جا لەبەر ئەوە وەڤیفەی هەموو کوردێک فیداکاریی سەروماڵە لەپێناو ڕاگرتنی سەربەخۆیی کوردستان، وە بەتایبەتی وەڤیفەی ژنانی کورد لەوڕۆدا ئەوەیە کە بە گیانو ماڵ شانبەشانی پیاوان بۆ ئەو ئامانجە موقەددەسە هەنگاو هەڵێنن ... ئەوڕۆ ژنانی کورد، لەجیاتی خشڵو زێڕ، دەبآ بە چەک، ئەسلەحە برازێنەوەو ئەو خشڵو زێڕە لەڕێگای سەرکەوتنو خۆشبەختیی کورد خەرج کەن ... ئەوڕۆ ژنانی کورد بە گەوهەری ئازادی ڕازاونەوە؛ ئیتر خشڵو زێڕ لە بەرامبەر ئەو گەوهەرە بەهادارە زینەتێکی نییە، جگە لەوەی لەڕآی سەرکەوتنی گەلدا خەرج کرآ.))

قادری مودەریسی، سەرکەوتنی ئەو ئەزموونەی حوکمی کوردیی بە مایەی خێرو هیوا بۆ کوردی پارچەکانی تریش لەقەڵەم داوە. لە خوتبەی (جێژنی چاپخانەو ئیدارەی ڕۆژنامەو گۆواری "کوردستان": ژ١٨، ل٤)دا وتوویە:

((ئەی مەهاباد، بە خۆت بنازە کە ئەوڕۆ ڕۆڵە ڕەشیدەکانت توانییان ئاڵای سآ ڕەنگی سەربەخۆئی لەسەر تۆ هەڵبکەنو دایکی نیشتمانی کورد ڕزگار بکەن. ئەی مەهاباد، بزانە جآو مەقامی تۆ زۆر بڵندە، قیبلەو میحرابی نۆ میلیۆن کوردی، چاوی نۆ میلیۆن خوشکو برای کوردیش لە تۆیە کە دە فریایان بێیو لە دیلو یەخسیری نەجاتیان بدەی.

ئەی گەورە گەورەکانم ئێوە بزانن تا یەک نەفەر کورد لە دونیادا یەخسیر مابآ، ناتوانین بە خۆمان بڵێین کورد ڕزگار بووەو ئازادین. ئەوڕۆ چاوی ٩ میلیۆن کورد لەنگۆیەو دەستیان بۆ تۆ درێژ کردووە تا ڕزگاریان بکەین. ئەی پێشەوای خۆشەویست دایکی نیشتمان لە تۆ ڕاچییەو شادباشت دەکاو دەڵێ ڕۆڵەی خەلەفی من ڕامەوەستە وە ئەو ڕۆژە بە جێژنی تەواو مەزانە تا سایری ئەولادەکانم ڕزگار نەکەی، تا کوردێک لە زیندانی ئیستیعماردا بمێنآ، جێژنە بۆ مە نییە.))

محەممەد نانەوازادە پاراستنی ئەو ئەزموونەی لە دابینکردنی هێزو لەشکری ڕێکخراوی کورددا دیوەتەوە؛لە نوتقەکەیدا ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانوتوویە: ((گەورە گەورەکان فەرموویانە: قشوون ڕووحی میللەتە. مەملەکەت دەبآ یاحێب هێزو قووەت بآ، تا ئیفتیخاراتی میللی خۆی ڕاگرآ.))

سەیید محەممەدی حەمیدی، لە (خوێندەوار بە نەخوێندەواری تآگەیێنێ: ژ٩، ل١)دا، پارێزگاری دەسکەوتەکانی ئەو هەلومەرجە نوێیەی بەستوەتەوە بە یەکێتیی هەموانەوە: ((یەکەتی، ئێوە دە دونیادا گەورەو سەربەرز دەکا، نیشتمانو ئاوەدان دەکا، کانگای جەواهێراتو لەبن هەردی بۆ دەردێنآ، کوردی هەژاری ڕووتوقووتو برسی پۆشتەو تێر دەکا. بە بۆنەی یەکەتی دەتوانن لە پاککردنی مەنازیلو ئێڵاحی ئەوچاعی عموومی- ئیستراحەتی بیریو گیانی ئیستیفادە بکەن ... .))

١. ٢. ٣. ٦. سەربەخۆیی یا خودموختاری:

"کوردستان" لە هیچ ژمارەیەکیدا ناوی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی وەک ئامانجی ئەو قۆناغەی جووڵانەوەی کورد نەبردووە. خودموختاری، وەکوو مافێکی بەدەستهاتوو باس کراوە، وا کە هەوڵ بۆ چەسپاندنی لە قانوونی ئەساسیی ئێراندا دراوە. قازی محەممەد لەم ڕووەوە لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەکانی تاراندا(ژ١، ل٤؛ژ٢، ل٢) وتوویە: ((ئێمە لە دەوڵەتی ئێران ئیجرای قانوونی ئەساسیمان دەوآو دەمانەوآ بە خودموختاری لەژێر بەیداغی ئێراندا بژین؛ وە خودموختاریشمان وەگیر کەوتووە، چوار ساڵە خودموختاریی داخیلیمان هەیە ... ئینتیخاباتمان کردو هەیئەتێکی ٩ نەفەری بە نێوی هەیئەتی میللی هەڵبژێردرانو سەرۆکی ئەو هەیئەتە بە خۆمە.))

خاڵە گرنگەکانی مەرامی (حیزبی دێموکراتی کوردستان)یشی هێناوەتەوە: (( ١- میللەتی کورد لە ئێراندا لە هەڵسووڕاندنو پێکهێنانی کاروباری جێگای خۆی ئازاد بآو لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا بژی. ٢بتوانآ بە زمانی کوردی بخوێنآو لە وەڵاتی کوردستان کاروباری نووسین لە ئیدارەکانی دەوڵەتیدا بە کوردی بآ. ٣-ئەنجومەنی ئەیالەتیو ویلایەتی کوردستان وەکوو قانوونی ئەساسی دەبآ جێبەجآ داندرآ، لە هەموو کارەکانی ئیجتیماعیو دەوڵەتیدا چاوەدێری بکاو پآ ڕابگآ. ٤-مەئموورینی دەوڵەتی هەر دەبآ لە خەڵکی مەحەل بآو بەپآی قانوون لەنێو ڕەعییەتو مالیکدا سازش بەجآ بآ کە دواڕۆژی هەردوکیان تەئمین بکرآ. ٥-حیزبی دێموکراتی کوردستان سەعی بکا کە میللەتی ئێران هەموو بە برایەتیو بەرابەری بژین.))

قازی، پآبەپآ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کوردی لە چوارچێوەی ئێراندا وا ویستووە: ((فیرقەی دێموکرات [ی کوردستان]دەکارهێنانی قانوونی ئەساسیو دێموکراسیی ئێرانی دەوآو هەر وەخت داواکانی مە لەگەڵ قانوونی ئەساسی کە بە خوێنی گەلێکی زۆر لە پیاوە ئازادیخوایەکان تەواو بوو، ئێمە قانوونی ئەساسی ڕادەگرین ... داوام کرد لەباتی تۆپو تانک بۆ سەر کوردەکان کە حەقی خۆیان داوا دەکەن، دەستوور بدەن بیهداریو فەرهەنگی وان چاک بکەن، ئەمانە نەتیجەی نەبوو. ئەگەر دەوڵەت بیەوآ لەوەی زیاتر کەم ڕوحم بآ، مومکینە لێرەڕا کار سەرچاوە بگرآ کە ئەمە بتوانین ئازادیو دێموکراسی بۆ تەواوی میللەتی ئێران تەئمین بکەین.))

قازی، هەر لەوەبەتر لە نوتقی (میتینگ لە مزگەوتی سوور/ ژ٢٢، ل٢، ٣)دا جەختی لەسەر پێشینەو ئامانجی تێکۆشانی خەڵکی کوردستان کردوەتەوە، وا کە ((لاوانو گەنجانی مەهاباد دەستیان کرد بە کارو مەرامی موقەددەسیان تەعقیب کرد لە بنئەشکەوتانو لە شیوانو خانوان بە دزی خڕ دەبوونەوەو فەعالییەتیان بەخەرج دا، تا لکی خۆیان لە تەواوی کوردستاندا کردەوەو هەموو کوردێکیان بۆ کار ئامادە کردو خۆشیان بەهێز کرد، تا وا بۆ چەندە لەمەوبەر مەرامی دێموکراتییان بە دنیا گەیاندو تەفاچولی خودموختارییان لە حدوودی دەوڵەتی ئێراندا کرد.))

١. ٢. ٣. ٧. ژیاننامەی زانایانی کورد:

"کوردستان"، لەسەر دەستی سەیید محەممەدی حەمیدی، بایەخێکی زۆری بە بووژاندنەوەی مێژووی کورد بەگشتیو هی زانایانو ناودارانی کورد بەتایبەتی داوە، وەک بەشدارییەک لە دروستکردنی پاشخانێکی مێژوویی شانازی لەلای خوێندەواری کورد. لە (تکا: ژ٤٨، ل٣)دا وتراوە: ((ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان ڕەچاوی گرتووە کە لە هەر ژمارەیەکدا جەنگێک لەو جەنگانەی کە لە کوردستان قەوماوە، چ کۆنە چ نوآ، بەتایبەتی ئەو جەنگانەی کە دەگەڵ دوژمنانی کورد بۆ ڕزگاریی کوردستان لەژێر نیری دیلی کراون، لە ستوونێکی تایبەتیدا بنووسآ. تکا دەکەین هەر کەس ئاگاداری لە بەسەرهاتی هەر جۆرە شەڕێکی کوردستان هەبێت، چە لە کتێبی مێژووی بنووسێتەوە، وەیا لە ئەشخاێی موگهلیعی وەرگرآ، بۆمان بنووسی کە لە ڕۆژنامەدا بڵاوی بکەینەوەو ئەگەر کەسێک کتێبێکی وا لەکنی ببآو بۆ خۆی وەختی نەبآ بینووسێتەوە، دەگونجآ کتێبەکە بۆ ئێمە بنێرآ، پاش چاپ ڕەوانە دەکرێتەوە.))

بەوپێیە، ناوبراو دوو ناميلکەی بۆ ئەوکاتە زۆر گرنگی سەبارەت بە مێژووی کورد (الڕکراد منژ فجر التاریخ الی سنە ١٩٢٠، بەسەرهاتی ئاڕاڕات "ئاگری")ی وەرگێڕاوە. جگە لە تۆمارکردنی وردە زانیاریی مێژوویی، هێنانەوەی ژیاننامەی زانایانو ناودارانی کوردی وەک(مەلا عەلی قزڵجی تورجانی، مەلا جامی، ئێنول حاجیب، سوڵتان ساق، عەلی تەرمۆکی، باباتاهیری عوریان، مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب، شێخ مەعرووفی نۆدآ، شێخ باباسەعید، مەلا حەسەن ئیبن عوپمانی، مەلا خدری نالی، ئیبنول ئەپیر، مەولانا خالیدی کوردی شارەزووری، قازی محەممەد، ئەبول حەسەن سەیفی قازی، فەتاحی قازی، هێمن، هەژار، محەممەدی نانەوازادە، ئەنوەر حوسێن دزەیی ...)،داهێنراوێکی ڕۆژنامەکەیەو بەشێکی دیاری ئەوانە یەکەمجار بووە لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا لەسەریان بنووسرآو ناوو ناوبانگیان زیندوو بکرێتەوە.



# بۆقە خنجیلە

## عوسمان دەروێش



دوای ئەوەی هەنسک لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ دەرنەچوو ، زۆر خەمبار بوو ، زۆریش پەشیمان بوو لەوەی وانەکانی نەدەخوێند و گوێ ڕایەڵی مامۆستا نەدەبوو ، بەڵام پەشیمانی هیچ سوودێکی پێنەگەیاند ، بەهۆی بزێوی و کەم خوێندنەوە ڕەنجی ساڵێکی بەهەدەر چوو .

لەدڵتەنگی خۆی ، بۆ ئەوەی کەمێک خەمەکانی نەمێنێت و دڵی هێوربێتەوە .. ڕووی لەچەمەکەی خوار ماڵی خۆیان کرد ، بە قیرە قیرِی بۆقەکانی ناو ئاوی چەمەکە هێندەی تر پەست بوو ، لەداخا بەردێکی هەڵگرت و بە توندی هاویشتیە ناو ئاوەکەوە ، بۆ کەمێک بۆقەکان لە قیرە قیرِ کەوتن و بێدەنگ بوون .

بەڵام دیسانەوە بۆقەکان دەستیان پێکردەوە ، هەنسک بەناچاری هەستا و بەدڵتەنگیەوە ئەوێی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ ماڵ ، خەم و پەژارە دایگرتبوو ، بۆ یاریکردنیش نەدەچووە نێو هاوڕێکانی ، سبەینێ دیسانەوە بەنیازی ئاوی چەمەکە لەماڵ دەرچوو ، پێش ئەوەی بگاتە چەمەکە لە دوورەوە گوێی لە دەنگی قیرەقیرِی بۆقەکان بوو ، پەشیمان بوو لە چوونەکەی ، دوو هەنگاو گەڕایە دواوە ، لە نێو پووش و پەڵاشە وشکەوەبووەکانی سەر ڕێگاکەی بەچکە بۆقێکی خنجیلەی بینی ، کزو مات ، خەمبار و دڵتەنگ ، لەو دوورەوە گوێی لە دەنگی هاوڕێکانی دەگرت ، هەنسک لێی چووە پێشەوە وپرسیاری لێکرد .. بۆقە خنجیلەکە ئەی تۆ بۆ ناچیتەنێو هاوڕێکانت ، وەکو ئەوان مەلە بکەیت و یاری بکەیت ، بەسەر زیخ و بەردەکاندا بازباێن بکەیت ؟؟

بۆقە خنجیلە دەستی بەگریان کرد ، هەنسک لێی پرسی .. بۆچی دەگریت ، خۆ نەخۆش نیت ؟؟

بۆقە خنجیلە بەدەم هەنسکی گریانەوە پێی وت .. دوێنێ لەنێو ئاوەکە بووم ، لەگەڵ دایکم و هەموو هاوڕێکانم یاریم دەکرد ، مەلەم دەکرد ، دەچوومە دەرەوە و دووبارە بە بازدان خۆم هەڵدەدایا نێو ئاوەکەوە ، لەسەر بەردە گەورەکان پشووم دەدا و مێشوولەم ڕاو دەکرد ، گەلێ دڵخۆش بووم و کاتێکی خۆشمان بەسەر دەبرد ، بەڵام لە پڕدا یەکێک هات و ئەو خۆشییەی لێ تێکداین ، بەردێکی هاویشتە نێو گۆمەکەوە ، بەردەکە بەر سەری دایکم کەوت و دەسبەجێ گیانی دەرچوو .

ئێستا زۆر دڵتەنگم، حەزم بەیاری کردن نیە ، زۆر بیری دایکم دەکەم ، هەنسک زۆر پەشۆکا ، لەناخەوە هەستی بەتاوانباری خۆی دەکرد ، بەڵام لای بۆقە خنجیلە نەیوت من بەردەکەم هاویشت ، تازە کارەساتەکە ڕوویدابوو ، باسکردنی بێسوود بوو ، بەهۆی ئەو کارەساتەوە هەنسک خەمەکانی خۆی لەبیر کرد و لە هۆڵی بۆقە خنجیلەدابوو ، بۆ ئەوەی قەرەبووی تاوانەکەی بکاتەوە پێی وت .. منیش ئەمساڵ لە مەکتەب دەرنەچووم ، زۆر دڵتەنگم ، حەزم بە یاریکردن و گەمەی نێو هاوڕێکانم نیە ، ئایا دەکرێ بێی لەگەڵما و ببین بە هاوڕێ ، بۆقەکە سەری ڕەزامەندی بۆ دانواند .

هەرچەندە هەنسک بە بۆقە خنجیلەی نەوت من بەردم هاویشت و دایکتم کوشت ، بەڵام بۆ ئەوەی خۆی لەو تاوانە پاک بکاتەوە پارچە مەقەبایەکی هێنا وبۆقە خنجیلەی خستە سەری ، بەدەم گفتوگۆوە گەیشتنە ماڵ ، لەژێر کوپەی ئاوەکەیان جێیەکی بۆ چێ کرد ، دەستی بەخزمەتکردنی کرد و یاری لەگەڵدا دەکرد ، هەموو ڕۆژێک دەیخستە نێو مەقەبایەک و دەیبرد بۆ گۆماوەکانی چەمەکە ، بۆقە خنجیلە تاوێ لەوێ مەلەی دەکرد و لەگەڵ هاوڕێکانی یاری دەکرد ، هەنسکیش لە گوێی چەمەکە دادەنیشت و سەیری جووڵە و یاریکردنەکانی دەکرد ، پاشان بۆقەکە دەهاتە ڕۆخی ئاوەکەو بەهەنسکی دەگوت .. با بچینەوە.

تا بەتەوای گەورە بوو ، بوو بە بۆقێکی تەو او ، هەموو ڕۆژێک ئەو کارەیان دووبارە دەکردەوە ، بەو شێوەیە مردنی دایکی لەبیر کرد و هەنسکیش دڵی ئاسوودەبوو ، بە خزمەتکردنی بۆقەکە خەمەکانی ڕەوینەوە .


پێش ئەوەی دەرگای قوتابخانە بۆ ساڵی نوێ بکرێتەوە ، هەنسک بە بۆقە خنجیلەی وت .. تۆ گەورە بوویت و ئیتر پێویست ناکات لێرە بە تەنها بژیت ، دەبێت بچیت لە نێو ئاوی چەم و گۆماوەکاندا لەگەڵ هاوڕێکانت بژی ، چونکە منیش دەچم بۆ قوتابخانەو ئاگاداری وانەکانم دەبم، بەڵام لەیادت ناکەم و هاوڕێتیمان هەر بەردەوام دەبێت ، هەموو ڕۆژێک دێم بۆ سەردانت سەیری مەلەکردن و بازبازێنەکەت دەکەم .

بۆقە خنجیلە دڵی خۆش بوو ، سوپاسی هەنسکی کرد بۆ هاوڕێتیەکەی و خزمەتکردنەکەی .

ئینجا دەرگای مەکتەب کرایەوە ، بۆ ئەوەی تۆڵەی پار بکاتەوە ، هەنسک دەستی بە خوێندن کرد ، شەو و ڕۆژ دەیخوێند ، تاوای لێهات لە کۆتایی ساڵدا بەیەکەمی قوتابخانەکەی دەرچوو ، بەڵام بۆقە خنجیلەی لەیاد نەکردو ڕۆژی تاوێک دەچوو بۆ چەمەکەو لە جووڵە و بازبازێن و مەلەکردنەکەی دەڕوانی .

# لە 100 ساڵەی لۆزاندا، کورد تا ئێستا لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەخولێتەوە

د.شێرکۆ حەمەئەمین



دەردی خۆخۆری و پەرتەوازەیی کورد کۆنە و پێویستی بە لەسەر وەستان هەیە کە بۆچی وایە؟ ئەدەبیاتی شاعیرانی ئێمە پڕاوپڕە لە رەخنەگرتن و نەفرەتکردن لە دەردی خۆخۆری و پەرتەوازەیی، هاوکات تکا و ئامۆژگاریی بۆ یەکبون و کۆبونەوە لە دەوری خەمی هاوبەش، بەڵام تا ئێستا نەهاتوەتەدی؟!

ئەحمەدی خانی (١٦٥١-١٧٠٧) ز داوای یەکبون و یەکێتی کوردان دەکات و دەڵێت:

گەردێ هەبوا مە ئیتیفاقەک ڤێگرابکرا مە ئیقیادەک

رۆم و عەرەب وعەجەم تەمامی هەمیا ژمەتا دکر غولامی

تەکمیل دکر مە دین ودەولەت تەحلیل دکر مە عیلم وحیکمەت

ئەم یەکنەبونە مێژویەکی دێرینی هەیە و ئامۆژگاری شاعیرانیش لە خانییەوە بۆ حاجی قادری کۆیی و بێکەس و شێرکۆی کوڕ و پەشێو ....، درێژەی هەیە و (کلک و تەور هەر خۆمانین، چەکوش و بزمار هەرخۆمانین، خۆخۆرین، یەکنەگرتووین) .بۆ؟

ئێستا ئێمە لە یادی 100 ساڵەی واژۆکردنی پەیماننامەی لۆزاندایین، جێی خۆیەتی بەو بۆنەوە لەسەر دۆخی خۆمان بوەستین و بزانین دوای ئەو مێژوە و پاش 100 ساڵ لە لۆزان دۆخمان چۆنە و بۆهەر یەکنەگرتوین؟

پەیوەست بەم دۆخەوە، موساعەنتەر لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا چیرۆکی کۆبونەوەکانی براوەکانی جەنگی یەکەمی جیهان (بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ئەمەریکا) دەگێڕیتەوە، کاتێک سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا نەخشەیەکی نوێی ناوچەکە دوای دابەشکاری دەخاتەڕو، شوێنی دەوڵەتە نوێیەکانی تورکیا، عێراق، سوریا، نیشانی ئەوانی تر دەدات، سەرۆکی ئەوسای ئەمەریکا دەڵێت: ئەی کامەیە کوردستان؟

سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا (لۆرد کرورزۆنی) کە دەسەڵاتێکی زۆری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە دەڵێت: برادەران واز لە کورد بێنن، تا میشکی دێتەوە سەرەخۆی، بۆیە تا ئەو کاتە پێویست دەکات لەژێرپێدا بفلیقێنەوە، چونکە ئەمە سودیان پێدەگەیەنێت، باشترە بەنمونەیەک بۆتانڕون بکەمەوە، لە زانستی پزیشکیدا دکتۆرەکان بەسێ رێگا چارەسەری ئەو کەسانە دەکەن کە نەخۆشی مێشکیان هەیە، ئەوانەی پێیاندەڵێن "شێت".

ڕێگای یەکەم تیۆرییەکی دەرونییە، کە مەعنەویاتی کەسەکە بەرزدەکەنەوە و پێیدەڵین تۆکەی شێتی؟ به پێچەوانەوە زۆر ئاقڵیت، تا بە هۆش خۆی دێتەوە، پاشان دەیبەنە لای شێخ و مەلا و نوشتەی پێوەدەکەن. ئەگەر ئەمە سودی نەبو، پاشان رێگای دوەم چارەسەری کیمیایی و دەرزی و دەرمان لە نەخۆشەکە دەدەن، بەڵام ئەگەر ئەمەش سودی نەبو، رێگای سێیەم تاقیدەکەنەوە، کە بریتییە لە چارەسەری فیزیکی جەستەیی. نەخۆشەکە بە برسێتی دەهێڵرێتەوە، لێیدەدەرێت، ئاوی ساردی پێدادەکرێت، دەترسێنرێت، کارەبای لێدەدرێت، تا مێشکی دێتەوە سەرەخۆی، ئەگەر هەر چاکنەبوەوە، ئەوا بە شێتی دەمێنێتەوە، بۆیە بۆ چارەسەرکردنی کورد رێگای فیزیکی سودی هەیە. دەڵێت: هەر تەنیا تورک و عەرەب و فارس دوژمنی کورد نیین، بەڵکو ئەوانەی سەرکردایەتییان دەکەن، دوژمنی راستەقینەی خۆیانن. (بیرەوەرییەکانی موسا عەنتەر، ساڵ١ ٢٠٢، ل ٤١٥،٤١٦،٤١٧).

ئەگەر سەرنج بدەن، سەرۆکی ئەوکاتی ئەمەریکا سۆزێکی بۆ کورد هەیە و پرسیاردەکات و دەیەوێت بزانێت شوێنیان کوێیە؟ بەڵام ئێستا و دوای 100 ساڵ لە لۆزان دوای ئەوەی 32 ساڵە ئەمەریکا هەرێمی کوردستان دەپارێزێت، تازەترین راپۆرتی ئەمەریکا دەڵێت: "کورد گەورەترین دوژمنی خۆیەتی، دەتوانن هەمو کەس رێکخبەن تەنیا ناتوانن لەناو خۆیاندا رێکبکەون."

لە ئەمڕۆدا ئەم دۆخەش لە سایەی ناکۆکی و ململانێی تەسکی حیزبی و بنەماڵەیی پارتی و یەکێتییە، ئێستا ئێمە لەناو یادی 100 ساڵەی لۆزاندایین، بێگومان ئەم ژمارەیە سیمبولییە پێش 100 ساڵ و دوای 100 ساڵیش هەروەک یەکە، ئەوەی دۆخەکە دەگۆڕێت هاوکێشەی نێودەوڵتی و فاکتەری هێزە بە واتا فراوانەکەی.

بۆ ئێمەی کورد جیا لەوەی زۆرگرنگە لە رێگای ئابوری وکەلتورییەوە بچینە ناو هاوکێشە جیهانییەکان و بەرژەوەندیی زلهێزەکانەوە، هاوکات لۆبی لەگەڵ ئەو گەلانەش بکەین کە لە ئەنجامی پەیمانی لۆزاندا زەرەرمەندبون، بۆ ناوخۆی خۆشمان ئەوەندە گرنگە یەکگرتوبین و ستراتیژییەکی نەتەوەیی نیشتمانی هاوبەشمان هەبێت، نەک حیزبی و بنەماڵەیی، بەمە دەتوانین ئاڵنگارییەکان تێپەڕێنین، هەر بۆیە (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان) کۆنفرانسێکی سێ رۆژە لە لۆزان دەبەستێت ( ٢٢،٢٣،٢٤/ ٧ / ٢٠٢٣)، بەو هیوایەی بتوانرێت بەرنامە و ستراتیژی هاوبەشی نیشتمانی و نەتەوەیی دابنرێت، بۆ روبەڕوبونەوەی دۆخەکە، هەرچەندە ئەم هیوایە مەحکومە بە نەهاتنەدی، چونکە پارتی کۆتایی مانگی ٥/ ٢٠٢٣ کۆنفرانسی خۆی لە لۆزان بەست و ماڵی خۆی جیاکردەوە و بەرژەوەندی حیزبی بەسەر بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەییدا زاڵ کرد، ئەمەش سەلماندنی ئەو راستییە وەک خۆر دەرەوەشاوەیە، کە سەرکردایەتی کود دوژمنی راستەقینەی خۆیان و نەتەوەن و ناتوانین یەکبین، بە واتایەکی تر لەسەردەمی ئەحمەدی خانییەوە یەکنەگرتوین و لانی کەمیش 100 ساڵە لەناو بازنەیەکدا دەخولێینەوە، نە نمونەکەی ئەوکاتی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و نە ئامۆژگاریی دۆست و شاعیر و خەمخۆرانی خۆمان و نە 100 ساڵەی لۆزان و هیچ تراژیدیا و جینۆسایدێک نەیتوانی یەکمانبخات.

ماوەتەوە ئێمەش لەگەڵ حەمدی ساحێبقڕان، کە شیعرەکەش ماوەیەکی کەم دوای لۆازنە بڵێین:

ڕەبی موی لێبێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ هەرکەسێ

گوڵشەن بەدەردی کوڵخەنی دۆزەخ بەرێ

# گرنگییەکانی خوێندنەوە بۆ منداڵان..

## ڕەزا شوان

خوێندنەوە ئارەزوو نییە، بەڵکو یەکێکە لە پێویستییە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤ، کە لە دوای هەڵمژینی هەوای پاک و خواردن و خواردنەوە و پۆشاک و نووستن و یاری، ریزبەندی دێتە سەر خوێندنەوە. خوێندنەوە خۆراکی مێشک و رۆحمانە، پێویستییەکی گرنگە بۆ گەشەکردن و زاخاودانی هۆش و هزر و بیر و زەینمان. دەلاقەیەکە کە لە میانەیەوە دەتوانین زانستی و رۆشنبیری و داهێنان و زادەی ئەندێشە و بیری کەسانی تر و گەلانی تر ببینین.

خوێندنەوە فاکتەرێکی سەرەکییە لە شارستانێتی و پێشکەوتن و ناسنامەی رۆشنبیریی هەر نەتەوەیەک. نەتەوەی خوێندەوار و رۆشنبیر، نەتەوەیەکی سەرکردە و پایەدارە.

خوێندنەوە بەشێکی گرنگە لە زمان، بەشێکی تەواکەریشە لە دروستکردنی ژیانی کەسلیەتي. تەنیا رێگەشە بۆ داهێنان و بۆ دروستکردنی داهێنەران و نووسەران و بیرمەندان و هونەرمەندان. هەروەها خوێندنەوە بناغەی پەروەردە و فێرکردنیشە. لێکۆڵینەوەیەک ئەوەی دەرخست کە (لە سەدا حەفتا)ی ئەو زانیارییانەی کە مرۆڤ فێریان دەبن، لە رێی پەرتووکەوە وەریان دەگرن.

(ستیل) دەڵێت:" خوێندنەوە وەرزشی مێشکمانە".

(سۆزان ویجەر) دەڵێت:"کاتێک کە پەرتووک دەخوێنیتەوە.. هەرگیز بە تەنیا نیت".

(جۆن پایپەر) دەڵێت:" خوێندنەوە بۆ من.. لە خواردن گرنگترە".

(جۆلیان هوگ) دەڵێت:"بەبێ خوێندنەوە.. ناتوانم بنووم".

(بیل گیتس) دەڵێت:" راستە کە منداڵ بووم، خەونی زۆرم هەبوو. لەو باوەڕەدام تا رادەیەکی زۆر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرم دەخوێندەوە".

(ئان پارکەر) دەڵێت:"هەموو شتێک دەخوێنمەوە.. لەو باوەڕەدام کە خوێندنەوە منی کرد بە نووسەر".

خوێندنەوە بریتییە لە وەرگرتنی هەموو ئەو بابەتانەی کە نووسراون و لەبەر چاومانن.

لەم سەردەمەشدا، خوێندنەوە تێکەڵ بە ژیانمان بووە و بووە بە بەشێک لە ژیانی رۆژانەمان. پەرتووک و گۆڤار و سایتە ئەلیکترۆنییەکان هێندە زۆر و هەمەچەشنەن، هەرکەسێک بیەوێت دەتوانێت بیان خوێنێتەوە، چێژ و سوودیان لێوەربگرێت. گرنگی و چێژی راستیی خوێندنەوەش، ئەو خوێنەرانە دەیزانن، کە رۆژانە خولیای خوێندنەوە بوونە و ناتوانن بەبێ خوێندنەوە هەڵبکەن.

دێینە سەر کرۆکی باسەکەمان، کە گرنگی و سوودەکانی خوێندنەوەیە بۆ منداڵان. خوێندنەوە کۆڵەکەیەکی گرنگە لە کۆڵەکەکانی رۆشنبیریی منداڵان.

لەم پێودانگەشەوە: (خوێندەواری ئەمرۆ.. سەرکردەی بەیانییە) پێویستە بایەخ بەم بابەتە بدەین، هەر لە منداڵییەوە منداڵەکانمان بکەین بە هاوڕێی پەرتووک و گۆڤار و هۆگری خوێندنەوەیان بکەین، تا بە هەمیشەیی خووی پێوەبگرن.

هەندێک لە منداڵان بە سروشتی حەزیان لە خوێندنەوەیە. هەندێکی تری منداڵان حەزیان لە خوێندنەوە نییە. ئەم حەزنەبوونەیان بۆ چەند هۆیەک دەگەڕێتەوە. دەتوانین وایان لێبکەین کە هۆگری خوێندنەوە بن.

پێویستە ئەوەش بزانین کە چ جۆرە پەرتووک و گۆڤارێک بۆ منداڵەکانمان هەڵبژێرین؟

گەر ویستمان پەرتووک بۆ منداڵەکانمان هەڵبژێرین، پێویستە قۆناغەکانی تەمەن و گەشەکردنی دەروونی و پەروەردەیی منداڵەکانمان لەبەرچاو بگرین، چونکە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی منداڵیتی، تایبەتمەندی و پێداویستی و ئاستی تێگەیشتن و فەرهەنگی زمانی خۆی هەیە. تا بەپێی ئەو قۆناغ و پێداویستییانەیان، پەرتووک و گۆڤارەکانیان بۆ هەڵبژێرین. گەر پەرتووک یا گۆڤارێکی وێنەداری رەنگاوڕەنگی جوان و ساکار، بخەینە بەردەستی منداڵێکی ساوا. سەرنجی رادەکێشێ ومەیلی سەیرکردنی وێنەکانی دەکات و پەڕەکانی هەڵدەداتەوە. پێویستە پەرتووک و گۆڤاری گونجاوی تری پێشان بدەین. تا بەرە بەرە هۆگری پەرتووک و گۆڤار دەبێت.

لە وڵاتانی ئەوروپیدا، من لە پەرتووکخانە گشتییەکانی نەرویج و سوید تا ئێستا چەندین جار لە بەشی منداڵان لە پەرتووکخانە گشتییەکانی شارەکانی ئەم دوو وڵاتەدا، بینیم و دەبینم دایکان، ساوای کەمتر ساڵێک دێنن بۆ پەرتووکخانەکان کە بە دەیان پەرتووکی وێنەداری رەنگاوڕەنگی گونجاو و جوان و سەرنج راکێشیان تێدان. کە بە تایبەتی بۆ ئەم تەمەنە منداڵییە چاپکراون.



دایکەکان پەرتووکە رەنگاوڕەنگان پێشانی منداڵە ساواکانیان دەدەن، هەندێ لە وێنەکان دەنگی موزیکیشیان لەگەڵ دایە، بۆ نموونە: لەگەڵ وێنەی چۆلەکەدا، پەنجە بە دووگمەیەکدا دەنێن کە لە لاپەڕەی چۆلەکەکەدایە، چۆلەکەکە دەجریوێنێت، منداڵە ساواکان چێژ لە وێنەکان و لە دەنگەکانیش دەبینن.

نەشبێت بە مایەی پێکەنین، لە ئەوروپادا، ژنانی دوو گیان، لە مانگی هەشت و نۆی دووگیانییاندا، گۆرانی بۆ کۆرپەلەکانی ناو سکیان دەڵێن و لایلایەیان بۆ دەکەن و موزیکی نەرمیان بۆ لێدەدەن. زانایانی دەروونناسیش جەخت لەسەر سوودی ئەم کارەی ژنانی دووگیان دەکەنەوە.

لە ساڵێکدا، چەند جارێک باخچەکانی منداڵان، منداڵەکانیان دەبەن بۆ بەشی منداڵان لە پەرتووکخانە گشتییەکانی شارەکانیان بە سەدان پەرتووک و گۆڤاری گونجاو و سیدی چیرۆکیان تێدان، بۆ قۆناغی منداڵانی باخچەی منداڵان و بۆ قۆناغەکانی تری. دەیانەوێت لە منداڵییەوە منداڵەکانیان هۆگری پەرتووک و خوێندنەوەیان بکەن.

توێژینەرەکانی بواری منداڵان، قۆناغەکانی منداڵییان، کردوون بە پێنج قۆناغەوە، تا بەپێی قۆناغەکان پەرتووک گۆڤاریان بۆ دابین بکەین.. کە ئەم قۆناغانەن:

١- قۆناغی ساوایی (قۆناغی بەرایی منداڵی) لە ( لانکەوە ـ بۆ ـ چوار ساڵان).

٢- قۆناغی ئەندێشەی دیارکراو (چوار- بۆ- شەش ساڵان (قوناغی باخچەی منداڵان).

٣- قۆناغی ئەندێشەی ئازاد (شەش ـ بۆ- دوانزە ساڵان)، (قۆناغی خوێندنی سەرەتایی).

٤- قۆناغی سەرەکێشی و پاڵەوانێتی (هەشت ـ بۆ- دوانگزە)، ( سەرەتایی و ناوەندی).

٥- قۆناغی دواکەوتوویی منداڵی (دوانگزە ـ بۆ ـ هەژدە ساڵان) قۆناغی هەرزەکاری و مەیل و خرۆشی رەگەزییە.. قۆناغی ( ناوەندی و ئامادەیی ) یە.

لەم نووسینەماندا، منداڵانی قۆناغی قوتابخانەی سەرەتاییمان خستۆتە نێو بازنەی باسەکەمانەوە، کە قۆناغی ئەندێشەی ئازادە، واتە تەمەنی (شەش بۆ دوانگزە ساڵان).

لە ئەمرۆدا، لەگەڵ تەشنەکردنی شۆڕشی تەکنۆلۆژیا و داهێنانی ئایپاد و ئایفۆنی زیرەک و چەندین ئامیری تری سەیر و سەمەرە، زۆربەی منداڵان لە هەموو جیهاندا، سەرقاڵی بەکارهێنانی ئەم ئامێرانەن، رۆژانە کاتێکی زۆریان لەگەڵیاندا بەسەردەبن.

زانیاری و گۆڕان و پێشکەوتن و داهێنان و مۆدێرزم زۆر بە خێرایی سەرهەڵدەدەن، فێرکردنی فەرمیش بەس نییە بۆ رۆشنبیریکردن و بۆ مەستکردنی پێداویستییەکانی هۆش و دەروونی منداڵانی زۆرزانی ئەم سەردەمە.





بە هۆی ئەم داهێنانانە تازانەوە، تا رادەیەک خوێندنەوە لە جیهانی منداڵاندا، دەستی بە پاشکشە کردووە. لە زۆر لە ماڵاندا، پەرتووک وەک دیکۆراتێکی جوان یا شاکارێکی کۆن، بەبێ ناز لەسەر رەفتی پەرتووکخانەکانیاندا بەبێ دانراون. بەڵام تا ئەمڕۆش ئەو ئامێرانە نەبوونە بە ئەڵتەرناتیڤی پەرتووک. چونکە خوێندنەوە لە پەرتووکدا، چێژکی خۆشتری هەیە. ئاشنابوونی منداڵان بەو ئامێرە مودێرزمانەش پێویستییەکی گرنگی ئەم رۆژگارەیە. تا نابەڵەد و بێئاگا نەبن و بتوانن لەگەڵ رەوتی داهێنان و پێشکەوتن و پێویستییەکانی ئەم رۆژگارە جەنجاڵ و خێرا گۆڕان و داهێنانانەدا دەربەرن و لە شەمەندەفەری پێشکەوتن و شارستانی نوێدا جێنەمێنن، پێویستیان بە خودخوێندنەوەی هەمەڕەنگە و خۆڕۆشنبیریکردن هەیە. چونکە خوێندنەوە و گەشەکردنی حەزی خوێندنەوە لە لای منداڵان، پێویستییەکی پەروەردەیی و رۆشنبرییە لە هەموو بوارەکاندا، بە تایبەتیش لە بواری کۆمەڵایەتی و سۆزداری و هەستیاری و دەروونی و جەستەییدا، یارمەتیی منداڵان دەدات. لە بواری کۆمەڵایەتیدا، خوێندنەوە یارمەتیی منداڵان دەدات کە لە جۆر و واتاکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تێبگەن کە تاکەکانی کۆمەڵگا پێکەوە گرێدەدەن.

لە رووی جەستەییشەوە، خوێندنەوە دەرفەتێکی باشە بۆ منداڵان، کە لە دوای ژیانی رۆتینی رۆژانەیان بە تایبەتیش لە دوای یاری و چالاکییە جوڵەییەکانیان، پشووبدەن و بخوێننەوە و ئارامی بە جەستەیان ببەخشن. لە بارەی گەشەکردنی سۆزداریشەوە، کاتێ کە منداڵان سەرسامی کارەکتەرەکانی چیرۆکەکان دەبن، ئەو دەرفەتەیان بۆ دەرەخسێت کە گوزارشت لە هەست و سۆزدارییەکانیان بکەن.

هەندێ لە لێکۆڵینەوەکان، ئەوەیان روون کردۆتەوە، کە زۆربەی منداڵان لە رێی خوێندنەوەی پەرتووک و گۆڤاری منداڵانەوە، خۆیان رۆشنبیر و شارەزا کردوون و خۆیان بە وشەکانی زمانی دەوڵەمەند کردوون، لە پێش قوتابخانەی سەرەتاییدا، ئامادەییەکی باشتریان هەیە بۆ فێربوون و خوێندنەوە و تێگەییشتن و نووسین، بەراورد بە ئەو منداڵانەی کە ناخوێننەوە. پشکی شێری ئەم ئاکامە ئەرێنییەش بۆ راهێنان و هەوڵدان و هاندان و پێشبینی و دووربینی دایکان و باوکانی رۆشنبیریان دەگەڕێتەوە، کە خۆشەویستی خوێندنەوەیان لە دڵی جگەرگۆشەکانیان رواندوون.

گرنگە کە دایکان و باوکان و مامۆستاکان، تواناکانی منداڵەکانیان و قوتابییەکانیان لە هەر قۆناغێکی تەمەنیاندا بزانن، بە چ جۆرە پەرتووک و گۆڤارێکی گونجاو ئاشنایان بکەن. بۆ ئەوەی منداڵان هەر لە منداڵییەوە ببن بە دۆستی پەرتووک و هۆگری هەمیشەی خوێندنەوە بن. پێویستە دایکان و باوکان لایەنی کەمەوە رۆژی پانزە بۆ سی خولەک پەرتووک و گۆڤاری منداڵان و چیرۆک و هۆنراوە و پەخشان و بابەتی ئاسان و گونجاو بۆ منداڵە ساواکانیان بخوێننەوە، یا منداڵان خۆیان بیان خوێننەوە.

لە ماڵیشەوە پەرتووکخانەی قنجیان بۆ دابینبکەن و بە کۆمەڵێک پەرتووک و گۆڤاری هەمەڕەنگەی منداڵان بۆیان برازێننەوە. هەفتەی جارێکیش بیان بەن بۆ بەشی منداڵان لە پەرتووکخانەی گشتی شارەکانتان. گەر بتانەوێت دەکرێت شەوانە کاتێک بۆ خوێندنەوە دیاری بکەن، بە ناوی (کاتی خوێندنەوەی خێزانی) لە لایەنی کەمەوە (بیست تا سی) خولەک پەرتووک و گۆڤار بخوێننەوە. خوێندنەوە بکەن بە خوویەکی رۆژانەتان و بە بەشێک لە کەسایەتی و لە ژیانتان. پێویستیشە دایکان و باوکان ببنە نموونە و پێشەنگ و سەرمەشق بۆ منداڵەکانیان، ئەگەر ئەوان پەرتووک و گۆڤار بخوێننەوە، منداڵەکانیشیان چاویان لێدەکەن و خوێندنەوەیان لا شیرین دەبێت. هەڵبەت دایکان و باوکانی رۆشنبیر، منداڵانی رۆشنبیریان لێ هەڵدەکەوێت.

زۆربەی زانایانی پەروەردە هاوڕان، کە خوێندنەوە جوریکە لە خووە جوانەکان پێویستە لە دەروونی منداڵانی بچووکدا بچێنرێت و رەگ بکات، تا خووی پێوەبگرن.

خەونی هەموو دایکان و باوکانی منداڵانی کوردمانە، کە منداڵەکانیان ببن هاوڕێی هەمیشەی پەرتووک و خوو بە خوێندنەوەوە بگرن و خوێندنەوە ببێت بە بەشێک لە ژیانی رۆژانەیاندا. تا لە داهاتوودا خوێندنەوە ببێت بە کولتووری تاکی کوردمان. هێنانەدیی ئەم خەونەش، لە سایەی بەرپرسیارێتی پەروەردەیی و ژینگەیەکی رۆشنبیریدا دێتەدی.

بە کورتی گرنگییەکان و بەشێک لە سوودەکانی خوێندنەوە بۆ منداڵان، لەم خاڵانەدا چڕدەکەینەوە. بەو هیوایەی دایکان و باوکان و مامۆستاکان سوودیان لێوەربگرن:

١- خوێندنەوە مەستییەک بە ژیانی منداڵان دەبەخشێت، ئەندێشەیان فراوانتر دەبێت و ئاسۆی بیرکرنەوە و لێکدانەیان بە رووی جیهاندا دەکاتەوە، سەرنجیان قووڵتردەکات.

٢- خوێندنەوە رێژەی زیرەکی و زرنگی ئاستی منداڵانی خوێنەر باڵاتر دەکات.

٣- خوێندنەوە پەرە بە زمانی منداڵان دەدات، تواناکانی زمانی و قسەکردنی منداڵان بەرزدەکاتەوە، وشەی تازە وەردەگرن و فەرهەنگی وشە و رستەکانیان دەوڵەمەنتر دەکات، شێوازی گوزارشتکرن و دەربڕینیان بە زارەکی و نووسین باشتر دەکات.

٤- خوێندنەوە بەهای رۆحی و رەوشتی بەرز و جوان لە هۆش و دەروونی منداڵاندا دەروێنێت، ئەگەربێت و ئاراستەی پەرتووک و گۆڤارەکان، بەم ئاراستە ئەرێنییەدا بن.

٥- خوێندنەوەی هەمیشەیی یارمەتی منداڵان دەدات، کە لە داهاتوودا، لێکۆڵینەوەی زانیاری و ئەدەبی ئەنجام بدەن، دوای سەرچاوەی زانیاری و مێژوویی بکەون.

٦- ئەو منداڵانەی کە خوێنەری هەمیشەیی پەرتووک و گۆڤارن،

لە قوتابخانەدا ئاستی خوێندن و ڕۆشنبیری و زانیاری گشتییان باشتر و باڵاترە لەوقوتابیانەی ناخوێننەوە. توێژینەوە زانستییەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان توانای خوێندنەوە و پێشکەوتنی ئاکادیمیدا هەیە.

٧- خوێندنەوە پەرە بە خەیاڵی منداڵان دەدات و ڕوانین و سەرنجدان و تێبینی منداڵانی خوێنەر وردتر و تیژتر دەکات.

٨- منداڵانی ڕاهاتوو لەسەر خوێندنەوە، هەست بە ئازادی و سەربەستییەکی زیاتر دەکەن، باوەڕێکی زیاتریشیان بە خۆیان هەیە و دەتوانن پشت بە خۆیان ببەستن.

٩- زۆربەی کەڵە زاناکان و داناکان و نووسەرەکان و داهێنەرەکان و بیرمەندە هەڵکەوتووەکان، لە تافی منداڵییاندا خوێنەری هەمیشەیی پەرتووک بوونە.

١٠- خوێندنەوە، توانای سەرکەوتنی منداڵانی خوێنەر، لە تاقیکردنەوەکان و لە بوارە جیاوازەکانی تری قوتاتخانە زیاتر دەکات.

١١- خوێندنەوە، ئەو توانایەش بە منداڵانی خوێنەر دەبەخشێت، کە ئەو ئامادەییە دەروونییەیان هەبێت کە ڕووبەڕووی گۆڕاکانییەکانی ڕۆژگارەکەیان ببنەوە.

١٢- خوێندنەوە دەرفەتێکی باشە، بۆ ئەوەی منداڵان بۆ ماوەیەک لە تەلەفزیۆن و ئایپاد و کۆمپیوتەر ویارییە ئەلیکترۆنییەکان دووربکەونە.

١٣- خوێندنەوە، شارەزایی لۆژیکی بە منداڵان دەبەخشێت، لەڕێی خوێندنەوەوە لە واتای زاراوە تازەکان و چەمکە ڕووتەکان تێدەگەن، لە هەڵوێستە جیاوازەکانیاندا بەکاریان دەهێنن، سیناریۆکانی نێو پەرتووکەکانیش بە ڕووداوەکانی دەوروبەریانەوە دەبەستن، بۆ نموونە: کە چیرۆکی ( کۆڵوانە سوور و گورگ) دەخوێننەوە، کە کچۆلە کۆڵوانە سوورەکە لە ئەنجامی ئەوەی کە گوێی بە ئامۆژگاری دایکی نەدا، کە پێی وت نەکەی لە ڕێگادا لەگەڵ گورگدا بوەستیت و بۆی بگێڕیتەوە کە بۆ کوێ دەڕۆیت. ئەوەبوو کە کچۆلە کۆڵوانەسوور، گوێی بە ئامۆژگارییەکەی دایکی نەدا و لە ڕێگادا لەگەڵ گورگێکدا وەستا و بۆی گێڕایەوە کە بۆ لای داپیرەی دەچێت کە ماڵەکەی لەوسەری دارستانەکەدایە، درکاندنی ئەم ڕازە بۆ گورگەکە ڕووبەڕووی هەڵوێستێکی ترسناکی کردەوە (دڵنیام کە بە منداڵی گوێتان لەم چیرۆکە بووە یا خوێندووتانەوە).

منداڵانی خوێنەری ئەم چیرۆکە، سوود و پەند لەم چیرۆکە وەردەگرن، کاتێک کە دایکانیان ئامۆژگارییان بکەن، نایانەوێت لە ئامۆژگارییەکانی دایکانیان دەربچن و باشتر بە قسەی دایکانیان دەکەن.

١٤- خوێندنەوە کلیلی ئەو دەروازەیەیە، کە منداڵان لێوەی دەچنە ناو جیهانی بەرینی زانستییەوە. لەم پێودانگەوە دایکان و باوکان و مامۆستاکان هەوڵێکی زۆر دەدەن بۆ ئەوەی خوێندنەوە لە لای منداڵەکانیان و قوتابییەکانیان شیرین و خۆشەویست بکەن.

١٥- بەرجەستەبوونی خووی خوێندنەوە لە لای منداڵان، وا پێویست دەکات کە لە ماڵەوە پەرتووکخانەی تایبەتی خۆیان هەبێت و بە پەرتووک و گۆڤار دەوربدرێن.

١٦- خوێندنەوە زاخاوی هۆش و هزری منداڵان دەدات. ڕاهێنان بە مێشکی منداڵان دەکات. منداڵانی خوێنەر توانایەکی باشتری داڕشتنیان هەیە. بە پەخشان یا بە چیرۆک و هۆنراوە، گوزارشت لە خەیاڵ و لە هزری خۆیان دەکەن.


١٧- خوێندنەوە کۆڵەکەیەکی گرنگ و بەهێزی ڕۆشنبیریی گشتیی منداڵانە. توانای کەسایەتی هاوسەنگ و هۆشیارییان دەربارەی ئەرکەکانیان و مافەکانیان پێدەبەخشێت. دەتوانن لە ژیاندا سەرکەوتووبن.

١٨- هۆگربوونی منداڵان بە خوێندنەوە، لە نەخۆشیی دەروونیی وەک: گۆشەگیری، ترس، دڵەڕاوکێ، بێزاری و شەرمکردن دەپارێزێت.

لە کۆتاییدا دووبارە داوا لە دایکان و باوکان و لە مامۆستاکان و لە نووسەرانی بواری وێژەی منداڵان دەکەین، بە ئەوپەڕی تواناتانەوە، هەوڵبدەن بۆ ئەوەی هەر لە منداڵییەوە، منداڵەکانمان و قوتابییەکانمان هۆگری خوێندنەوە بکەن و بیانکەن بە هاوڕێی کۆڤار و پەرتووکی منداڵان. تا ڕۆژانە دەق بە خوێندنەوەوە بگرن و ببێت بە بەشێک لە ژیانیان و لە داهاتووشدا ببێت بە کولتووری ژیانیان.

**ڕەزا شوان**
**نەرویج: ٢٠٢٣**






## شینی بێخود بۆ کۆچی دوای محمد ئەمین زەکی بەگ

لە یارانی وەفاداران ئەدیبێکی "زەکی" مابوو
لەپڕ پشتی لەدونیا کرد و ڕووی بۆ موڵکی عوقبا بوو
"ئەمین"ی عاسیمەی غیرەت. "زەکی بەگ" خادیمی میللەت
دەبیری مەکتەبی قودرەت. وەزیری شاری بەغدا بوو
بەیادی زیارەتی خاکی وەتەن هات بۆ سولەیمانی
کەچی ناگاهـ وەفاتی کرد و ڕۆحی جەننەتئارا بوو
بڵا با ناڵە هاودەم بێ، قەدی چەشنی ئەلف خەم بێ
زیای ڕۆژی فەرەج کەم بێ، شەوی غەم زوڵمەتئەفزا بوو
لە"بێخود" ساڵی کۆچی ئەو زەعیمەم پرسی و فەرمووی
"کە بەدری بورجی عرفان و مەعارف ئەمشەو ئاوا بوو"

* * * * *

دێری کۆتا بەحسابی ئەبجەدی دەکاتە شەو ڕۆژو ساڵی کۆچی دوای محمد ئەمین زەکی بەگ.

سەرچاوە: دیوانی بێخود

مێژوو نوسی بەتوانا محمد ئەمین زەکی بەگ هەموو ساڵێ دەهاتەوە بۆ سولەیمانی، بۆ گۆڕینی هەوا، دەچووە ناو خەڵکوو لەنزیکەوە گوێی لە کێشەو داواکاریەکانیان دەگرت، هەوڵی چارەسەرکردنی ئەدا سەرکەوتوویشەبوو تێیدا، کۆتا جار دێتەوە بەهۆی نەخۆشی درێژخایەنەوە لەپڕ تەندروستی تێک دەچێ، لە شەوی ١٠ / ٧ / ١٩٤٨ کۆچی دووای دەکات، لەگردی سەیوان ئەسپەردەی خاك ئەکرێت.

**بیلال محمد کریم**

# دوای هەرەس و ئاشبەتاڵی شۆڕشی چواردە ساڵەی ئەیلول

دوای هەرەس و ئاشبەتاڵی شۆڕشی چواردە ساڵەی ئەیلول ، هێشتا تەمی هەرەس لە سەروو بسکی چیاو دۆڵ و داروو بەردوو درەختە شەنگەکانی وولات نەڕەویبوو ، هێشتا بەعس سەرگەرم و سەرمەستی خەوی خۆشی دوای هەرەس بوو کاتێک ی،ن،ک خۆی ڕاگەیاندوو دوای ساڵێک مەفرەزە سەرەتایەکانی ناردەوە شاخ و ئەو کێوانەی پڕ کردەوە لە هەڵۆی سوور

لە هەموو ناوچەکانی کوردستان مەفرەزەی سەرەتایی درووستکرا ، هەڵۆ فێری باڵە فڕە دەبوون ، سەرەڕای شەهید کردنی برایم عەزۆو هاوڕێکانی و حەسەن خۆشناوو هاوڕێکانی و بۆسەی غەدروو کارەساتی هەکاری شۆڕش لە گەشەکردن نەوەستاو ، خوێنی ئەو شەهیدانە بووە کڵپەو لە مۆڵگەی دوژمنان و ناحەزانی گەل و یەکێتی بەربوو

مەفرەزە سەرەتاییەکان گەشەیان کرد بوونە هەرێم ، هەرێمەکان بوونە تیپ و دڕیان بە شەوەزەنگی داگیرکەر دا

مێژووی پڕ لە تێکۆشان و خەباتی تا ڕادەیەک فەرامۆشکراوو بێناز کەوتووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو بیرەی لا درووستکردم کە دەکرێ و پێویستە ئەومێژووی خوێن و خەباتە کۆ بکەمەوەو لە کاڵبوونەوەو فەوتان ڕزگاری بکەم

سەرچاوەکان کەمبوون ، ئەرشیف کەم و لاواز ، پێشمەرگە دێرینەکان ڕۆژ بە ڕۆژ ماڵاوایی دەکەن و پیردەبن ، خەریکە دەبنە پەنجەی دەست بۆیە بڕیارمدا هەرچەند ڕێگە سەختیش بێت دەست پێبکەم

سەرەتاهێلانەی هەڵۆکانم نووسی کە تایبەت بوو بە هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکانی پێنجوێن - شارباژێڕ - دووکان ، دواتر خاکپۆشەکانم نووسی کە تایبەت بووبە شارباژێڕو تیپی سی و حەوت ، دواتریش ڕۆژ ژمێری ڕاپەڕینم نووسی ، دوای ئەوەش وونناوەکانی شۆڕشی نوێ دوای نووسینی ئەو زنجیرە کتێبە بیرم لەوەکردەوە کە تێکڕای هێزی پێشمەرگە بنووسمەوە ، دەستم پێکردوو ناوم نا ( تۆماری سەروەری ) هێشتا لە نیوەی ڕێگە بووم کە بۆردی ئەرشیف و مێژوو داوایان لێکردم پرۆژەکە بۆ ئەوان تەواو بکەم ، ئەوانیش خەرجی بکێشن ، پرۆژەکەم هێنایە بۆردی ئەرشیف ومێژوو ، شار بەشار ، دێ بە دێ ، ناوچە بە ناوچەی کوردستان گەڕام ، چاوپێکەوتنم لە گەڵ نزیکەی هەزار پێشمەرگەو تێکۆشەری دێریندا کردوو پرۆژەکەم تەواو کرد


تۆماری سەروەری تێکڕای مەفرەزەی سەرەتایی ، هەرێمەکان ، تیپەکان ، تێکڕای شەڕوو داستانەکانی هێزی پێشمەرگە ، شەڕەگەورەکانی ئەنفال ، پارتیزانەکانی دوای ئەنفال لە خۆ دەگرێت

تۆماری سەروەری لە هەشت بەرگی قەبارە گەورە پێکاتووە ، بەرگی یەکەم تایبەتە بە مەفرەزەی سەرەتایی و هەرێمەکان ، بەرگی دوو ، سێ ، چوار ، تایبەتە بە تیپەکان ، بەرگی پێنج و شەش دۆسیەیە ، دۆسیە کارەساتی هەکاری ـ بەرەی جود ، هێزی پشتیوان ، ئێزگە ، خۆپیشاندانی شاروو شارۆچکەکانی کوردستان ، ئەنجوومەنی گوندەکان ، گفتووگۆی شۆڕش و ڕژێم ـ داستانی دابان - شەڕی سێ مانگەی قەیوان - ماوەت - لیدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوک ، داستانی ڕزگاری ، ئاشتبوونەوەی گشتی ، کیمیابارانی شاروو شارۆچکەکانی کوردستان ، ڕێکخراوی سلیمانی ، هەولێر ، سوپای ڕزگاری کوردستان ( سرک ) شانە چەکدارەکان ، گەڕانەوەی مامجەلال ـ گرتنی ناحیەکان لە خۆ دەگرێت

بەرگی حەوت تایبەتە بە ئەنفال و بەرگری ، بەرگی هەشت تایبەتە بە مەفرەزە پارتیزانەکان

تۆماری سەروەری ئێستا لە دیزاینەو بەرەو چاپ دەچێت

**ئازاد سەراوی**











# سلێمان شاکر


1937 -لە شاری هەولێر لەدایك بووە.
1957 -پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواوکردووە.
1955 -یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لە قوتابخانەی (العزە)ی شاری هەولێر.
1989 -دووەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی (میدیا)ی شاری هەولێر.
1992 -سێیەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی (میدیا)ی شاری هەولێر.
2023 -1952 -بەشداری زیاتر لە (25) پیشانگەی هاوبەشدا کردووە لە (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، بەغدا، ناسریە، پۆڵۆنیا، ژاپۆن
















# عوسمان عومەر: بە بۆنەی سەد ساڵەی پەیمانی لۆزانەوە

چەند ڕۆژێکمان ماوە بۆ سەد ساڵەی پەیمانی لۆزان و خۆڕاگری گەلی کورد لەژێرسایەی ئەو پەیماننامەیەدا, کە گەلەکۆمێیەک بوو دژی گەلە ستەم دیدەکەمان, بەڵام هەر خۆڕاگر مایەوەو نەتوایەوەو لەناو نەچوو. لەو پیلانە هەرێمایەتی و جیهانییەی دژی گێردرا خۆی ڕاگرت و ویستیان کورد بتوێننەوەو لەناوی ببەن.

پەیمانی سیڤەر کە لە10ی ئابی 1920 بەسترابوو هەلوەشێنرایەوە کەمافی دەولەت و خۆبەڕیوەبۆدنی بۆ دەستەبەرکرابوو, بەپێی ئەو بابەتە مێژووییانەی خویندومانەتەوە، دەبوایە دەولەتێک بۆ کورد و دەولەتێک بۆ ئەرمەن دروستبکرێت بەپێی ماددەکانی 62, 63, 64.

لۆزان هەندێجار بە پەیمانی لۆزانی دوو دەناسرێ, چونکە ساڵی 1912 پەیمانی ئوشی هەبووە کە بە پەیمانی یەکەمی لوزانە و هەموان دەزانین بەناوی شاری لۆزانی سویسری ناونراوە، دوای گفتوگۆیەکی چڕو پڕ ئینجا، پەیمانی لۆزان مۆرکرا. کۆنگرەو کفتوگۆی لۆزان لە تشرینی دووەمی سالی 1922- 1923 لە نێوان تورکیاو لەلایەک و بەریطانیاو فەرەنسای کۆماری سێیەم کە ریمۆن بۆنکاریە، سەرۆک وەزیرانی بوو. لۆرد کرزۆن سەرۆک وەزیرانی بەریطانیا بوو، تازەش بیتیۆ مۆسولینی گەیشتبوە دەسەلات لە ئیتالیا سالی 1922.

چەند جارێک ئەو گفتۆیە تەگەرەی تێکەوت، بەهۆی ئەوەی لە 4ی شوباتی 1923 شاندی تورکی بەسەرۆکایەتی عیسمەت ئینۆنۆ رەتیان کردەوە واژوی لەسەر بکەن و پێی رەزامەند بن و دواتر پەیماننامەی لۆزان واژوو کراو پەیماننامەی سیڤرەیش بەتاڵ کرایەوە. لەزۆر سەرچاوە باس لەوە دەکەن هاوپەیمانان بەوە رازی بوون کە ئەو کۆمارە بۆ تورک و کورد دروست بکرێ، بەلام بەفرت و فێل و تەلەکەبازیەکانی کەمال ئەتاتورک چەند نوێنەرێکی کوردی هێنایە پەرلەمان و بەزمانی خۆیان گوتیان، ئێمە نامانەوێ لە تورک جیا بینەوەو دواتر حەسەن خەیری و چەند کەسێک بەهۆی ئەوەی بەجلی کوردیەوە چونەتە ناو پەرلەمان، دادگایی کران و لەسێدارە دران. کە تاکو ئێستاش زمان و جلی کوردی لە گەلێکی 40 ملیۆنی لە باکوری کوردستان قەدەغەیە.

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، وڵاتانی سەرکەوتوو چەندین رێککەوتننامەی جۆراوجۆریان دەربارەی پرسە هەڵپەسێراوەکانی جیهان خستە بەر باس، یەکێك لەو پەیماننامانەی کەوا تاکو ئێستاش کاریگەری زۆریی بەسەر جیهاندا ماوە، پەیمانی لۆزان بووە. کە وولاتانی تریش بەشدار بون وەک یۆنان و ژاپۆن و ئۆکرانیا و بولگاریاو جۆرجیا و تەنانەت ئەرمینیا. بۆزانیاری خوێنەران تورک سەرەتا دەیویست لە شاری ئەزمیر بگیرێ تا زۆرترین دەستکەوتیان هەبێت و ئەتاتورک خۆی سەرۆکایەتی شاندەکەی تورک بکات، بەلام هاوپەیمانان بەوە رازی نەبوون، بۆیە برایە لۆزانی سویسری.

لەم ڕۆژانە سەد ساڵ بەسەر پەیماننامەی لۆزان تێدەپەرێت، واتە لە (24ی تەمموزی 1923-2023)لۆزان کۆتایی دێت, لۆزان شارێکی سویسرایە, ئەو پەیماننامەیە لەوێ دەرکەوت, لەنێوان وولاتانی سەرکەوتووی جەنگ ئەنجامدرا. بۆ یەکەمجار وڵاتانی رۆژئاوا و زلهێزەکان لەگەڵ تورکیای نوێ کەوتنە گفتوگۆ و دانیشتنەوە، لە ئەنجامی ئەمەدا (عیسمەت ئینۆنۆ) سەرۆك وەزیرانی تورکیا وەك نوێنەری حکومەتی تورکیا بەشداری تێدا کرد، یەکێك لەو کێشانەی باسی لێوە کرا، کێشەی ویلایەتی موسل بوو، کەوا لە نێوان تورکیا و عێراق (بەریطانیا) لە دوای جەنگ لە نێوانیاندا سەریهەڵدا، هاوکات کوردیش وەکو رەگەزێکی ویلایەتی موسڵ کەوتە ناو ئەم کێشەیەوە.

لە دوای سەد ساڵ و بە دیاریکراوی لە (24ی تەمموزی 2023) کۆتایی بەم رێککەوتنامەیە دێت، لێرەدا چەندین بۆچوون و هەڵوێستی جۆراوجۆر لەلایەن سیاسی و مێژوونووسانەوە دەخرێتەروو، بەتایبەت دوای تەواوبوونی ماوەکەی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کێشەی ویلایەتی موسڵ هەر وەکو خۆی دەمینێتەوە؟، یا گۆڕانکاری بەسەر دێت؟



چونکە چەندین سیناریۆی جۆربەجۆر دەخرێنەروو، بەتایبەت تورکیا چەند جارێك لەسەر زاری بەرپەسەکانی و بەتایبەت سەرۆک کۆمارەکەی هەرەشەی گەڕانەوەی کردووە، یان گۆڕانکارییەکی دیکە لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان روودەدات. هەڵبەتە ئەوانە هەمووی جێگەی مشتومڕن بە دیاریکراویش، دۆزی کورد لەم نێوەندەدا باسوخواسی زۆری لەسەر دەکرێت. لێرەدا هەوڵدەدەین باس لە چەند رەهەندێکی جۆر بە جۆری ئەو پرسە بکەین. وەک کاک مەلا بەختیار لە کۆنفراسی سەدساڵەی لۆزان و هیوای خواست کە نەتەوەی کورد لەهەموو بەشەکان بەتایبەت حیزبە سیاسیەکان باش لە سیاسەتی نێودەولەتی تێگەیشتبین بەبڕوای من کە تێینەگەیشتوین.

ئەم رێکەوتننامەیە، یا پەیماننامەیە لە دوو خولی دانیشتن و گفتوگۆ پێکهاتبوو:

خولی یەکەم/ لە رێکەوتی (20تشرینی دوومی 1922بەسترا و لە 31 کانوونی دووەمی 1923) کۆتایی بە کارەکانی هات.

خولی دووەم/ لە رێکەوتی (23 نیسانی 1923 و لە 24 تەموزی 1923 ) کۆنگرەکە کۆتایی هات. ئەم پەیماننامەیە 143 ماددەیە و چەندین برگەی لەخۆگرتبوو لە برگەکانی ( 37- 45 ) باسی مافی کەمە نەتەوەکانی چوارچێوەی دەولەتی عوسمانی دەکرد کە تورکیا وابریاری بوو مافی ئازادی زمان و ئاین و رۆژنامەگەری و بازرگانی و چالاکی سیاسی بە گەلانی ژێردەسەلاتی خۆی بدات. ئەم پەیماننامەیە بە غیابی کورد بوو لەکاتێکدا لەمەوە ویلایەتی مووسل خرایە سەر عێراق. ئەوەی جێگای باسە،

کریزۆن لە پاشەکشەکردن لە بەندەکانی سیڤەر ئامادەیی دەوڵەتی بەریتانیای دەربڕی بە مەرجێك تورکیا ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکاندا، بەمەش دەیویست تورکیا لە رووسیا دووربخاتەوەو بەرژەوەندیەکانی خۆی لە رۆژهەلاتی ناوەراست دڵنیابکاتەوە،بەریتانیا هەرگیز مەبەستی دامەزراندنی دەولەتی کوردی نەبووە، بەلکو پەیمانەکە بۆ دانان و چەسپاندنی نەخشەیەکی سیاسی تازە بوو، پێویست بوو تورکیا دانی پێدابنێت.

لە پەیمانی سیڤەردا هاوپەیمانەکان بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە، دەیان ویست دەوڵەتی عوسمانی تەواو لاواز بکەن و سنوورەکەی لە ئەستەنبوڵدا بهێڵنەوە. لەهەمان کاتدا حکومەتی کەمالی نوێش لە تورکیا هەوڵی چارەسەری کێشەکانی لەگەل ئیتاڵیا و فەرنسا دەدا. ئەوەی لە پەیمانی لۆزاندا کێشە بوو، ئەوەبوو ئایا ویلایەتی مووسڵ بخرێتە سەر تورکیا، یان بخرێتە سەر دەوڵەتی نوێی عێراقی سەر بە ماندێتی بەریتانیا؟ لەگەڵ ئەمەشدا تورکیا بە مافی خۆی دەزانی و چەند پاساوێکی سیاسی و ئابوری هەبوو تاکو ویلایەتی مووسل بخاتە سەر دەوڵەتەکەی، بەڵام کریزۆن نوێنەری بەریتانیا ئەم پاساوانەی تورکیای رەت کردەوە و لەم بابەتەدا هیچ رەچاوی خواستی کورد نەکرا، لەگەڵ ئەمەشدا مستەفا کەمال ئەتاتورك توانی رووبەرووی بەریتانیا ببێتەوە و هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی ببەستێت.

سەرەتا دەبێت بزانین مەبەست لە بەستنی کۆنگرەکە چی بوو؟ باسکردنی کێشەکانی نێوان تورکیا و یۆنان و بەستنی ڕێکەوتنێکی نوێی ئاشتی بوو لەگەڵ تورکیای نوێ؟ یا بۆ ئەوەی پەیمانی لۆزان شوێنی پەیمانی سیڤەر بگرێتەوە؟ لەم کۆنگرەیەدا گەلێك بابەتی تایبەت بە کێشە ناوچەیی و سیاسییەکان و چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ و سیستمی تەنگە دەریاییەکان و کێشەی سیستمی ئیمتیازی بێگانە و کێشە ئابووری و داراییەکانی وەك قەرزی گشتی عوسمانی و پاراستنی بەرژەوەندی ئابووریی بێگانە خرانە بەر باس و گفتوگۆ. لەوانە دەسەلاتی نەوت دەرهێنان لە تورک سەندرایەوە و مافیان بەسەر گەرووە ئاویەکانی بۆسفۆرو دەردەنیل نەمێنێت و ببێتە ڕێڕەوێکی نیودەولەتی.

ئایا لەم رێککەوتننامەیە باس لە چارەنووسی کورد کرا، یاخود نا ؟

بەهۆی ئەوەی هەندێ لەبەندەکانی ئەوپەیاننامەیە بەنهێنی ماونەتەوە، بێگومان ناتوانین باس لە پەیمانی لۆزان بکەین، ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ سیڤەری ( 1920 )، کە لە سیڤەردا دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەشێوەیەکی یەك لاکەرەوە دەیانەویست دەوڵەتی عوسمانی تەواو لاواز و پەرتەوازەی بکەن، تەنانەت ئەو دەوڵەتە لەسنوری ئەستەنبوڵدا بهێڵنەوە، واتە بەشێوازێك پەرتی بکەن، هەموو ناوچەکانی لێ جیابکەنەوە، ئەوەش بەتایبەتی لەلایەن ئەو هێزەی کە تازە دروست بوو، پێشتر بزوتنەوەی کەمالی بوو و تازە دەوڵەتی تورکیایان پێکهێنابوو بەسەرۆکایەتی ئەتاتورك، قبوڵ نەدەکرا. لەبەر ئەوە بە بەردەوامی هەوڵی یەك لایی کردنەوەی کێشەکان لەگەڵ ئیتاڵیا و لەگەڵ فەرەنسادا. ئەوە بوو جەنگی یۆنانی دەست پێکرد و سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بێگومان هەموو ئەمانە وایان کرد، بەریتانیا بەخۆیدا بچێتەوە و توانرا ئەو پەیماننامەیە بێتە ئاراوە و سەر لە نوێ پێداچوونەوە بە پەیماننامەی سیڤەردا کرا و بەوکارانەی پێشتر لەگەڵ دەوڵەتی ئەستەنبوڵ کە دەوڵەتی سوڵتان بوو ئەو زەمانە کرابوو. چەند جارێک ئیردۆغان وەک هەرەشەیەک باسی لە میساقی میللی کردووە، ئەومیساقەش واتە گەڕانەوەی ویلایەتی موسل بۆ سەرتورکیا کە ویلایەتەکانی کێشەی سەرەکی ئەم پەیماننامەیە، کێشەی ویلایەتی موسڵ بوو. ئایا موسڵ بخرێتە سەر تورکیا، یاخود دەبێ سەربەو دەوڵەتە نوێیە بێت کە ناوی عێراقە و لەژێر ماندێتی بەریتانیایە؟ تورکیا کۆمەڵێك پاساوی گرنگی خۆی هەبوو لەڕووی دیموگرافیاوە، لەڕووی دانیشتوانەوە تورکەکان پێیان وابوو زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ بریتین لە کورد و تورك، بۆیە ئەمە پاساوێکی بەهێزە تا بخرێتە سەر دەوڵەتی تورکیا. هەروەها پاساوێکی تری ئابووریشیان هەبوو کە بریتی بوو لەوەی بازرگانی و ئابووری ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ زیاتر لەگەڵ رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدایە، واتە لەگەڵ باکووری کوردستاندایە، ئەمەش خاڵێکی تر بوو کە کاریان لەسەر ئەکرد. تورکەکان پاساوێکی تری یاساییان هەبوو ئەویش ئەوە بوو، دەیانگوت ویلایەتی موسڵ لەکاتی جەنگدا داگیرنەکراوە، بەڵکو لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، واتە ئاگربەستی مۆندۆرس (1918) لەو کاتەوە ئەو ویلایەتە خراوەتە سەر عێراق. واتە بەریتانیا هاتووە داگیری کردووە کە ئەمە پێشتر ویلایەتێکی عوسمانی بووە. لەڕووی مافی چارەی خۆنووسینیشەوە پاساوێکی تریان هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە کوردەکان هاوسۆزی ئاینیان لەگەڵ تورکەکاندا هەیە.

بۆیە عیسمەت ئنیۆنۆ هەموو ئەمانەی خستە بەردەم کریزون کە لەو کاتەدا نوێنەری دەوڵەتی بەریتانی بوو، هەموو ئەمانە پاڵپشتن بۆ ئەوەی ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر دەوڵەتی تورکیا، بەڵام لەبەرانبەر ئەوە پاش دوو مانگ کریزۆن وەڵامی ئەم پاساوانەی دایەوە سەبارەت بەدیموگرافیا ئەوەی راگەیاند زۆرینەی ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ کوردن نەك تورك، هیندوئەورپین ئەمەش لەڕووی نەژادەوە لەگەڵ تورکەکاندا بێگومان جیاوازن. لەڕووی ئابووریشەوە ئەوەی خستیبووەڕوو، ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ زیاتر لەگەڵ ناوەڕاست و باشووری عیراقدایە، واتە لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدایە کە بەریتانیا دەیەوێت. لەڕووی مافی چارەی خۆنووسینیشەوە تورکیا ئاماژەی پێکردبوو، کوردەکان ئەیانەوێت لەگەڵ تورکیادابن، ئەم ئەوەی راگەیاند کە هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە کوردەکان بەبەردەوامی لەشۆڕشدابوون بەرانبەر بەدەووڵەتی عوسمانی تا جەنگی جیهانی، ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە کەوا لە بەریتانیا دەکات دەستبەرداری ویلایەتی موسڵ نەبێت. چونکە کوردەکان بەکرداری نایانەوێت بخرێنە ژێر دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە نوێیەی کە پێی ئەوترێت تورکیا، بەڵکە ئەیانەوێت لەگەڵ عیراقدا بژین. لەڕووی یاساییشەوە پاساوێکی تری تورکەکان بوو، دەوڵەتی بەریتانی پێی وابوو دەبێ بخرێتە سەر عێراق، چونکە بەفەرمانی کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەوکاتە بەفەرمی لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا بوو، هەر کاتێکیش هەر هەنگاوێك ئەنرێت ئەبێ بەرەزامەندی کۆمەڵەی نەتەوەکان بێت، بۆیە ئەمە گرنگترین ئەو پاساوانە بوون هەریەك لە دەوڵەتی تورکیا و بەریتانیا بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی کێشەی ویلایەتی موسڵ ئەیانخستە روو، ئێمە لێرەدا ئەوە بەدی ئەکەین، ئەوەی غیابی هەیە، ئەوەی هەژماری بۆ ناکرێ بریتییە لە کورد. ئەوەی پەیوەست بێت بە کورد لەم ڕێککەوتنامەیەدا، بەشێوەیەکی گشتی ئەم رێککەوتنامەیە گەلە کۆمەکیەك بوو لە کورد کرا.

ئەنجامدانی ئەم رێکەوتننامەیە چەندین هۆکاری گرنگی لەپشتەوە بوو؟

گرنگترینیان ئەمانەبوون:

یەکەم/ پێداچوونەوە بوو بەمادە و بڕگەکانی پەیمانی سیڤەر کە لە (10ی ئابی 1920) لەنێوان وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگی جیهانی یەکەم واژۆ کرابوو.

دووەم/ پێداچوونەوە بەسنووری دەوڵەتی عوسمانی، ئەو دەوڵەتەی کە لە جەنگی یەکەمی جیهاندا شکستی خوارد و ناوچەکانی بووبوونە جێگای چاوتێبڕینی وڵاتانی سەرکەوتوو لەجەنگدا، سەرکەوتنی دەوڵەتی نوێی تورکیا کە لەسەر دەستی ئەتاتورك ئەو مانایەی وەرگرت کە لێرە بەدوا کۆماری تورکیا بەهیچ جۆرێك دەوڵەتی عوسمانی نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باشترین دەوڵەتە شوێنی دەوڵەتی عوسمانی بگرێتەوە، وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگەکان لەبەرچاو بگرێت.

سێیەم/ ئاوەڕدانەوە لەو گەل و هێزانەی کە لەپەیمانی سیڤەردا رەچاوی مافەکانیان کرابوو، بەڵام دوای ئەو پەیمانە دژایەتی بەرژەوەندی وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگیان کرد.

چوارەم/ چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی مووسڵ لەنێوان دەوڵەتی تورکیای نوێ و دەوڵەتی عێراق و حکومەتی بەریتانیا، ئەم رێکەوتننامەیە بۆ قسەکردنی چەندین هێز و لایەن بەسترا، بۆیە خۆی لەچەندین بڕگە و مادەدا بینییەوە.

ئەم پەیماننامەیە لە قازانجی کێ بوو؟

ئەم پەیماننامەیە قازانجی بۆ تورکیا تێدابوو، چونکە فەرنسا بە شێوەیەکی یاسایی و فەرمی دەستبەرداری سوریا بوو، هەروەها کێشەی نێوان تورکیا و یۆنانیش چارەسەر کرا. ئەوەی زەرەرمەند بوو تەنها کورد وئەرمەن بوو، چونکە نەیانتوانی کیانێکی سیاسی بۆ خۆیان دابمەزرێنن و ببنە خاوەن ولاتێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان. بەلام تورکیا هەر بە خەونی ویلایەتی مووسڵەوە بوو، بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی لە گەل کوردەکان بەست بە تایبەتی شێخ محمود و توانی خۆی لە کورد نزیك بکاتەوە و سوپای بۆ چیای حەمرین لەسەر سنورەکان نارد و زەمینەسازی بۆ راپەرینی کوردان کرد، لێرەدا تورکیا سوودی لەلایەنی ئاینی و هەستی ئاینی کوردەکان بینی، چونکە پێیان وابوو کە کورد و تورکی موسلمان دەتوانن دژی بەریتانیای ناموسلمان بوەستن، بەڵام ئەوەی کوردی نیگەران کردبوو دروستکردنی دەوڵەتێکی مەسیحی بوو بۆ ئەرمەنیەکان، چونکە بەشێك لە کوردەکان لەلایەنی عوسمانیەکانەوە ماڵ و مولکێکی زۆری ئەرمەنیەکانیان پێ بە خشرابوو لە کاتی جینۆسایدی ئەرمەنەکان، ئەگەر دەوڵەتێك بۆ ئەرمەن درووست ببێت، پێویستە کورد ئەو ماڵ و موڵکەی پێبداتەوە کە پێشتر بەدەستیان هێنابوو.

ئەوەی پێویستە بگووترێت، چارەنووسی گەلی کورد بەپێی پەیماننامەی لۆزان لە دەولەتی تازەی تورکیادا توایەوە، هەرچەندە شۆرشێك لەلایەن کوردەوە لەدژی ئەم پەیماننامەیە ئەنجامدرا، بەڵام لەکۆتاییدا هەر شکستیان هێنا. هەروەها هەموو ئەو دەستکەوتانەی حکومەتی تورکیا بەدەستی هێنا لەسەر خاك و رەنجی کوردانی باکووری کوردستان بوو،

کەتوانی هەموو سنوری دەولەتەکەی لە نفوزی دەولەتانی تر بپارێزێت و بناغەی حکومەتێکی بەهێز لە ئەنقەرە دابمەزرێنێ. لەهەمان کاتدا کوردیش نەیتوانی سوود لە ناکۆکی نێوان لایەنەکانی پەیماننامەکە وەربگرێت و لە قازانجی خۆی بیقۆزێتەوە، چونکە کورد خاوەنی سەرکردە و دەسەڵاتێکی یەکگرتوو نەبوون، نەیانتوانی پلان بۆ پاشەرۆژی خۆیان دابرێژن.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەوەی لۆزان هەرچەندە ئەرمەن دەولەتێکیان بۆ دامەزراو سەرۆکی ئەمریکای ئەوکات رەزامەندی بۆ دەربڕی و توکیای پابەندی سنورەکانی کرد. ئەوەی زەرەر مەندبوو لە لۆزان کوردبوو. پەیاننامەی لۆزان ناوەرۆکەکەی هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی سیڤەر بوو, بۆ نموونە لە پەیمانی لۆزاندا کورد جگە لەوەی وەکو نەتەوە ناوی نەهاتووە، ئەوا دانیشی پێدا نەنراوە، تەنانەت وەکو کەمینەیەکی بچوکیش لەتورکیا دانی پێدانەنراوە، چونکە یەکێك لەخاڵەکان ئەوەیە کە دەبێت تورکیا مافی کەمینە ناموسڵمانەکان دابین بکات، لەبەر ئەوە کورد موسڵمانە ئەو خاڵە نەی دەگرتەوە، تەنانەت خوێندنی زمانی کوردیشی بۆکورد نەسەلماندوە، زۆرجار بەزمانی قەلەباچکە ناویان بردووە وەک بەختیار عەلی لەڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی دەلێت، وەک بۆچونێک هیچ شتێکی مافە سیاسییەکان بۆ کورد دەستەبەر نەکردووە. چەند پرسێک ,کاریگەریەکانی ئەم پەیماننامەیە لەسەر کورد چی دەبێ؟ ئایا ئەوە فشاری سیاسی و ئابورییە، یا لە بەرژەوەندی تورک؟ ئایا هەلوەشانەوەی چ کاریگەریەکی لەسەر کورد دەبێ بەپێی هەرەشەکانی سەرۆک کۆماری تورک کە باس لە هەلوەشانەوەی دەکات؟ چ کاریگەریەکی لەسەر کوردومافەکانی دەبێت؟ هەرچەندە بەپێی زانیاریم هەر پەیماننامەیەک کە ئاشتەوایی نێوان گەلان دەستەبەر بکات، ئەو دەولەتانەی کە لەو پەیماننامەیە بەشداربون رێگەی پێنادەن هەلوەشێتەوە؟, بەلام رەنگبێ بەهەندێ لە بەندەکانی دا بچنەوە. وەک نمونە پارێزگای ئەسکەندەرون بەپەیماننامەیەک لەگەڵ فەرەنسیەکان لەسوریای دابڕان و خرایە سەر تورکیا و ناونرا هاتای. نمونەیەکی دیکە گەروە ئاویەکان بوو کە دەبوایە سەر بەبەرێتانیەکان بێت، ئێستا هەموو دەسەلاتێکی لەدەست تورکیایە بەپێیی پەیماننامەی مۆنشۆ. ئەم دوو بابەتە دوای چەند سالێک لەواژوو کردنی لۆزان، گۆرانی بەسەردا هاتوە. لەگەڵ ئەوەش تورک هەر ئەوەی دوبارە دەکەنەوە کە لە مۆرکردنی پەیماننامەی لۆزان، زەرەر مەند بوونە.

**وتاری کورد**




# ژیان هەوڵدانی بەردەوامە بۆ گەیشتنە ئامانج

## رزگار خدر مستەفا

بێ ئـامـانج ژیـان زۆر بێ مانایە
چەندێ ڕەنج بدەی ، ڕنجت بەبایە
خـەیـاڵـی زۆر و بـیـری بـەربڵاو
ناگاتە مەبەست ، وەک خەیاڵپڵاو

ژیان تێکۆشانی بەردەوامە ، هەوڵدانە ، جوڵەی بەردەوامە بۆ گەیشتن بە دەستکەوتێک ، کە پێیدەوترێت ئامانج ، مرۆڤی بێ ئامانج لەژیان نائومێد و سەرلێشێواوە و هەنگاوەکانی تێکەڵ دەبن و نازانێ لەژین چی دەوێت وەک ئەو کەشتییە وایە لەدەریادا نەزانێ رووبکاتە کام کەنار و کامە بەندەر و لەگێژاوی دەریادا وندەبێت ، ئامانجەکان زۆرن ، لەهەر قۆناغ وتەمەنێکدا ئامانجێکمان هەیە ولەگەڵ گەورەبوون وهەڵکشانی تەمەن زۆرتروگەورەتردەبن تا لەکۆتایی تەمەنیش نزیک بینەوە بچووک دەبێتەوە و هەندێک بێ هیوا دەبن ، هەردەستەوگروپ ورێکخراو وحیزبێک .. بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک دروستدەبن ، هیچ کاروچالاکییەک بێ ئامانج نییە ، قوتابی ئامانجی بەدەستهێنانی نمرەی بەرز ودەرچوونە لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر ، کرێکار ئامانجی کارە ، یاریزان ئامانی گۆڵکردنە ، سەڵت ئامانجی پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرییە ، دوایی منداڵ بوون وگەورەکردنیەتی ... هەرکات دەگەین بە ئامانجێک ئامانجی نوێ سەرهەڵدەدات ، هیچ کام لەمانەش بەخەون وخەیاڵ ونزا و پاڕانەوە و لەخۆڕا ناگەنە مەبەست ، بەڵکو بەدیهێنانی ئامانج کاری بە پلانی دەوێ ، هەوڵدان وسوربوون وخۆراگری وبەردەوامی دەوێت هەروەک رزگارکەروتێکۆشەری هند غاندی دەڵێ : شکۆمەندی لەهەوڵداندایە بۆ گەیشتنە ئامانج نەک گەیشتنە ئامانج ، دەبێت بەربەستەکان ببڕی وئامادەبیت بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئاڵەنکاریەکان . لەشکستەوە وانەی نوێ فێرببین بۆ کۆڵنەدان .

پرۆسەی پەروەردە وفێرکردن وفێربوون دەبێت ئامانج داربێت وپێشبینی فێربوون و تێگەیشتن وهێنانەدی کۆمەڵێک ئامانج بکات ، فێرخواز چی دەخوێنێ و بۆ دەخوێنێ وبە چ ڕێگایەک باشتر کردەی فێربوون روودەدات ، کارێکی پڕبایەخە مامۆستایان پێش ئەوەی بچنە پۆلەوە ئامانجی گشتی وئامانجە تایبەتیەکانی بەڕوونی لەپلانی خۆیدا دیاری بکات و لە ئاست توانا ولێهاتوویی قوتابیاندا بێت ، گرنگیدان وزانینی ئامانجەکان وادەکەن کە مامۆستا جەخت لەسەر یەک ئامانج نەکاتەوە چۆن خوێندکار پێویستی بەگەشەکردنی هەمەلایەنەی هزری وجەستەیی وسۆزی هەیە . بەشێوەیەکی گشتی فەلسەفەی وانەوتنەوەی جەخت لەسەر سێ ئامانج دەکاتەوە کەمەبەستێتی لە رەفتاروهەڵسوکەوتی خوێندکاردا رەنگبداتەوە ؛ ئامانجی مەعریفی کەبریتییە لە فێربوونی زانست و زمان و ئەدەب ومێژوو ... ئامانجی سۆزداری کەبریتییە لە چاندنی بەهاوڕێکخستنی رەوشت و بەرزکردنەوەی توناو جیاکردنەوە وناسینی رەفتار وگوفتاری ئەرێنی ونەرێنی ، ئامانجی سێیەم ئامانجی کارامەییە لای قوتابی.



# شەریف پاشای خەندان

شەریف پاشای خەندان، یەکەم سەرکردە و سیاسەتکاری کوردە کە بانگەشەی درووستکردنی دەوڵەتی کوردستانی کردووە و لەو پێناوەدا ساڵانێکی زۆر لە ئەوروپا تێیکۆشاوە.

سەرەتا وەک چاکسازیخوازێک لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا کاری کردووە و پشتیووانی ڕژێمی ئیتیحاد و تەرەقی کردووە.

کاتێک ڕووی ڕاستەقینەی ئەوانی بۆ دەرکەوتووە بەرانبەر کورد وازی لە بیری چاکسازی لەنێودەوڵەتی عوسمانی هێناوە و ڕاستەوخۆ بۆ درووستکردنی دەوڵەتێکی کوردی خەباتی کردووە و تێیکۆشاوە.

ئەم نووسینەی بەردەستتان، سەرەتایەکە لە ژیان و خەباتی یەکەم دیپلۆماتی کوردی سەربەخۆخوا، بێگومان بێ کەم و کوڕی و هەڵە نییە، وەک ئاماژەشم پێ داوە، سەرەتایەکە و وەک دەروازەیەکە بۆ ناسینی ئەو ئەو سیاسییەی شەیدای سەربەخۆیی کوردستان بووە و لەو پێناوەدا خەباتێکی زۆری کردووە.

شەریف پاشا کوڕی سەعید پاشای کوڕی حسێن پاشای ئەحمەد ئاغای خەندانە. باوکی شەریف پاشا کەسایەتییەکی ناودار بووە، چەندین پۆست و پایەی لە ناو دەوڵەتی عوسمانی هەبووە و دواهەمینیان سەرۆکی شوورای دەوڵەت بووە.

شەریف پاشا، ساڵی 1865 لە دایک بووە، لە سلێمانی چووەتە خوێندنگەی خواجەکان و، لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید هاوپۆل بووە و دەرسی خوێندووە. لەوێ فێری زمانەکانی تورکی عوسمانلی، عەرەبی، فارسی بووە، پاشان چووەتە ئەستەمبوڵ و فێری زمانەکانی یۆنانی، ئیتاڵی، فەرەنسی بووە.

لە دەوڵەتی عوسمانیدا پلەی فەریق وەردەگرێت و دواتر لە قوتابخانەی سەربازی (سانت-سیر) لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا، ساڵی 1889 پلەی ژەنەراڵی وەردەگرێت. ساڵی 1890 خێزان پێکەوەدەنێت، هاوسەرەکەی کچی عەباس حیلمی و ئامۆزای مەلیک فاروقی پاشای میسر بووە.

ساڵی 1898 دەنێردرێتە سوید و دەکرێتە نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی لە سوید بە پلەی (باڵوێزی فەقولعادە) ، لەوێ دەبێتە دۆستی شای سوید، هەر لە سویدیش فێری زمانی سویدی و ئینگلیزی دەبێت. لەو ماوەی لە سوید دەبێت، دوو خەڵاتی شاهانە وەردەگرێت (نیشانەی شمشێر، ئەستێرەی باکوور) .

ساڵی 1900 پەیوەندی بە کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی دەکات و ناوی نهێنی ڕێکخراوەیی (کوردە) دەبێت. هەر لە سوید، سەرەتای ناکۆکی لەنێوان ژەنەراڵ شەریف پاشا و، دەوڵەتی عوسمانی دەردەکەوێت. بەهۆی ئەوەی ژەنەراڵ شەریف پاشا، داکۆکی لە ئیتیحاد و تەرەقییەکان دەکات و پەیوەندییان لەگەڵ دەبەستێ. بەهۆی پێگەی بەرزی باوکییەوە سوڵتانی عوسمانی چاوپۆشی لەم کارەی ژەنەراڵ دەکات.

دوای گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن ئیتحادییەکانەوە، لە ساڵی 1908 ژەنەراڵ شەریف پاشا دەگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ. لە ئەستەمبوڵ بە هاوکاری چەند کەسایەتییەکی کورد (ئەمین عالی بەدرخان، شێخ عەبدولقادری شەمزینی، چەندین کەسی تر) یەکەم کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی کوردی بەناوی (کورد تەعاون و تەرەقی جەمعیەتی) دادەمەزرێنن و ڕۆژنامەیەکیش بەناوی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتە سی) بڵاودەکەنەوە، کە پیرەمێردی شاعیر، سەرنووسەری دەبێت.

دواتر بەهۆی تاکڕەوی و دیکتاتۆری ئیتیحاد و تەرەقییەکان، کۆمەڵە کوردییەکەی ژەنەراڵ شەریف پاشا و ڕۆشنبیرەکانی دیکەی کورد دادەخرێت و، ناکۆکی دەکەوێتە نێوان شەریف پاشا و ئیتیحادییەکان، بەهۆیەوە ساڵی 1909 دەچێتە پاریس. لەوێ پارتێکی نەیار دژی دەوڵەتی ئیتیحاد و تەرەقییەکان، بەناوی حیزبی ڕادیکاڵی عوسمانی دادەمەزرێنی و، گۆڤارێک بەناوی مەشرووتییەت، بڵاو دەکاتەوە.

لەو ساڵانەی لە پاریس دەژی، ژەنەراڵ شەریف پاشا، هەوڵ دەدات پەیوەندییەکی فراوان لەگەڵ سیاسەتکار و ناوەندە جیهانییەکانی ئەو سەردەمە دابمەزرێنێ و لە دۆزی کورد ئاگاداریان بکاتەوە. سەرەتا هەوڵ دەدات لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا مافەکانی کورد بەدەست بهێنێ و بۆ ئەو پرسە تێ دەکۆشێت.

لە سەرەتاکانی دەستپێکی جەنگی جیهانی یەکەم لە 1914، ژەنەراڵ شەریف پاشا، هەوڵ دەدات پەیوەندەی لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلیزی بەریتانیا ببەستێ و، لە بارودۆخ و خواستەکانی کورد ئاگاداریان بکاتەوە. نامە دەنێرێ بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و پێیان دەڵێ: کورد هاوکاری هاوپەیمانەکان دەکات، بەمەرجێ شتێک بۆ کورد دابین بکەن. ئەم نامەیە یەکەم کاری دیپلۆماسی نەتەوەیی بووە، کە جیاوازبووە لە کارەکانی پێشووی ژەنەراڵ، کە زیاتر مەیلی بەلای چاکسازی و مافی کورد، لەنێودەوڵەتی عوسمانییدا دەچوو.



پێش تەواو بوونی جەنگی جیهانی یەکەم، بەریتانیا دەیەوێت لەگەڵ کورددا وتووێژ بکا، بۆ ئەو مەبەستەش سێر بیرسی کۆکس ی نوێنەری بەریتانیا، لە شاری مارسیلیای فەرەنسی چاوی بە ژەنەراڵ شەریف پاشا دەکەوێت. ژەنەراڵ ئەمە بە هەلێک دەزانێت و درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، وەک داواکاری کوردان و پێشنیار دەیخاتە بەردەم کۆکس.

ساڵی 1918 دوای جەنگی جیهانی یەکەم، ژەنەراڵ شەریف پاشا بەهۆی خوێندنەوەی مێژووی کورد و نووسینی کوردناسەکان، لە کەسێکی پان عوسمانیزمەوە وەردەچەرخێ بەرەو کەسایەتییەکی نەتەوەیی کورد و بیری کوردایەتی دەکەوێتە مێشک. هەر لەو دەمەدا پەیوەندی دەکات بە سەرکردەکانی ئەو دەمی کورد (شێخ مەحموود، سمکۆی شکاک، سەید تەهای نەهری) و لەبارەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییەوە ڕاوێژیان لەگەڵ دەکات.

لە ساڵی 1918 دوای تەواوبوونی جەنگ، هەوڵە دیبلۆماسییەکانی خۆی چڕتر دەکاتەوە و دوو نامە دەنێرێ بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا. لە نامەکاندا ئاماژە بە ستەم و زۆری تورکەکان دەکات و دەڵێ نامانەوێ لەگەڵیاندا بژین، داوای دەوڵەتی کوردی دەکات و ڕایدەگەیەنێت کە بەهۆی بیری خێڵەکی کۆمەڵگەی کوردییەوە ئەستەمە سەرۆکێک هەڵبژێردرێت، چونکە هەر خێڵێک سەرۆک خێڵەکەی خۆی لەوانی تر پێ گەورەترە. هەر لەو نامانەدا ئاستی پێگەیشتووی شەریف پاشا دەردەکەوێت و، ئاماژە بەوە دەکات سەرۆکی ئەو وڵاتە دەبێ کەسێکی شارەزا و لێهاتووبێت، هەم لە بواری ئیداری و هەم لە بواری سیاسی و سەربازی بتوانێ ئیدارەی ئەو وڵاتە بکات و بیگەیەنێتە کەنارێکی ئارام. ئەم تایبەتمەندیانەش لە خودی ژەنەراڵدا هەبووە، هەروەها دەڵێت: بۆ ئەوەی ئەو کێشانە ڕوونەدات ئامادەیە سەرۆکایەتی ئەو دەوڵەتە بەئەستۆ بگرێت. بەڵام بەداخەوە ئەو نامانە ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە و لەلایەن بەریتانیاوە بایەخێکی پێ نەدراوە.

لە سەروبەندی بەستنی کۆنگرەی ئاشتی، ژەنەراڵ دەست دەکاتەوە بە چالاکی دیپلۆماسی و لە 6-2- 1919 لە پاریسەوە نامەیەک بۆ سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی دەنێرێت، لەبارەی داواکاری و خواستەکانی کورد. شەریف پاشا خۆی بۆ بەشداریکردن لەو کۆنفرانسە ئامادە دەکات، کە چارەنووسی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیاری دەکات. شێخ عەبدولقادری شێخ عوبەیدوڵای نەهری، لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخان، بەناوی (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) لە ئەستەمبوڵ، لە ڕێگای کۆمیسارایای ئەمریکی و ئینگلیزی و فەرەنسییەوە لە ئەستەمبوڵ، ڕایدەگەیەنن کە شەریف پاشا بۆی هەیە لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان ببێتە نوێنەری داخوازییەکانی گەلی کورد. لە هەمانکاتدا نامەشیان لەم بارەیەوە بۆ ئەنجوومەنی کۆنفرانسەکە نووسیووە.

لە هەمانکاتدا لە باشووری کوردستان، شێخ مەحموودی مەزبەتەیەکی بە خەڵک و عەشایەری کورد مۆرکرد. بەگوێرەی ئەمە، شەریف پاشا کرا بە نوێنەری کوردەکان لە (کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس) بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی میللەتی کورد. ئەم مەزبەتەیە بە قەڵەمی ڕەفیق حیلمی، لە شاری سلێمانی نووسراوە بە بەر چاوی مێجەر نوئێلەوە. کە هاوکات نامەیەکیشی لەگەڵدا بووە و بەڕەشید زەکی کابان و سەید ئەحمەد بەرزنجی، ڕەوانەی پاریس کراوە، بەڵام ئینگلیزەکان لە حەلەب ڕێگەیان لەو دوو نوێنەرە گرت و نەیانهێشت نامەکە بگاتە کۆنفرانسەکە لە پاریس!

ئەمە جگە لەوەی پێشووتریش پەیوەندی بەستووە لەگەڵ سمکۆی شکاک و شێخ مەحمود و سەید تەهای نەهری و سەرکردە چەکدارەکانی کوردەوە و ڕاوێژی پێکردوون دەربارەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. هەروەها جگە لەوان ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانی وەک (تەعاون و تەرەقی کورد، هیوا، تەشکیلاتی ئیتجتماعی، فیرقەی دیموکراتی کورد، جەمیعەی ئیستقلالی کوردستان) نامەی پشتیگری و نوێنەرایەتیان نارد بۆ شەریف پاشا، تا وەکوو نوێنەری کوردان تێبکۆشێ لەپێناو مافەکانی کورد. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی لەو دەمەدا بەشێوەیەک لە شێوەکان کوردانی چوارپارچەی کوردستان، یەکدەنگ و هاو هەڵوێست بوون لەبارەی درووستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییەوە، بۆ ئەو مەبەستەش شەریف پاشایان کردۆتە نوێنەری خۆیان! یاخود ئەگەر ئەوانیش بیری سەربەخۆیی خوازیان نەبووبێت، بەڵام ژەنەراڵ شەریف پاشایان وەک نوێنەری خۆیان دەستنیشان کردووە و، شەریف پاشاش بەناوی کوردەوە داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆ کوردەکان کردووە.

هەروەها شەریف پاشا، لە دووکاتی جیاوازدا لەگەڵ سێر بیرسی کۆکس، نوێنەری بەریتانیا لە فەرەنسا کۆدەبێتەوەو بیری دەخاتەوە کە پێویستە بەریتانیا، لە داخوازییەکانی کورد بکۆڵێتەوە!

شەریف پاشا لە 22- 3-1919 بە ناونیشانی سەرۆک وەفدی کوردان، بەشداری کۆنفرانسی ئاشتی دەکات، کە لە پاریس بەڕێوەچوو. تێیدا یاداشتنامەیەک لەبارەی داخوازییەکانی میللەتی کوردەوە پێشکەشی کۆنفرانسەکە دەکات. لە ناوەڕۆکی یاداشتنامەکەیدا وێڕای ئەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز و خاوەن مێژوو و کولتوور دەناسێنێ، ئاماژە بە شارە کوردییەکان و مێژووی کوردەکان دەکات. هاوکات لە چوارچێوەی یاداشتنامەکەیدا نەخشەیەکی کوردستانیشی لەگەڵدا بووە. ئەو نەخشەیەی کە ژەنەراڵ شەریف پاشا کێشاویەتی و پێشکەشی کۆنفرانسی ئاشتی کردووە، وەک یەکەمین نەخشەی کوردستانی گەورە دەناسرێت کە لە ئاستێکی فەرمی و نێودەوڵەتیدا بەکارهێنرابێت. لە سەرەکیترین داواکارییەکانی یاداشتنامەکەشیدا داوای دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کورد دەکات.

هەر لەو سەروبەندەدا کە جیهان گۆڕانکاری زۆری تێدا ڕوویداوە و گۆڕانکارییەکان خێرا بوون، لەنێوان مانگی حەوت و دەی ساڵی 1919 ژەنەراڵ شەریف پاشا، دوو نامە دەنێرێت بۆ بەلفۆری وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و تێیدا داوای دەوڵەتێکی کوردی دەکات. هەروەها پێشنیار دەکات کە سەرەتا ئەو دەوڵەتە بە نهێنی ئامادە بکرێت و پاشان بخرێتە بەردەم کۆنگرەی گەلان. هەر لەو نامانەدا ئەوە ڕادەگەیەنێت، کە کوردان ئەوەیان وەک سەرۆکی دەوڵەتی کوردی هەڵبژاردووە.

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، نامەیەک بۆ نوێنەری بەریتانیا لە بەغدا دەنووسێت، تێیدا ڕەزامەندی دەنووێنێت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بەسەرۆکایەتی ژەنەراڵ شەریف پاشا، بەڵام نوێنەری سامی لە بەغدا ڕەتی دەکاتەوە و دەڵێ کوردان خێڵەکین و هەستی خێڵەکییان هەیە نەک نەتەوەیی. هەر ئەوکاتیش ناکۆکی لەنێوان ژەنەراڵ شەریف پاشا و شێخ عەبدولقادری نەهری درووست دەبێت، بەوەی شێخ داوای ئۆتۆنۆمی دەکات و بروسکە دەکات بۆ کۆنگرەی ئاشتی و، ژەنەراڵیش خەون دەبینێ بە درووستکردنی دەوڵەتێکی کوردی.

پاشان بەهۆی هەوڵەکانی ژەنەراڵ شەریف پاشا و داخوازی کوردەکانەوە، لە ڕێکەوتنامەی سیڤەر لە ساڵی 1920، بەگوێرەی مادەکانی (62، 63، 64) پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی وەک مافی کورد، دیاری دەکرێت و دەوڵەتی تورکیاش بەمە ڕازی دەبێت. لە باشووری کوردستانیش شۆڕشی شێخ مەحموود، سەر هەڵدەدات و دژی ئینگلیز دەوەستێ، هاوکات نوێنەرانی شارەکانی (ئورفە، وان، بەتلیس، مەلاتیا، دەرسیم، ئامەد) باکووری کوردستان لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە ڕایدەگەیەنن نایەوێ لە تورکیا جیا ببنەوە! بەمەش خەونی دەوڵەتەکەی ژەنەراڵ شەریف پاشا لەگۆڕ دەنرێ و ڕێکەوتنامەی لۆزانیش ئەمە دەچەسپێنێت.

دوای ئەوەش ژەنەراڵ شەریف پاشا، لە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بەردەوام دەبێت و چەندین دیدار ئەنجام دەدات و چەندین نامە بۆ سەرکردە و باڵوێزخانەکان دەنێرێ. لەوانە، دووجار نامە بۆ مۆسۆلینی سەرۆکی ئیتاڵیا دەنێرێ، لە بارەی پرسی کوردەوە.

دواجار ژەنەراڵ شەریف پاشا بێ ئومێد دەبێت و واز لە کاری دیپلۆماسی دەهێنێت و لەگەڵ کەریمەی کچی و زاوا ئیتاڵییەکەی دەچێت بۆ ئیتاڵیا و لەگەڵ ئەوان دەژی. ساڵی 1951 هەر لە ماڵی کەریمەی کچی، لە شاری ناپۆلی ئیتاڵیا، لە تەمەنی 86 ساڵی مردووە و تەرمەکەیان بۆ میسر گواستۆتەوە. تا ئێستاش نازانرێ لە کوێ نێژراوە و گۆڕ غەریب ماوەتەوە، هەرچەندە وەسیەتی ئەوەبوو دوای مردنی تەرمەکەی بسووتێنن و خۆڵەمێشەکەی فڕێ بدەنە دەریاوە، چونکە خۆی بە کەسێکی بێ نیشتمانی سەربەخۆ دەزانی



# لە رۆژانی ٢٢/٢٣/٢٤/٧/٢٠٢٣

لە شاری لۆزانی وڵاتی سویسرا بەبەشداری پارت و رێکخراوە کوردستانیەکان و ژمارەیەکی زۆر لە ئەکادیمیست و یاساناس و روناکبیرو کەسایەتی، نوێنەری پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکان و ژنان.

کۆنفرانسی سەد ساڵەی لۆزان بەسترا.

لەو جێگایەی بەر لە سەد ساڵ بڕیاری ئینکارکردنی گەلی کوردو مافەکانی لە چوارچێوەی پەیماننامەی شومی لۆزان درا.

کۆنفرانس بە چڕو پڕی لێکەوتەو دەرئەنجامەکانی پەیمانی لۆزان تاوتوێ کراو لەهەموو رووەکانەوە لێکدانەوە بۆ لێکەوتە خراپەکانی کرا.

کۆنفراس پێشنیارو راسپاردەکانی بەشێوەیەکی زانستی و یاسایی گەڵاڵە کرد بە جۆرێک لەگەڵ هەلومەرجی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا بگونجێ و پۆڵێنی ئەرک و بەرپرسیارێتیەکان کرا.

کۆنفراس خەباتی گەلی کوردستان بۆ بەدیهێنانی مافە رەواکانی و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی لۆزان بە رەوا زانی.

کۆنفرانس داوا لەو وڵاتانە دەکات کە واژۆیان لەسەر پەیماننامەی لۆزان کردوە کە پشتگیری گەلی کوردستان بکەن و هاوکار بن لە چارەسەر کردنی ئەو کێشە مێژووییە و، پشتیوانی مافی رەوای گەلەکەمان بن. چیتر پشتیوانی داگیرکەرانی کوردستان نەکەن.

لەهەمان کاتدا داوا لەو دەوڵەتانە دەکەین کە بەپێی پەیماننامەی لۆزان کوردستانیان بەسەردا دابەش کرا، دەرگای چارەسەری ئاشتیانەی دۆزی گەلی کوردستان و کێشەی خۆشیان بکەنەوە.

لەکۆتاییدا کۆنفراس سوپاسی هەموو بەشداربوانی کرد و بڕیاری لەسەر پێکهێنانی کۆمسیۆنێکی کارا دا بۆ بەدواداچوون و پلانڕێژی و لەسەر کۆی پرسەکانی پەیوەست بە لۆزان و،

تەواوی پێشنیارو راسپاردەو ئەرکەکانی بەم جۆرەی خوارەوە دابەشی سێ ئاستی ناوخۆیی و ناوچەویی و نێودەوڵەتی کرد.

یەکەم:– لە ئاستی نێودەوڵەتی

١- پێویستە کۆمەڵی نێودەوڵەتی پشتیوانی داوای گەلی کوردستان بێت لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە بۆ بەدیهێنانی مافی چارەنووس.

٢- لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کۆمسیۆنێکی نێونەتەوەیی دروست بکرێت، کە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستانی تێدابێت، ئەو کۆمسیۆنە لەگەڵ دەوڵەتانی بەشداری پەیمانی لۆزان پەیوەندی دروست بکات بۆ هەلومەرجی دیالۆگ و ڕێگای ئاشتیخوازانە لەپێناو چارەسەری دۆزی کورد بەپێی جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ.

٣- کورد ببێتە ئەندامی چاودێر لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەنان. بۆ ئەم مەبەستە هەنگاوی کرداری بنرێت.

٤- هەوڵ بدرێت ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە ببن بە ئەندامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی. لە پێناو پاراستنی گەلی کوردستان لە تاوانە نێودەوڵەتیەکان.

٥- دامەزراندنی دامەزراوەیەکی نیشتمانی هاوبەشی کوردستانی بۆ چالاکی دیبلۆماسی و جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ئەم ئەنجام نامەیە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

٦- لەماوەی سەد ساڵی لۆزاندا چەندین پرۆسەی قڕکردن و کۆمەڵکوژی و تاوانی نێودەوڵەتی دەرهەق بە گەلی کوردستان ئەنجام دراوە، پێویستە وڵاتانی واژۆکەری لۆزان قەرەبووی ئەو تاوانانە بکەنەوە. دڵنییاش فەراهەم بکەن بۆ رێگەگرتن لە رووداونەوەی تاوانی نێودەوڵەتی بەرامبەر بەگەلی کوردستان. بە پشت بەستن بە یاسای قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی نێودەوڵی.

٧- رێگری کردن لە هێرشی ئاسمانی دژ بەگەلی کوردستان بەگشتی و لە رۆژئاواو هەرێمی کوردستان بەتایبەتی. بە دامەزراندنی ناوچەی دژە فڕین لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی.

یان لەگەڵیدا هێزی ئاشتی پارێزی نێودەوڵەتی لە نێوان تورکیاو رۆژئاوای کوردستان جێگیر بکرێت لە پێناو ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە.

٨- لەپێناو دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی و دەستەبەر کردنی سەقامگیریی و چارەسەرکردنی کێشەکان لە رێگەی دایەلۆگەوە داواکارین بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان و گیراوانی تری سیاسی ئازاد بکرێن.

دووەم:– لە ئاستی ناوخۆیی کوردستان

١- پاراستن و پێشخستنی بەرژەوەندیە باڵا نیشتمانیەکانی کوردستان لەسەرووی هەموو بەرژەوەندیە کەسی و سیاسیەکان.

٢- وەلانانی ناکۆکیە سیاسیە ناوخۆییەکان و کارکردن بە ئاراستەی چارەسەرکردنی ناکۆکیە ناوخۆییەکان.

٣- دەستوەرنەدان لەکاروباری ناوخۆیی بەشەکانی کوردستان و بەئەولەویەتگرتنی پاراستنی و پشتگیری لەقەوارەی هەرێمی کوردستان و خۆ بەڕێوەبەری رۆژاڤا، پێکهێنانی کۆمیتەیەکی هاوبەش لە نێوان هەرێمی کوردستان و خۆبەڕێوەبەری رۆژئاڤا بۆ هەماهەنگی هاوکاری لەبواری سیاسی و ئابوری و کەلتوری و کۆمەڵایەتی.




راپەڕاندنی ئەرکە هاوبەشەکان.

٤- بانگەواز دەکەین بۆ سازدانی کۆنفرانسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و پێکهێنانی کۆمیتەیەکی هاوبەش بۆ دانانی ستراتیژو پلانی خەبات و تێکۆشان لە ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان.

٥- مسۆگەرکردنی پاراستنی تایبەتمەندی و رێزگرتن لە پێکەوە ژیانی پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان و بەهەموو نەتەوەو ئاین و ئاینزاکان.

٦- نرخاندن و هاندانی خەباتی ئازادی ژنان هاوشانی پیاوان لە پێناو برەو دانی زیاتر بەو خەباتە نمونەییە لەناو کۆمەڵی کوردستاندا.

سێیەم:–،لەئاستی ناوچەیی و ئەو وڵاتانەی کوردستانی بەسەردا دابەش کراوە:

١- پارچەکانی کوردستان لەناو سنوری دەوڵەتی سوریاو تورکیا بە فەرمی بناسرێن لە ناو تورکیا و سوریادا بەو دیڤاکتۆیەکیەی کە خۆیان دەخوازن پەسەند بکرێن.

٢- ئەو دیڤاکتۆ خۆبەڕێوبەری کوردستان لە ناو ناوەندە نێودەوڵەتیەکان و بەتایبەتی نەتەوە یەگگرتوەکان دانی پێدا بنرێت و بەفەرمی بناسرێت.

٣- بۆ گەیشتن بە هەموو ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان پێویستە بەهەموو شێوەیەک یەکێتی و یەک دەنگی لە ئاستی باڵادا پێک بهێنرێت، شکاندنی سەردەمی پەیمانی لۆزان بەتەنیا بە رێکەوتنی ناوخۆیی دەسەلمێنرێت و دەچەسپێت.

٤- داخوازیەکی جدی لە دەوڵەتی تورکیا دەکرێت بە بەڵێنەی لە پەیمانی لۆزاندا بە کەمیایەتیەکانی نا موسڵمان دراوە بێ جیاوازی و هەڵاوێردەکردن جێبەجێ بکرێت.

٥- ئێزیدی و یارسانەکان کە لەناو کاتاگۆری نا موسڵماندان ناساندنی فەرمیان پەسەند بکرێت، بە جۆرێک ئەو مافەی بۆ رۆم و ئەرمەنی و سریانی وکلدانی قبوڵ کراوە بۆ کوردانی ئێزیدی و یارسانەکان پەسەند بکرێت.

٦- پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەزموونی رۆژئاوای کوردستان هەریەک نوسینگەیەکی تایبەت بە پەیمانی لۆزان و لێکەوتەکانی و ئەرکەکان بەرابەری بکرێتەوە.

٧- ئۆرگانێکی راوێژکاری و رێنیشاندەر لە نێوان بەشەکانی کوردستان دروست بکرێت.

لە پێناو هۆشیاروی بەرچاو روونی و پلاندانانی هاوبەش.

٨- دواکارین لە هەردوو دەسەڵادارانی هەرێمی کوردستانی عیراق و رۆژئاوای کوردستان دەکەین، هەموو گرفتەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن و لە بەرامبەردا هەموو تێکەڵاویەکی سیاسی و کەلتوری و ئابوری کۆمەڵاتی لەنێوان خۆدا پیادە بکەن. بە پشت بەستن بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان لە فەرمی ناسینی کانتۆنەلانی رۆژئاوای کوردستان.

٩- لەپێناو دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی و دەستەبەر کردنی سەقامگیریی و چارەسەرکردنی کێشەکان لە رێگەی دایەلۆگەوە داواکارین بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان و گیراوانی تری سیاسی لە تورکیا ئازاد بکرێن.

١٠- بە پێی مادەی ١٤٠ ی دەستوری هەمیشەیی عیراق چارەسەری کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بکرێت و رەچاوی تایبەتمەندی ناوچە تەعریبکراوەکان بکرێت.

سەرکەوتوو دەبێت ئیرادەی گەلی کوردستان

نەمری بۆ شەهیدانی رێگای ئازادی خەڵکی کوردستان.

# کورد لە لۆزان سڕایەوە

دوای تێک شکانی ئیمپراتۆری عوسمانی ، لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە ١٩١٤-١٩١٨ ، دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا ، بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال ئەتاتورک* .

لە ٢٤ / ٧ / ١٩٢٣کۆنگرەی لۆزان ، لە نێوان ( بەریتانیا ، فەرەنسا ، ئیتالیا ،ژاپۆن ، یۆنان ، رۆمانیا ، سربیا و کرواتیا ، سلۆنیا ، تورکیا ) و ( کۆماری تورکیا ) ، لە کۆشکی (روومین )ی شاری لۆزان ی سویسرا سازکرا .

مستەفا کەمال بە هەموو توانایەوە ، دژایەتی پەیمان نامەی سیڤەر**ی کرد ، روسەکان پشتیوانی مستەفا کەمال یان کرد ، بەریتانیا پلانی خۆی هەبوو ، دەیویست بەشی باکووری کوردستان لە تورکیا جیا بکاتەوە ، ولایەتی موسڵ بخاتە سەر ئەو دەوڵەتە کوردییەی لەژێر کۆنترۆڵ وسەرپەرشتی خۆی دا بێ .

بەڵام لە ناو هاوکێشەکان دا بۆی دەرکەوت، پلانەکانی سەرکەوتونابێ ، لە گەڵ فەرەنسا ، سیناریۆکانی مستەفا کەمال یان جێ بەجێ کرد ، پشتیان لە کورد کرد وخستیانە پەراوێزەوە ، بۆئەوەی ولایەتی موسڵ بلکێنن بە عێراقەوە .

ئیتالیاو فەرەنسا بەشداری پەیمانی سیڤەریان کردبوو ،بۆ چەند مافێکیکی دیاری کراو ، لە گەڵ مستەفا کەمال رێکەوتن .

سەرۆک وەزیرانی یۆنان ، لاپەڕەیەکی نوێ ی، لە گەڵ کۆماری تورکیا هەڵدایەوە و پەیڕەوی سیاسەتی ئاشتی کرد .

ئەرمەنییەکان سڵیان لە سیڤەرە و دروست کردنی دەوڵەتی کورد دەکردوە ، سیڤەریان بە دژایەتی ئەو بەڵینانە دەزانی پێ یان درابوو ، دژی سیڤەرووەستانەوە : مستەفا کەمال کۆنترۆڵی عەقڵی سەرکردە لاوەزاکانی کوردی کردبوو ، بە پلان و بەرنامە و نەخشەیەکی چڕ وپڕ ، لە سیناریۆیەکدا ، وەفدێکی بە سەرۆکایەتی (عیسمەت ئینۆ نۆ ) و دوو کورد ( عارف محەمەد برنجی زادە) و (زولفی بەگزادە )وەک نوێنەری کورد ، نارد بۆ کۆنگرەی لۆزان ،هەردوو نوێنەرەکەی کورد ، لە ناو کۆنگرەدا وتیان :

-ئێمە پەیمان نامەی سیڤەرمان ناوێت ، پەیمان نامەی لۆزانمان قبوڵە .

حەسەن خەیری لە پەرلەمانی ئەنقەرە بە جلی کوردییەوە، ، بە بەردەوامی بە بێ تەل ،بروسکەی بۆ کۆنگرەی لۆزانی دەکرد:

-ئێمە بەندەکانی سیڤەرمان ناوێت ، پەیمان نامەی لۆزانمان دەوێت ،سوڵتان واحیدالدین -مان ناوێت ، مستەفا کەمال -مان دەوێت ، خەلافەتی عوسمانیمان ناوێت ، دەوڵەتی تورکیامان دەوێت ، شەریعەتمان ناوێت ، دەستوورێکی عیلمانی مان دەوێت .

لە پەیمان نامەی لۆزان دا ،ئەم مادانە مۆر کرا :

*لە مادەی( سی وحەوت) دا ،حکومەتی تورکیا، مافی دەرکردنی هەر بڕیارێکی هەبێت ، لە گەڵ بڕیارو بەرژەوەند ییەکانی دا نەگونجێ .

*لە مادەی (سی و هەشت )دا ،حکومەتی تورکیا ،بەڵێن بە دانیشتوانی تورکیا دەدات ، بەرگری لە (ماف وموڵک و سامان و ئازادی ) ژیانی هاوڵاتیانی تورکیا ، بە بێ جیاوازی (رەگەز و زمان و ئاین ) بکات

*لە مادەی (سی ونۆ) دا .حکومەتی تورکیا ، نابێت رێگری لە هیچ کەس بکات ، مل کەچی سەروەری تورکیا بێت ، هاوڵاتیانی تورکیا دەتوانێت بەشداری هەموو چالاکیەکی ( سیاسیی وبازرگانی و رۆژنامەوانی و چاپەمەنی) بکەن

مستەفا کەمال ئەتاتورک و زلهێزەکانی دنیا ونوێنەرانی کورد لە ناو سیناریۆی لۆزان دا ، پەیمان نامەی سیڤەریان هەڵوەشاندوە ، باسی کورد یان ، لە سەر نەخشەی نیشتمانەکەی دا نەکرد ، کورد و نیشتمانەکەیان لە کۆنگرەی لۆزان بە جۆرێک سڕییەوە ، کوردیان وەک کەمینەیەکی بچوکیش لە تورکیا دانەنا .

ئەنجام

* لە ١٩٢٣مستەفا کەمال ئەتاتورک لەسیناریۆی لۆزان دا ، بەهاوکاری دەوڵەتە زلهیزەکانی دنیاو سەرکردە دەستەمۆو لاوازەکانی کورد، بەندەکانی ( ٦٢ ، ٦٣، ٦٤ )ی مافی چارەنووسی کورد و پەیمان نامەی سیڤەر ، لە کۆنگرەی لۆزان سڕییەوە.

* لە ٢٤ / ٧ / ١٩٢٣ تا ٢٤ / ٧ / ٢٠٢٣ ، ١٠٠ساڵ بەسەر لۆزان دا تێ دەپەڕێ ، کورد بە بەردەوامی لە (باکوور و رۆژئاوا و باشوور و رۆژهەڵات )ی کوردستان ، لەلایەن دەوڵەتی( تورکیاو سوریاو عێراق و ئیران ) جینۆساید دەکرێت .

ئێستا لە ٢٠٢٣، زلهیزەکانی دنیا و ئۆردگان و هەندێک لە سەرکردە لاوازو دەستەمۆکانی کورد ، سەردانی ئارامگای مستەفا کەمال ئەتاتورک دەکەن ، دژایەتی سەرکەوتن و چالاکی پارتیزانەکانی( باکوورو رۆژئاوا ) ی کوردستان دەکەن ، بە شانازییەوە سەردانی ئۆردگان دەکەن وپیرۆزبای پلان و نەخشەی ستراتیژیی جینۆسایدی کورد لە ( باکورو رۆژئاواو باشوورورۆژهەڵات )ی کوردستانی لێ دەکەن .

عەبدوڵلا کەریم مەحمود

سەرچاوە و پەراوێز:

١-پەیمانی لۆزان - ویکیپیدیا ئینسکلۆپیدیا، ئینا یکلۆپیدیا

٢-وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە :سەلام ناوخۆش . خویندنەوەی :مەسعود عەبدولخالق ، بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر و خوێندنەوەیەکی تر ، چاپی سییەم ،جاپخانەی منارە – هەولێر .ل٥٨-٥٩.







٣-ئاشتی گەرمیانی .ئەگەر چی ١٠٠ساڵ بەسەر پەیمان نامەی لۆزان تێ دەپەڕی ودەپرسین ئایا لۆزان باسی کوردی کردووە ؟ REWEND.org

*مستەفا کەمال ئەتاتورک لە سیناریۆی یەکەمی دا ، بە تەواوی سیڤەروکورد و ئەستەمبول ی کوژانەوە، لە سیناریۆی دووەم دا ، سەرکردە کانی کورد(حەسەن خەیری و برنجی زادەو زولفی بەکزاد )ی دەسگیر کرد ، بە تۆمەتی (جوداخوازی ) و لە بەرکردنی جلی کوردی ، پێشێل کردنی یاسا،رووبەرووی دادگای کردنەوە ،(سائب پاشا)سەرۆکی دادگا ،بە بڕیاری دادگا ، هەرسێکیان گولە باران کران هەرسێکیان پێش گولە بارانەکە وتیان :

-ئێمە هەڵەی گەورەمان کرد ،رۆڵمان هەبوو لە تێک شکانی کورد، لەسەر رێگای دیاربەکر بە خاکمان بسپێرن ، لە سەر کێلی گۆڕەکەمان بنووسن گەر هەرکوردێ بەلامان دا تێپەڕی ، بەردێکمان تێ بگرێ لە بەر ئەوەی ئێمە خیانەتمان بە کوردو کردووە . وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە :سەلام ناوخۆش . خویندنەوەی :مەسعود عەبدولخالق ، بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر و خوێندنەوەیەکی تر ، چاپی سییەم ،جاپخانەی منارە -هەولێر .ل٥٨-٥٩.

** دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان ، لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠پەیمان نامەی سیڤەر ،پەیمانی ئاشتی بوو ،لە نێوان دەوڵەتانی زلهێز ی براوەی جەنگ (فەرەنساو بەریتانیاو ئیتالیاو ژاپۆن و هاوپەیمانان و دەوڵەتی عوسمانی لە شاری سیڤەری فەرەنسا مۆر کرا ، بەندی ( ٦٢ ، ٦٣ ، ٦٤ )ئاماژە بۆ مافی چارەنوسی کورد لە نیشتمانەکەیدا دەکرد ، پلان و نەخشەی ستراتیجی بەریتانیا بە جۆرێک بوو ،،باکووری کوردستان لە تورکیا جیا بکاتەوەو ولایەتی موسل بخاتە، سەر ئەو دەوڵەتە کوردەی کەنیازی بوو ،لەژێر کۆنترۆڵ وسەرپەرشتی خۆی دا دروستی بکات

# لۆزانی ٢٠٢٣

لە سەعات 11-ی 11 / 11 / 1918 جەنگی جیهانی یەکەم وەستا ، وڵاتانی هاوپەیمان بڕیاریان دا لەسەر بنەمای نەتەوە ، وڵاتی سەربەخۆ ، بۆ هەموو گەلانی دنیا ،لە نیشتمانەکەیان دا دروست بکەن .

لە ڕێکەوتن نامەی سایکس بیکۆی 1916و کۆنگرەی ئاشتی 1919و کۆنگرەی سان ڕیمۆ لە 19-ی مایسی 1920وکۆنگرەی سیڤەر لە 10/ 8/ 1920 بە 3 مادە ی (62- 63-64).گرنگی بە کوردونیشتمانەکەی درابوو، بۆ ئەوەی مافی چارەی خۆ نوسینی پێ بدرێت .

دوای ئەو هەموو ڕێکەوتن و کۆنگرانە ،کوردستان بەسەر یەکێتی سۆڤیەت وسوریاو تورکیا دا دابەش کرا .

لە 24 / 7 / 1923 لە کۆنگرەی لۆزان ، لە شاری لۆزان ی سویسرا لە نێوان (بەریتانیاوفەرەنساوئیتالیاوژاپۆن ویۆنان ورۆمانیا وسڕبیا وکرواتیا وسلۆنیاوتورکیا) بۆ ناسینی دەوڵەتی نوێی تورکیا ، بۆ پیا چونەوە بە پەیمانی سیڤەر سازکرا.

لاوازی ودەستەمۆی سەرکردەکانی کورد و بەرژەوەندی زهێزەکانی دنیا ، هە ر هەمووی لە بەرژەوەندی سیناریۆکەی مستەفا کەمال ئەتاتورک ودەوڵەتی تورکیای نوێ دا بوو.

بەریتانیاو فەرەنسا ، ڕۆڵی پێشەنگ و سەرەکی یان لە ونمایشەدا گێڕا ، بۆ سەرکەوتنی یاری و سیناریۆکەی کەمال ئەتاتورک ، پەیمان نامەی لۆزان یان ئیمزا کرد.

لە ناو هۆڵەی لۆزان ، ناوی کوردو نیشتیمانەکەیان سڕییەوە ،

لە لۆزانەوە تا ئێستا ، ١٠٠ساڵە کورد ، بە سیناریۆی زلهێزەکانی دنیا .لە نیشتمانەکەی دا جینۆساید دەکرێت .

لە لۆزانەوە ،ئەوە ١٠٠ساڵە ، زۆرلە سەرکردەکانی کورد ، خەریکی خۆخۆری و یەکتریی سڕینەوەو و شەڕی کورد بە دەستی کورد کوشتدانن .

سەرکردە کانی کورد بۆ دژایەتی ولە ناوبردنی یەکتریی ، بوون بە مەقاشی داگیر کەران ، پێش سوپای داگیرکەرانی نیشتمان کەوتوون و شانازیان بە خیانەت وجاشایەتیەوە کردووە ، هەمووشۆڕشەکانی کورد یان تێک شکاندوە .

دوای ڕاپەڕین و نەمانی دەسەڵاتی سەدام وبەعس ،سەرکردە سیاسییەکانی کورد ، بە هەموو توانایانەوە ، ژیانی ئەو تاوان بارو جا ش و خائین و جاسوسانەیان پاراست . کۆمەڵکوژی کوردیان کردووە.

سەرکردەکان کەسێتیەکی دوو فاقن ، لە سەر شانۆی نیشتمان ، دوو ڕۆڵ و دوونمایش و دوو یاری دەکەن ، لە لایەکەوە سەرکردەی نەتەوەیەکەیان بوون و لە لایەکی ترەوە ئەو تاوانبارانەیان لەم شارو بۆ ئەو شارو ، لە م گوند بۆ ئەو گوند دەشاردەوە ، بۆ ئەوەی نەکەونە دەستی جەماوەر و دادگای گەل نەکرێن !

ئایا ئەم کردووەهەڵویستەی سەرکردەکانی کورد ، جیاوازیان لە گەڵ هەڵویستەکەی حەسەن خەیری دا چی یە ؟

حەسەن خەیری وەک سەرکردە و نوێنەری کورد ، بەجلی کوردییەوە ، لە پەرلەمانی دیاربەکرەوە ،بە تەلەگراف ، بروسکەی بۆ کۆنگرە ی لۆزان دەکرد :

-ئێمە سیڤەرمان ناوێت ، پەیمان نامەی لۆزانمان دەوێت ، مستەفا کەمال و کۆماری تورکیامان دەوێت .


زۆر لەم سەرکردانەی ئێستاش دەڵین :

-ئێمە پارتیزانەکانی باکورو ڕۆژئاوامان ناوێت ، ئۆجەلانەکان و مەزلوم کۆبانییەکانمان ناوێت .. ئۆردگان و ئۆردگانەکان و ئەتاتورکەکانمان دەوێت .

مێژوونووس و نوسەرو ڕۆژنامەنوسە ماستاوچی و پەرپوت و دەربارەکان ، زۆر لە ڕووداوە مێژوەکانی کوردیان ، بۆ مەبەستێکی تایبەتی ، بە چەواشەیی تۆمار کردووە .

ئەو زنجیرە خیانەت و هەڵە مێژوویانەی سەرکردەکان و کۆ مەڵگەی کوردی یان ، وەک خۆی تۆمار نەکردوە ، بەوەسف و مەدح ئەو سەرکردانەیان گەیاندوەتە لوتکەی هەڵویستی نیشتمانی .

بەو تۆمارە وکارە چەواشەکارانەیان ، مێژووی کوردو ڕۆحی بەرگری میللی کوردیان زیاتر تێک شکاند ، نیشتمانەکەیان خاپوور تر کردووە .





زۆر لە سەرکردە کوردە کانی کورد، ئەوەندە خاکەکەیان خۆش ویستووە ، کام داگیر کەر ،دەسەڵاتی سێبەرو نۆکەرایەتی و جاشایەتی زیاتری پێ دابن ، خاکیان بەو انە هەراج کردووە .

ئەوە مێژووی کورد ، لە ١٩٢٣ لە لۆزانی کەمال ئەتاتورکەوە بۆ ٢٠٢٣ی بۆ لۆزانی ئۆردگان ، هەرهەموو ڕووداوەکان هەر نەهامەتی و کۆمەڵ کوژی و خۆخۆری و تراژیدیای پڕلە زنجیرە هەڵەو خیانەتە .

لۆزانی ١٩٢٣ و مستەفا کەمال ئەتاتورکەکان ، کۆتایی نەهاتووە و زیندون وماوەو تەواو نابێ .

ئەم ئەزمونەی ئیستا لۆزانی ٢٠٢٣ ، ڕەجەب تەیب ئۆردگان ، هەمان سیناریۆ کەمال ئەتاتورکە ، بە سیناریۆی حەسەن خەیرییەکان نمایش دەکرێت .

ئەو لۆزانەی ئێستا ،ۆژانە لە نیشتمان دەیبینن ، لە تراژیدیاکەی کەمال ئەتاتو رک سامناک ترە .

ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ، بە هۆی حەسەن خەیرییەکانی ئێستاو زلهیزەکانی دنیا وە.

ئێستاو ئایندەی کورد لە (باکوورو ڕۆژئاواو باشوورو ڕۆژهەڵات)ی کوردستان ،تاریک ترو ونتر دەکەن .

**عەبدوڵڵا کەریم مەحمود**

# مامە یارەی تۆپچی




لۆزا مامە یارە یەکێك بوە لە پیاوە ئازا و لێهاتوەکانی شاری سلێمانی و مێژووی تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە، بەگوێرەی هەندێك سەرچاوە لە نێوان سالآنی 1804 بۆ 1896دا ژیاوە، لاوێکی بەتوانا و دلێر و بەغیرەت بوە، هەربۆیە بوەتە جێی سەرنجی میرەکانی بابان و بەهۆی تواناکانییەوە، لە ناو لەشکری باباندا کراوەتە تۆپچی و بەشداریی لە چەندین شەڕ و جەنگدا کردوە کە لەو سەردەمەدا کراون، کەسێکی هۆشیار و نیشتمانپەروەر بوە و زۆر دژی داگیرکارانی عوسمانی و سەفەوی بوە، دانیشتووی گەڕەکی مەڵکەندی بوە.

مامە یارە کە ساڵەهای ساڵە لە شاری سلێمانی گردێکی گەورەی بەناوەوە ناو نراوە، ناوی تەواوی (یار ئەحمەد کوڕی خدر بەگی عومەر ئاغا)یە و خەڵکی گوندی (هۆنەرێنە)ی سەر بە ناحیەی بەرزنجەیە. مامە یارە کەسایەتییەکی ناسراوی سەردەمی میرنشینی بابان بوە، لە هەمان کاتدا سوارچاکێکی بە توانا و نیشانەشکێنێکی کارامە و ئەفسەرێکی تۆپچیی لەشکری بابانەکان بوە لە سەردەمی (ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشا)دا، دوای رێکەوتننامەی ئەرزڕۆم لە نێوان سەفەوی و عوسمانییەکاندا لە ساڵی 1847، هەردوو دەوڵەت رێککەوتون بۆ لەناوبردنی میرنشینە کوردییەکان، بۆیە سوپای عوسمانی هێرشی کردوەتە سەر میرنشینی بابان لە نێوان سالآنی (1849- 1850)دا بەهۆی زۆریی ژمارەی سوپای عوسمانی لەشکری بابان شکاوە و هەڵاتوون، بەڵام مامە یارە کە ئەو کاتە بەرپرسی کۆشکی میری بابان بوە، بە تەنها لەبارەگای سەرەکیی (ئەحمەد پاشا)ی میری بابان ماوەتەوە و هەڵنەهاتوە، بەڵکو زۆر ئازایانە بەرەنگاری سوپای تورك بوەتەوە و ئامادە نەبوە پشت بکاتە سوپای بێگانە.

کاتێك سوپای عوسمانییەکان بەرەو سلێمانی و بارەگای میری بابان چوون بۆ تالآنکردن و وێرانکردنی شارەکە و دامەزراوەکان، مامە یارە زۆر ئازایانە بە تۆپ بۆردومانی سوپای عوسمانی دەکات و بەرەنگاریان دەبێتەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر رێگە نادات سوپای عوسمانی دەستیان بگات بە بارەگای سەرەکی، بەڵام کاتێك سوپای عوسمانی دەزانن بە تەنهایە، لەهەر چوار لاوە هێرش دەبەن بۆ سەر مامە یارە و دوای بەرگرییەکی زۆر و گەیاندنی زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی بە عوسمانییەکان، بەهۆی ئەوەی هیچ کەسێکی لەگەڵدا نابێت و بریندار دەکرێت و تۆپەکەی لەکار دەکەوێت، سەرئەنجام دەستگیری دەکەن و بە قۆڵبەستکراوی دەیبەن بۆ لای (نەجیب پاشا)ی سەرلەشکری سوپا و والیی عوسمانی، هەرچەندە ئەفسەر و سەربازەکانی سوپای عوسمانی داوا دەکەن سزای مەرگ بەسەر مامە یارەدا بسەپێنرێت، بەڵام نەجیب پاشا مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵ دەکات و لێی دەپرسێ بۆچی بەرگریی کردوە و خۆی نەداوە بەدەستەوە لە کاتێکدا لەشکری بابان شکاوە و هەڵهاتون، مامە یارەش زۆر چاونەترسانە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: ئەو بەرگریی لە خاك و نیشتمان کردوە و وا گۆش کراوە کە خۆی نەدات بەدەست سوپای بێگانەوە، بە تەنهاش نەبوە بەڵکو شاخی گۆیژەو گردی گوڵان لە پشتی بوون، بۆیە هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوە هەتا دواسات بجەنگێ و ئەگەر کەرەستەی جەنگیی لەبەردەستدا بوایە ئەوا بەردەوام دەبوو لە بەرگریکردن، بەهۆی ئەو ئازایەتی و قارەمانێتییەیەوە والیی عوسمانی لە جیاتی سزادان، خەڵاتی مامە یارە دەکات و گوندی (کانی دڕکە)ی وەکو دیاری پێدەبەخشێت، بەڵام پێی دەڵێ: پێویستە سەرەتا رەوانەی ئیستانبوڵ بکرێت بۆ چارەسەرکردن.

دوای ئەوەی مامە یارە رەوانەی ئیستانبوڵ دەکرێت و لە نەخۆشخانە چارەسەر دەکرێت، دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی رێگەی پێنادات، بۆیە بە ناچاری بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە تورکیا دەمێنێتەوە و بەردەوامیش لەلایەن بەرپرسە ئەمنییەکانەوە چاودێریی کراوە، دوای ئەوەی مامە یارە دەچێتە تەمەنەوە و عوسمانییەکان دڵنیا دەبن لە کۆتاییهاتنی فەرمانڕەوایی بابانەکان و دەزانن مامە یارە تواناى نەماوە، بۆیە رێگەی پێدەدەن بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، دوای گەڕانەوەشی هەر دڵسۆزی گەل و نەتەوەکەی بوە و لە شاری سلێمانی نیشتەجێ بوە، بەڵام زۆر نیگەران بوە لەوەی عوسمانییەکان دەستیان بەسەر سلێمانیدا گرتوە، بەهۆی ئەوەش کە هیچ منداڵێکی نەبوە، لەگەڕەکی گوێژەی شاری سلێمانی لە بینایەکی دوو نهۆمیدا ژیاوە، خۆی لە نهۆمی سەرەوە دانیشتوە و نهۆمی یەکەمیشی کردوە بە ژێرخان و وڵاخی تێدا بەخێو کردوە و تا کۆتایی تەمەنی سەرقاڵی کاری پەروەردەکردن و ئەسپسواری بوە، لەسەر داوای خۆیشی هەموو موڵك و ماڵەکەی بەخشیوە بە برازایەکی بە ناوی (ئەحمەد ئاغای سلێمان).

هەر بەو هۆیەشەوە بوەتە یەکێك لە کەسە ناسراوەکانی سوپای بابان و پیاوێکی ئاییینپەروەر و لەخوا ترس بووە، چەخماخسازێکی دەست رەنگینیش بووە و لەو رێگەیەوە بژێویی پەیدا کردوە، بەپێی هەندێك سەرچاوە مامە یارە لە تافی لاوێتیدا هەموو بەیانییەك کە چوە بۆ راوکردن، لە گردی گوڵان فیشەکێکی تەقاندوە وەکو ئاماژەیەك بۆ دەرچوونی لە شار، ئێوارانیش کە گەڕاوەتەوە بە هەمان شێوە کاتێك گەیشوەتە گردی گوڵان فیشەکێکی تری تەقاندوە، چونکە ئەو گردەی زۆر خۆشویستوە و لەو شوێنەوە بەسەر شاری سلێمانیدا روانیویەتی، بۆیە پێش کۆچی دواییشی وەسیەتی کردبوو لەگردی (گوڵان) لە بەشی سەرەوەی گردی سەیوان بنێژرێت و ئەو شوێنە ببێتە دوا هەواری، بۆچونێکی تریش هەیە کەمامە یارە دڵشکاو بووە کەهاوڕێکانی و سوپای بابان بەتەنها جێیان هێشتووە بۆیە وەسێتی کردووە لەگردی سەیوان لای ئەو هەڵهاتووانە نەنێژرێت چونکە ئەو تەنها بووە بەتەنها لەگردی گوڵان بینێژن دور لەوان

کۆچی دواییشی کەسوکار و هاوڕێکانی وەسیەتەکەیان جێبەجێ کرد و لەگردی گوڵان لە رێوڕەسمێکی شکۆداردا ئەسپەردەی خاك کرا، خەڵکی سلێمانیش بەهۆی خۆشەویستییان بۆ مامە یارە و دڵسۆزییەکەی بۆ خاك و نیشتمان، لە سەرەتای سەدەی بیستدا ناوەکەیان گۆڕی بۆ گردی مامە یارە، لە سەردەمی پیرەمێردی شاعیریشدا، کە لە نزیکەوە مامە یارەی بینیوە و سەرسام بوە پێی، گردی مامە یارە بوە شوێنی یادی ئاهەنگی نەورۆز و لەوێ مەراسیمەکان بەرێوەدەچوون، ئێستاش بوەتە نەریت و ساڵانە لە یادی جەژنی نەورۆزدا بەشێکی زۆر لە خەڵکی سلێمانی لە گردی مامە یارە ئاگر دەکەنەوە و ئاهەنگ دەگێڕن و چەندین چالاکیی جۆراوجۆر بەرێوەدەچن .

دارشتن. و بەدوادا چوون ; ئامانج مەسرەف

سەرچاوە

تۆفیق وەهبی بەگ

پیرەمێرد

پەیجی پارێزگای سلێمانی

نوسەر : سەرکەوت عەلی حاجی حەبیب بەقاڵ

یادنامەYADNAME

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبیەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردیەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز)لە هۆڵەندا بەهاوکاری بەختیار شارەزووری و ڕەئوف ئالانی سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703